# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٣٤)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٦/٢
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە





03 "کاتێ بارزانی بەدەنگ هاتبێ گۆڕان بێدەنگ بووە"

## ژمارەیەك ئەندام بۆ كۆنگرەی یەكێتی زیاد دەكرێن

# سێ یەكی ئەندامانی كۆنگرە دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات

**تایبەت بە دەستوور**

ململانێیەکی توند لەنێوان ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتیدا هەیە، سێ لەسەر یەکی ئەندامانی کۆنگرە دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت بگەنە دەسەڵات، بەپێی زانیارییەکانی دەستووریش ژمارەیەک ئەندامی تر بۆ کۆنگرە زیاد دەکرێن، هەرچەندە زۆری ئەندامانی کۆنگرە ترسو گومانی دروستکردووە.

بەپێی ئەو زانیاریيانەی دەستوور لەچەند سەرچاوەیەکەوە کۆیکردووەتەوە، تائێستا لەکۆی ١٦٠٠ ئەندام، ٢٤٤ کەسیان بۆ سەرکردایەتیو ٣٥٤ کەسیشیان خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، لەکاتێکدا تەنها ٤٥ کەس بۆ سەرکردایەتیو ٩٥کەس بۆ ئەنجومەنی ناوەندی هەڵدەبژێرێت.

بەپێی چەند زانیارییەک کەدەستوور لەسەرچاوەیەکی نێو کۆنگرەوە دەستیکەوتووە، رۆژێک پێش دەستپێکردنی کۆنگرە گروپێکی فشار، لەلایەن نزیکەی ٣٠ گەنجو ئەوانەی خۆیان بەنوخبە دەزانن پێکهاتووە، تا فشار بخەنە سەر ئەو کەسانەی کەئەندامی کۆنگرە نینو هەوڵی ئەوەدەدەن بەشداری لەدەنگداندا بکەن.

بەپێی ئەو ناوانەی کە لەژمارەی دوێنێی کوردستانی نوێ کەزمانحاڵی یەکێتییە، بڵاوکراوەتەوە، هەریەکە لەقوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لەئەمریکا خۆی بۆ ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی پاڵاوتووە، بەپێچەوانەوە شاڵاوی کۆسرەت رەسوڵ خۆی بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتووە. هەریەکە لە د. فواد مەعسومو شانازی ئیبراهیم ئەحمەد خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، نەک سەرکردایەتی، بەڵام تەواوی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش خۆیان بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتووە.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفاو چونەدەرەوەی باڵی ریفۆرم، ئێستا زیاتر حیزبەکە بە دوو باڵ ناسێنراوە، باڵی کۆسرەت رەسوڵو خەتی گشتی.

**راپۆرتێکی ورد لەبارەی کۆنگرەوە لەلاپەڕەی ٤و ٥دا بخوێنەرەوە..**

## وێستگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥/٦/١ - ٢٠١٠/٦/١

**یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

لە ١٩٧٥/٦/١ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دروستبووە.
لە ١٩٧٦/٦/١ دەستیکردووە بە خەباتی چەکداری.



تاڵەبانی کە دامەزرێنەرو سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو تاکە کاندیدی ئەو پۆستەیە.

**کۆنگرەی یەک:**

٧٢٠ کەس ئەندامی کۆنگرە بوون.
لەکۆی ٧٠ کەس کەخۆیان پاڵاوتبوو.
٢١ کەس بۆ سەرکردایەتی دەرچوون.
١٠ کەسیان ئەندامی یەدەگ بوون.
٧ کەس بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

**کۆنگرەی دووەم:**

١٢٤٧ کەس ئەندامی کۆنگرە بوون.
٣٧ ئەندام بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران کە ١٠ کەسیان ئەندامی یەدەگ بوون.
١٦ کەس بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران کە پێنجیان ئەندامی یەدەگ بوون.

**کۆنگرەی سێیەم:**

١٦٠٠ کەس ئەندامی کۆنگرەن.
٥٩٨ کەس بۆ ئەنجومەنی ناوەندو سەرکردایەتی خۆیان دەپاڵێون.
٤٥ کەس بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.
٩٥یش بۆ ئەنجومەنی ناوەند.

**پلینیۆم:**

پلینیۆمی یەکەم: ساڵی ١٩٩٠ لەقاسمەڕەش.
پلینیۆمی دووەم: ساڵی ١٩٩٥ لەهەولێر.
پلینیۆمی سێیەم: ساڵی ٢٠٠٧ لەقەڵاچوالان.
پلینیۆمی چوارەم: ساڵی ٢٠٠٩ لەسلێمانی.


ریکلام









# "کاتێ بارزانی بەدەنگ هاتبێ گۆڕان بێدەنگ بووە"

## د. کەمال میراودەلی بۆ دەستوور

تایبەت بەدەستوور

دکتۆر کەمال میراودەلی کەسایەتی سیاسیو رووناکبیری دیارو ناوداری کورد رەخنە لەڕۆڵی بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێت کەڕەخنەکانیان تەنها ئاراستەی یەکێتی دەکەن، دەڵێت مەسعود بارزانیان خستووەتە سەرووی هەموو شتەکانەوە، هەرکاتێکیش ئەو بەدەنگ هاتبێت گۆڕان بێدەنگ بووە.


د. کەمال میراودەلی کەڕکابەری بارزانی بوو لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لە ٧/٢٥ ساڵی پار، لەچاوپێکەوتنێکدا کە دەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، رەخنەی توند ئاراستەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەتایبەت گۆڕان دەکات، ئاماژە بەوەدەدات کەنەیانتوانیوە وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵە بکەنو دۆخەکە بگۆڕن، دەڵێت ئۆپۆزیسیۆنبوونی گۆڕان تا ئەو کاتە بڕی کردووە کە بەرامبەر یەکێتی بووە، یان پارتی نەگرتووەتەوە، هەر کاتێ پارتی بەتایبەتی بارزانی بەدەنگ هاتبێ گۆڕان بێدەنگ بووە.

میراودەلی وتی "بەو شێوە زەقە تاقیکردنەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ هێرشو ناوزڕاندن لەکاتی کامپینەکەی هەڵبژاردنی عێراقدا لەلایەن هێزێکەوە کە ٢٥ ئەندامی لەپەرلەماندا هەیە ناشیرینو زیانبەخش بوو".

وتیشی "تەقدیسکردنی سەرۆک لەلایەن هەموو رموزەکانی گۆڕانو بانگەشەکردن بۆ ریفۆرم لەناو پارتیو دەرخستنی نێچیروان بارزانی وەک پاڵەوانی ریفۆرم، موجامەلەی زیاد بۆ سەرۆکی بێ ناوەڕۆکی پەرلەمان، هیچ پێویست نەبوون".

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەدا میراودەلی دەڵێت "ئەوەی سەرکردایەتی تەقلیدی گۆڕان باوەڕی پێنەبوو و نییە دایەلۆگو گوێگرتن لەرای دڵسۆزانو گۆڕانخوازانی راستەقینەو قبوڵکردنی رای جیاوازە"

**درێژەی چاوپێکەوتنەکە لەپاشکۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ژمارەیەی دەستووردا بخوێنەرەوە.**


د. کەمال میراودەلی

# "ئێران ٥ کیلۆمەتر سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە"

زانیار محەمەد

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ سوپای ئێران سنووری عێراقیان بڕیوەو ئاماژە بەوەدەکرێت کەئێران چەند کیلۆمەترێک هاتووەتە ناو خاکی عێراقەوە، بەڵام هێزەکانی پاراستنی هەرێم ئەوە رەتدەکەنەوە.

هەرچەندە حکومەتی هەرێم بەڕەسمی داوای راگرتنی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی ئاراستەی ئێران کردووە، بەڵام هێزەکانی ئێران تادوێنێ سێشەممەش بەردەوامبوون لەتۆپبارانو سەرچاوەکان ئاماژە بە بەزاندنی سنووری هەرێم دەدەن، لەلایەن سوپای ئێرانەوە.

عەبدولواحید گوانی قایمقامی چۆمان وتی دوای ٣ رۆژ لەتۆپبارانی بەردەوامی سوپای ئێران بۆ گوندەکانی ناوچەی چۆمانو حاجی ئۆمەران، نزیکەی ٣٠٠ خێزان ئاوارەبوون.

هاوکات کەناڵی ئاسمانیی عەرەبییە ئێوارەی سێشەممە لەهەواڵێکی بەپەلەی خۆیدا، بڵاویکردەوە کەسوپای ئێران، بەدرێژایی پێنج کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

جەبار یاوەر وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو وتی "هیچ هێزێکی ئێرانی نەهاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە".

هەروەها ئەحمەد دیسکەرە بەرپرسی هێزەکانی پاسەوانی سنوور لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "چەند رۆژێکە تۆپبارانی هێزەکانی ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکانی هەرێم بەردەوامە".

هەروەها وتی "ئاگاداری ئەوەنین هێزەکانی ئێران هاتبێتنە ناو خاکی هەرێمەوەو زانیاریمان لەو بارەیەوە پێنەگەیشتووە".

لەبارەی ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پاسەوانی سنوورو سوپای ئێران، ئەحمەد دیسکەرە وتی "لەو ناوچانەی ئێران تۆپبارانی دەکات، هیچ بنکەیەکمان نییە".

بەڵام کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێم بەدەستوور وت "بەڕەسمی داوای ڕاگرتنی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانمان لەحکومەتی ئێرانی کردووە".

رۆژی سێشەممەش شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی هەندێ لەو ناوچانەیان کرد، کەبەر تۆپباران کەوتوون، قادر حەسەن کەیەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی سەردانی ناوچەکەی کردووە، وتی "ئەوەی زۆر گرنکە راگرتنی تۆپبارانەکەیە، بۆ ئەو مەبستەش راپۆرتێک لەسەر ژیانی ئاوارەکانو تۆپبارانەکە ئامادە دەکەینو بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی بەرزدەکەینەوە".

ماوەی چەند رۆژێکە هێزەکانی ئێران ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن، ئەوەش بەبیانووی بوونی چەکدارانی پژاک لەو ناوچانە، کە لەئەنجامدا کوژرانو برینداربوونی چەندان کەسو ئاوارەبوونی دەیان خێزانی گوندنیشینی ناوچە سنوورییەکانی لێکەوتووەتەوە.

# "سەرۆکایەتی پەرلەمان پابەندنابێت بەپەیڕەوی ناوخۆوە"

## پەرلەمانتارێک: تائێستا ئەم پەرلەمانە نابینم کاراتربێت لەوەی پێشوو

زریان جەوهەر

پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕان رەخنەی توند لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەگرێت بەوەی کەمتەرخەمی دەکات لەزۆر حاڵەتدا، ئەوەش دەڵێت کەسەرۆکایەتی پەرلەمان خودی خۆی پابەندنابێت بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە. ئاماژە بەوەشدەدات بەو هۆیەوە جیاوازی لەنێوان خولی ئێستاو پێشووی پەرلەماندا نییە لەڕووی کارابییەوە.

زانا رەئوف لەفراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "سەرۆکایەتی پەرلەمان خودی خۆی پابەندنابێت بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، بۆنمونە لەئاگادارکردنەوەی پەرلەمانتاران، کەدەبێت ٤٨کاتژمێر پێش کۆبوونەوەکان بێت، بەڵام ئەوە نەکراوە، لەهەمانکاتدا نەخوێندنەوەی ئەو پرسیارو ئەو بانگهێشتکردنانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەداوای بانگهێشتی وەزیرەکان دەکەن".

زانا رەئوف ئاماژەی بەوەشدا کەتێنەگەیشتن هەیە لەمحاسەبەکردنی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە پرسیارکردن مافی پەرلەمانتارە، بەڵام وەختێک ئەو پرسیارە گۆڕانکاری دەکات دەبێت بەبانگهێشت، وتی "ئیتر مافی پەرلەمانتار نامێنێ دەبێت بەمافی پەرلەمانو ئەو بانگهێشتی بکات، چەندینجار کەداوای وەزیرێک یان سەرۆک وەزیران دەکرێت پەرلەمان لەئاستیدا کەمتەرخەمەو پەرلەمان خۆی ناکاتە خاوەنی".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بەوەشدەکات کەسەرەڕای ئەوەی کەخۆی ئەندامێکی ئەم خولەی پەرلەمانە، بەڵام "تاکو ئێستا نابینم کەئەو پەرلەمانە کاراتربێت لەپەرلەمانی رابردوو".

# لەدیالە ٧٥ مزگەوتو حسێنییە داخراون

زانیار داقوقی

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی دیالەوە رایگەیاند بەهۆی کاری تەقاندنەوەو هەڕەشەی تێکدانەوە تائێستا لەسنووری پارێزگای دیالە ٧٥ مزگەوتو حسێنییە داخراون.

غالیب عەتیە بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دیالە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "بەهۆی کاری تەقینەوەو هەروەها هەڕەشەی تەقاندنەوەوە، تائێستا لەسنووری پارێزگای دیالە، ٧٥ مزگەوتو حسێنییە داخراون". هەروەها وتی "ئێستاش لەلایەن وەقفی سووننەو شیعەوە بودجە بۆ کردنەوەی ئەو مزگەوتو حسێنیانەی داخراونو نۆژەنکردنەوەی ئەو مزگەوتو حسێنیانەی تەقێنراونەتەوە، تەرخانکراوە".



# پارتی داوای پۆستی قایمقامی هەڵەبجە دەکات

زانا ئەحمەد لەهەڵەبجە

بەگوێرەی چەند زانیارییەکی تایبەت کەدەست دەستوور کەوتووە، پارتی داوای وەرگرتنەوەی پۆستی قایمقامی هەڵەبجەی شەهید دەکاتو بریکاری وەزارەتی ناوخۆش تەئکید لەسەر ئەوەدەکاتەوە کەبەمنزیکانە دەست بەگۆڕینەوەی پۆستی سێ قایمقام دەکرێت لەسنووری ئیدارەی سلێمانیو هەولێردا.

جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتدا بەدەستووری راگەیاند "بڕیاری گواستنەوەو جێگۆڕکێ پێکردنی قایمقامەکان دراوەو یەکلاکراوەتەوە، بەڵام تائێستا بەفەرمی هیچ ناوچەیەک دیارینەکراوە کەشوێن گۆڕکێ دەیانگرێتەوە".

سەبارەت بەو زانیارییانەش کەباس لەوەدەکەن پارتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کەیەکێک لەو ناوچانەی کە قایمقامی تیا وەردەگرێت هەڵەبجە بێت، لیوا جەلال شێخ کەریم رەتیکردەوە کە تائێستا بەفەرمی هیچ لایەکیان شوێنیان دیاری کردبێت کەداوای بکەنو وتی "لەکۆبوونەوەکانی داهاتوودا جێگاکان دیاریدەکەن و لەئێستادا بەهەندێک کارەوە سەرقاڵن، بەڵام پاش ئەوە بەزوویی دەست بە جێبە جێکردنی بڕیارەکە دەکەن".

پێشتر پۆستی قایمقامی هەڵەبجەی شەهید لەدەستی پارتیدابوو، بەڵام دوای شەڕی ناوخۆو لەتبوونی ئیدارە، بزووتنەوەی ئیسلامی دەستیان بەسەر ئەو پۆستەداگرتو تاساڵی (٢٠٠٦) ئەوان ئەو پۆستەیان بەڕێوەبرد، بەڵام پاش ئەوە یەکێتی قایمقامیەتی ئەو شارەی لەبزووتنەوە وەرگرتەوە.



# بزووتنەوەی ئیسلامی: ٢٩١ پارچە زەویمان پێدراوەو شوێنەکەی نازانین

مۆکر غەریب لەهەولێر

وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان ٢٩١ پارچە زەوی بەسەر شەهیدانی بزووتنەوەی ئیسلامیی دابەشدەکات، ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەش دەڵێت تائێستا شوێنەکەیان بۆ دیاری نەکردووین.

ئەحمەد وەرتی ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند بزووتنەوەی ئیسلامی لەسنووری هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٧٠٠ شەهیدی هەیەو ژمارەیەکی زۆر لەبنەماڵەی شەهیدانمان تائێستا سوودمەند نەبوون لەوەرگرتنی زەوی بەهۆی دوو ئیدارەییەوە، چونکە کەسوکاری شەهیدانمان لەئیدارەی هەولێر مووچەیان وەردەگرتو لەسنووری ئیدارەی سلێمانیش نیشتەجێبوون، بۆیە ئەمە بوو بووە مایەی دواکەوتنی وەرگرتنی زەوی.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی وتی "لەگەڵ پێدانی زەوی تائێستا شوێنی زەوییەکە لەلایەن شارەوانییەوە دیارینەکراوە کەهیواداری بەزووترین کات ئەو کێشەیەش چارەسەربکرێت".

بەپێی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاردراوە کە ٢٩١ پارچە زەوی بەسەر بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ئیسلامیی دابەشبکرێت.

# حیزبەکان سوود لەناکۆکی نێوان وەزارەتی تەندروستیو سەندیکاکان وەردەگرن

## بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامی هاوشانی یەکێتیو پارتی، دەیانەوێت لەو ناکۆکییەوە بچنە نێو سەندیکاکانەوە

گۆران وەهاب

چەند کێشەو ناکۆکییەکی نێوان سەندیکاکانی کارمەندانی تەندروستیو وەزارەتی تەندروستی ڕێگە بۆ دەستتێوەردانی حیزبی خۆشدەکات، بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیش هاوشانی پارتیو یەکێتی هەوڵی جێکردنەوەی خۆیان لەنێو سەندیکاکانی تەندروستیدا دەدەن.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ناکۆکی لەنێوان ئەو سەندیکایەو وەزارەتی تەندروستیدا دروستدەبێت، بەپێی زانیارییەکانی دەستووریش جگە لەپارتیو یەکێتی، گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیش کاریان بۆ ئەوەکردووە، لەڕێگەی سوودوەرگرتن لەو ناکۆکییەوە خۆیان بخزێننە نێو سەندیکاکەو لەکۆنگرەدا دەستبەسەر پۆستەکانی سەندیکاکەدا بگرنو زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنن.

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لەماوەی تەمەنیدا کۆنگرەیەکو دوو کۆنفرانسو پلینۆمێکی بەستووە، دەبوایە مانگی یەکی ئەمساڵ کۆنگرەیان ببەستایە، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە کۆنگرەیان دواخستووە.

ئێستا ئەو سەندیکایە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی تر، سەرچاوەیەکی نێو سەندیکاکە بەدەستووری وت "گۆڕانو یەکگرتوو بەنیازن پێکەوە بەشداری کۆنگرە بکەن تازۆرینەی ئەندامانی سەندیکاو دەسەڵاتی تەواوی خۆیان لەناو سەندیکادا بەدەستبێنن".

هەروەها ئەو سەرچاوەیە وتی "ئەوەی دەمێنێتەوە یەکێتیو پارتیو لایەنەکانی ترە کەئەوانیش ململانێیەکی زۆریان لەنێواندا هەیە تابتوانن ئەوانیش دەنگو پێگەی خۆیان مسۆگەربکەن".

بەپێی وتەی سەرچاوەکە دوای دروستبوونی ئەو کێشانەی نێو سەندیکا ئێستا حیزبەکانیش لەڕێی ئەو کارمەندانەی لایەنگریانن لەهەوڵی ئەوەدان هەر حیزبەو کۆمەڵێک کارمەند بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

سەرچاوەکە ئاماژەشی بەوەدا کەئەوانەشی ماونەتەوە بەتایبەت ئەوانەی لەدەسەڵاتی سەرەوەی سەندیکادانو نزیکن لەمەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە بەهەمان شێوە دەیانەوێت هەوڵی خۆیان بدەنو لەئێستاوە بۆ کۆنگرە خۆیان ئامادەبکەن.

کێشەی نێوان سەندیکای کارمەندانی تەندروستیو وەزارەتی تەندروستی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوەزیری تەندروستی لەپێشنیاری جێبەجێکردنی سیستمی تەندروستی لەکوردستاندا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەندیکاکانی پزیشکانی گشتیو ددانو دەرمانسازاندا ئەنجامداوە، بەڵام بانگهێشتی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی نەکردووە.

شەماڵ ئەحمەد ئەندامی دەستەی باڵای سەندیکای کارمەندانی پیشەی تەندروستی کوردستان وتی "کێشەی ئێمەو وەزارەت ئەوەیە تەنها نەخوێندنەوەی ئەو شەریحەیە کە لەناوەندی تەندروستیدا کاردەکات کەزۆرترین پێکهاتەی ناوەندی تەندروستین، وەزیر بەسیستەمی نوێ خوێندنەوەیەکی تری بۆ کارمەندانی تەندروستی هەیە".

شەماڵ وتیشی "بەپێی هەموو ئاماژەکان ترسمان لەوەیە وەزارەتی تەندروستی بەتەنها ببێتە وەزارەتی تەندروستی دکتۆر بەتەنها، ئێمەش دەڵێین بەتەنها وەزارەتی تەندروستی هی دکتۆر نییە وەزارتی هەموومانە".

سەرچاوەکەی دەستوور باسی لەوەشکرد کەدوای دروستبوونی ئەو کێشەیە، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی داوای دانیشتنیان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتو وەزیری تەندروستیدا کردووە، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن سەرۆکی حکومەتو وەزیرەوە ڕەتکراوەتەوەو وەزیر بەڕێوەبەری پزیشکییەکانی ناردووە تا لەگەڵ سەندیکادا دانیشتن بکات.

جەبار محەمەد، سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی پیشەی تەندروستی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات کەوەزارەتی تەندروستی بەئاراستەیەک ڕۆیشتووە ئەوانیش گومانی ئەوەیان هەبوو وەزارەت پێچەوانەی خواستەکانی کارمەندانی تەندروستی ئیش بکەن.

د. تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم دەڵێت هیچ شتێکیان بەرامبەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستی نەکردووەو وتی "تەنها کۆبوونەوەک کراوە لەسەندیکا، باسی هێنانی دەرمان کراوەو کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان هیچ پەیوەندی بەسەندیکاوە نییە".

هەروەها وتی "باسمان لەمومارەسەی پزیشکیی لەلایەن دکتۆرو عیادەی دکتۆرو هەڵسوکەوتی دکتۆر لەگەڵ نەخۆشدا کردوە، ئەوە پەیوەندی بەسەندیکاوە نییە تا ئەوان بانگبکرێن، خۆناکرێت بۆ هەموو شتێک ئەوان بانگ بکەین".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون دوای ئەو کێشانەش حیزبەکان بەئاسانی توانیویانە دەستبخەنە نێو سەندیکاکانەوەو لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەنجامدانی کۆنگرەش، خۆیان بۆ دەستگرتن بەسەر سەندیکاکەدا لەلایەن ئەندامانی خۆیانەوە ئامادەدەکەن.

ئەو سەرچاوەیەی دەستوور وتی "بەهۆی ئەو کێشانەوە گۆڕان دەیەوێت بەشێک لەئەندامانی سەندیکا بۆ خۆی ڕابکشێت، هەروەها یەکگرتووش بەهەمان شێوە کار لەسەر ئەو ناکۆکییانە دەکات، بەتایبەت ئەو لایەنانە لەڕێی ڕاگەیاندنەکانیانەوە ئەو هەوڵەیانداوە".

جەبار محەمەد وتی "سەندیکای ئێمە سەندیکای کارمەندانە، سەندیکای ئەحزابو تاقمو گروپ نییە، کارمەندانی تەندروستیش هەر بیروبۆچوونو ئایدۆلۆژیەتێکی هەبێت سەندیکا ڕێگرنەبووە لێیان".

شەماڵ ئەحمەد جەختلەوەدەکاتەوە کەڕاستە ئەوان لەسەرەوەی دەسەڵاتی سەندیکادانو سەر بەحیزبێکی دیاریکراون، دەڵێت لەوانەیە بەهەمان شێوە حیزبەکان بیانەوێت لەناو ئەندامانی سەندیکادا کۆدەنگی بۆخۆیان دروستبکەن، بەڵام هەر لایەنگرییەکی حیزب لەناو سەندیکادا بوونی هەبێت کاریگەری لەسەر نەخۆش دەبێت.

ئەو وتی "ئەم کێبڕکێو ڕاکێش ڕاکێشەی ئەم حیزبانەی دەیانەوێت دەسەڵاتیان هەبێت لەناوەندەکاندا، سەندیکای ئێمەش بەدەرنییە لەم واقیعە سیاسییەی کوردستان، دەکرێت ئێمەش فرە لایەنیو فرە حیزبیمان تیادا جێبەجێبێت، لەبەرئەوە شتێکی واریدە ئەگەر هەبێت".

# یەکڕیزی لیستە کوردییەکان تەقەی تێکەوت

## سامی شۆڕش: ڕێوشوێنی کشانەوە دیارکراوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بکشێنەوە

مۆگر غەریب لەهەولێر

سێ قەوارەی نێو ئیئیتیلافی لیستە کوردستانییەکان، هەڕەشەی هەڵوێست وەرگرتن دەکەن ئەگەر لەماوەیەکی نزیکدا ئیئیتیلافەکە کۆنەبێتەوەو بۆ دانووستاندنەکانی بەرەو بەغدا نەکەوێتەڕێ. ئەندامێکی نێو لیستەکەش دەڵێت ڕێوشوێنی کشانەوە دیارکراوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بکشێنەوە.

٢٠ ڕۆژە ئیئیتیلافی لیستە کوردستانییەکان هیچ کۆبوونەوەو دانووساندنێکی لەنێو خۆیدا نەکردووەو تائێستاش ڕوون نییە چ کاتێک ئەو قەوارانە بەرەو بەغدا بەڕێدەکەون، لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێمی کوردستانیش کەبەشدارن لەو ئیئیتیلافەدا هەڕەشەی هەڵوێست وەرگرتن دەکەن.

سامی شۆڕش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستوور وت کەئەوان وەک هاوپەیمانی کوردستانو پارتی پابەندن بەو پەیڕەوە ناوخۆییەی کە لەلایەن هێزەکانی نێو فراکسیۆنی قەوارە کوردستانییەکەوە ئیمزاکراوەو لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕاگەیەندرا.

سامی شۆڕش ئەوەی ڕەتکردەوە کەگرژی نێوان لایەنەکان ببێتە مایەی پەکخستنی ئیئتلافەکەو کاریگەری لەسەر یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان هەبێت، بەڵام وتی "ئێمە پابەندی خۆمان بەپەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکە دەردەبڕینو هەرلایەنێکیش ئەگەر بیەوێت بکشێتەوە، ئەوا ڕێوشوێنی کشانەوە دیاریکراوە".

لەلایەکی ترەوە سەڵاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو ئەندامی ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکە بەدەستووری ڕاگەیاند دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەک نەکراوە بۆ قسەکردن لەسەر بەرێکەوتن بۆ بەغداد.

سەڵاحەدین بابەکر وتی کەئەو خەمساردییەی ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکان نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروستکردووەو وتی "سەرجەم لیستە براوەکانی تر لەبەغداد سەرگەرمی دانیشتنو دانووسانن بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقیو ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکانیش بەخەمساردیی دانیشتووە بەبێ ئەوەی هیچ جوڵەیەکی هەبێت".

ئەو بەرپرسەی یەکگرتووی ئیسلامی، وتی "ئەگەر هاوپەیمانی هەڵوێستی بەرامبەر چوونی ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکان ڕانەگەیەنێت، هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن کۆبوونەوە دەکەنو هەڵوێستی خۆیان لەو بارەیەوە ڕادەگەیەنن".

لە ٢٠١٠/٥/٩ بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی ئیئتیلافی قەوارە کوردستانییەکان لەهەولێر پێکهێنرا کەهەریەکە لەلیستی (هاوپەیمانی کوردستانو گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ) پێکدێتو ئەگەر سێ لایەنی نێو ئیئتیلافەکە بکشێنەوە ئەوە کۆتایی بەو ئیئتیلافە دێت.


شۆڕش حاجی: چیتر چاوەڕوانیی بارزانی ناکەین

شۆڕش حاجی کاندیدی سەرکەوتووی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتی "چاوەڕوانی سەرۆکی هەرێم بووین بۆئەوەی کۆمان بکاتەوەو شاندەکە بەڕێبکەوێت، ئیتر چاوەڕێی ئەوان نابینو کۆبوونەوە دەکەینو ئەوانیش بانگهێشتدەکەین دواتر هەڵوێستی خۆمان بۆ ڕای گشتی دەخەینەڕوو".

دکتۆر مەحمود عوسمان کەسایەتی سیاسیو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەحەوت دانیشتنی نێو ئیئتلافەکە بەشداربووە، وتی "سیاسەت واناکرێت، ئەگەر لەو ئیئتیلافە پەشیمانبوونەتەوە بابڵێن ئێمە پەشیمانبووینەتەوە بۆ خەڵکی ئاشکرابکەن".

www.arsivakurd.org

مستەفا چاوڕەش: یەکێتی تەسلیمی سەرکردایەتییەک ناکەین کەهەمووی گەنج بێت
لاپەڕە ٧

# ــی.. کێشەکانی لەقاسمەرەشەوە بۆ کۆنگرەی سێ

## ــێتی لەیەکگرتنەوەی باڵەکانەوە لەکۆنفرانسەکەی قاسمەڕەشەوە سەریهەڵدا تائێستاش ئەو کێشانە چارەسەرنەکراون

لەململانێ لەنێوان باڵەکاندا بەزەقی دەبیندران.

کۆنگرەکە بەهۆی مردنی عومەر دەبابەوە لەناو هۆڵی کۆنگرەدا، لەسلێمانییەوە کۆنگرەکە بردرا بۆ هەولێر، ئەندامانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لەدەرووبەری ٧٢٠ کەسدا دەبوون، نزیکەی ٧٠ کەس بۆ سەرکردایەتی خۆیان هەڵبژارد، ٢١ کەس بۆ سەرکردایەتی ئەوکاتە دەستنیشانکران، لەو ڕێژەیەش ١٠ ئەندامیان یەدەگ بوون. بەبێ ئەوەی هیچ ژنێک لەنێو سەرکردایەتیدا ببینرێت.

لەو کۆنگرەیەدا هەریەکە لەجەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، فوئاد مەعسوم بەبێ هەڵبژاردن گەیشتنە مەکتەبی سیاسی، چونکە ئەوان سەرۆکی سێ باڵەکە بوون، جەلال تاڵەبانی سکرتێری خەتی گشتی بوو، نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵە بوو، د. فوئادیش سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێران بوو، بەپێی بڕیاری کۆنگرە ئەو سێ کەسە نەخرانە دەنگدانەوە.

تاڵەبانی لەبەرئەوەی کەس مونافسی نەبوو بەسکرتێری گشتی دەرچووەوە، دواتر ٧ کەس لەمەکتەبی سیاسی لەلایەن سەرکردایەتییەوە هەڵبژێردران، دەنگدان بۆ سەرکردایەتی بەدوو شێوە بوو، یەکەمیان ٥٠+١ دەنگ بێنن، ئەگەر ئەو کەسەی نەیتوانیایە ئەو ڕێژەیە بێنێت دەبوایە بچوایەتە قۆناغی دواترەوە. لەو کۆنگرەیەدا تەنها سێ کەس ٥٠+١ دەنگی بەدەستهێنا بۆ سەرکردایەتی، ئەوانیش کۆسرەت ڕەسوڵ، عومەری سەید عەلی، عارف ڕوشدی، دواتر ئەرسەلان بایزیش بەهۆی ئەوەی ٥٠ دەنگی هێنابوو، یەکێک لەدەنگەکانیش کەوتبووە سەر زەوی کە بەئەودرابوو، ئەویش دەرچوو، دواتر ئەو جۆرە هەڵبژاردنە کێشەو ململانێی تێکەوت، بۆیە بۆ پاراستنی "یەکگرتووی یەکێتی" لەقۆناغی دووەمدا بەهێنانی زۆرینەی دەنگ کەسەکان دانران بۆ سەرکردایەتی.

خەتی گشتی لەکۆنگرەی یەکەمدا زیاتر ئەو کەسانەبوون کە لەدەرەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتی شۆڕشگێڕان بوون، ئەوانە زیاتر وەک یەکێتی ناسرابوون، بۆیە لەکۆنگرەی یەکەمدا بڕیاردرا ئەو ڕێکخراوانە نەمێننو هەموویان لەناو یەکێتیدا بتوێندرێنەوە، هەریەکێک لەو ڕێکخراوانە لەناو کۆنگرەی یەکدا خۆی تواندەوەو لەکۆنگرەدا سەرکردایەتییەکیان هەڵبژارد هەر سێ باڵەکەی تێدابوو کۆمەڵەو شۆڕشگێڕانو خەتی گشتی.

ئەوکاتە یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی فرە مینبەر ناسێندرا، هەریەکێک لەوانە دەیتوانی مینبەری تایبەت بەخۆی هەبێتو بۆچوونی تایبەتی خۆیشی لەو مینبەرەدا دەرببڕێت، بەڵام بەو سێ ڕێکخراوە تەنها یەک سەرکردایەتیان هەبوو کەسەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو کەهەریەکەیان دوو نوێنەری لەمەکتەبی سیاسیدا هەبوو.

### دوای کۆنگرە دیدی جیاواز کێشەی بۆ یەکێتی دروستکرد

لەکۆنگرە ئەگەرچی کێشەکان بەهۆی ڕێککەوتنی هەرسێ باڵەکەوە کەمتر بوون، بەڵام دوای کۆنگرە، هەندێک دیدی جیاواز پەیدابوون، لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی یەکێتی ئەوەش لەنێوان تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفادا بوو.

دەتوانرێت ئەو جیاوازی بۆچوونەی نێوان ئەو دوو سەرکردەیە بەسەرەتای پەیدابوونی کێشەو ململانێیەکانی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی دوای کۆنگرەی یەکەم ئەژماربکرێت.

هاوکات کۆنگرەی یەکەمو کۆنفرانسی قاسمەڕەشی یەکێتی، دەتوانرێت بەخاڵێکی وەرچەرخان لەمەسەلەی کێشەکانو دواتر گەورەتربوونی کێشەو ململانێیە توندەکان ئەژمار بکرێت، کە تائێستاش نەتوانراوە کۆنترۆڵبکرێت.

تائێستاش گەورەترین ئەو ڕەخنانەی کەرووبەڕووی یەکێتی دەبێتەوە وەکو حیزب، ئەوەیە لەکۆنگرەی یەکەمو دووەمیشدا دوو کێشەی گەورەی چارەسەرنەکردووە، کەیەکێکیان ئەوەیە لەو دوو کۆنگرەیەشدا یەکێتی بەهۆی ئەو باڵانەی کەتیایی بووە نەیتوانیوە وەکو حیزب مامەڵە بکات، خاڵی دووەمیش بەردەوام چارەسەرکردنی کێشەو ململانێیەکانی دواخستووە.

لەدوا کۆنگرەی یەکەمەوە، ئەو سێ ڕێکخراوە سیاسییەی یەکیانگرتوو یەکێتی لێپێکهات، زۆرترین لامەرکەزییەتی تێدابووەو کەمترین مەرکەزییەتی سەرکردایەتی تێدابوو، ئەوەش دەرفەتێکی وای ڕەخساندبوو کەکێشەکان زیاتر پەرەبسێنێت.

### کۆنگرەی دووەم کێشەکانی قوڵترکردەوە

کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لەسلێمانی بەسترا، لە ٢٠٠١/١/٣٠ دەستیپێکردو چوار ڕۆژی خایاند، کۆنگرەکە هەر بەهەڵبژاردنی کۆمیتەو کۆنفرانسی مەڵبەندەکان دەستپێکرد، دواتر ئەندامانی کۆنگرە دیاریکران.

لەو کۆنگرەیەدا ١٢٤٧ ئەندامی کۆنگرە هەبوو، ٣٧ ئەندام بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران کە ١٠ کەسیان ئەندامی یەدەگ بوون، ١٦ کەس بۆ مەکتەبی سیاسی کە٥یان ئەندامی یەدەگ بوون.

کێشەکان لەکۆنگرەی دووەمیشدا زیاتر پەرەیسەند، کێشە لەنێوان باڵەکاندا هەبوو، کەزیاتر بەباڵی خەتی گشتیو باڵی نەوشیروان مستەفا ناودەبرا. هەروەها کێشە لەنێوان جەبار فەرمانو کۆسرەت ڕەسوڵدا هەبوو، کە بەکۆسرەتیو جەباری ئاماژەی پێدەدرا.

کێشە لەکۆنگرەی دووەمدا لەنێوان خەتی گشتیو نەوشیروان مستەفادا هەبوو، تائێستاش دوو بۆچوون هەیە لەنێو سەرکردایەتی ئەو حیزبە، بۆچوونێکیان پێیوایە کەکێشەکان بەهۆی جیاوازی بیرکردنەوەو ئەو ململانێی فکرییەوە هەبووە کە لەشاخدا لەنێوان کۆمەڵەو ئاڵای شۆڕشو شۆڕشگێڕانو خەتی گشتیدا هەبووە، کەزیاتر جۆرێک لەململانێی سیاسی پێوە دیاربووە، بۆچوونێکی تریش پێیوایە کێشەکانی ئەمدواییەی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی لەکێشەی سیاسیو فکرییەوە بووبووە کێشەی شەخسی.

لەکۆنگرەی دووەمدا باڵباڵێنو ململانێیەکان سەختربوونەوە، سەرکردایەتی ئەو حیزبەش گەورەترین ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کەبەردەوام ئیشی لەسەر دواخستن لەچارەسەرکردنی کێشەکان کردووە. بەجۆرێک نەکۆنگرەی یەکەمو نەپلینۆمی ١٩٩٥و کۆنگرەی دووەمیش نەیتوانی کێشەکان چارەسەربکات.

### ململانێیەکانی کۆنگرەی دووەم، ئینشیقاقی خستە نێو یەکێتییەوە

دوای کۆنگرەی دووەم، دووباڵ بەئاراستەی جیا لەناو حیزبەکە بەئاشکراو ڕوون دەرکەوت، باڵێکیان کەباڵی ڕیفۆرم بوون نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکرد، باڵەکەی تریش بەخەتی گشتی ناسرابوون، دوای ململانێیەکی توندی نێوان سەرکردەکانی ئەو دوو باڵە تەنانەت دابەزینی ئەو ململانێیە بۆ ئاستی ڕێکخستنەکانی خوارەوەو ئەندامانی حیزبەکە، ناکۆکی زۆرو زیاتری دروستکرد.

کێشەکانی نێوان سەرکردەو باڵەکانی یەکێتی لەدوای کۆنگرەی دووەمدا، گەورەترین شکستی بەو حیزبە گەیاند، کەتووشی گەورەترین ئینشقاقی کرد، جگە لەدەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەش دەستیان لەکارکێشایەوە. جگە لەچەند ئەندامێکی سەرکردایەتیو دەیان بەرپرسی حیزبی لەڕێکخستنەکانو جەماوەری حیزبەکەش. کەدواتر ئەوانەی بەباڵی ڕیفۆرم ناسرابوون، لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد.

لەبەستنی کۆنگرەی دووەمو دوای ئەوەش سەرکردەکان زۆربەی جار ئاماژەیان بەوەدەدا کەکێشەی گەورەی ئەوانو ململانێی نێوانیان بەهۆی دواخستنی کۆنگرەکان بووە، بەجۆرێک ئەو پلینۆمو کۆنگرانەی کەدەبەسترا پەنجەی لەسەر "برینەکان" دانەدەنا، کێشەکانی کۆدەکردەوەو هەڵیدەگرت، بەچارەسەرنەکراوی بەجێیدەهێشت.

جیاوازی نێوان کۆنگرەی یەکەمو دووەم ٩ ساڵ بووە، جیاوازی نێوان کۆنگرەی دووەمو سێیەمیش بەهەمان شێوە، بۆیە سەرکردایەتی حیزبەکەش خۆیان چەندین جار ئاماژەیان بەوەداوە کەدواخستنی کۆنگرەکان هۆکارێکی سەرەکی کێشەکانە. دواجار دواخستنی کۆنگرەو چارەسەرنەکردنی کێشەکان حیزبەکەی تووشی ئەو بارودۆخەی ئێستا کردووە.

لەکۆنگرەی دووەمدا ڕاپۆرتێک هەبوو لەسەرئەوەی وەک ڕێزلێنیانێک بۆ دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی، ئەو کەسانە بەتەسکییە دەربچن، لەوانە جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاو د. فوئاد مەعسومو د. کەمال فوئادو عادل موراد. دوای ئەوەش جەلال تاڵەبانی نەوشیروان مستەفای بەجێگری خۆی دانا، دواتر کەئەو وازی لەحیزبەکە هێنا، تاڵەبانی کۆسرەت ڕەسوڵو د. بەهرەمی بەجێگری خۆی دانا ئەوەش لەپلینۆمی لەساڵی ٢٠٠٧دا.

### کۆنگرەی سێیەم، یەکێتی بەرەو کوێ؟

دوای پلینۆمی ساڵی ٢٠٠٧و دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئەوانەی لەیەکێتی جیابوونەوە بزووتنەوەیەکی نوێیان دروستکرد، یەکێتی لەدوای هەڵبژاردنەکانی پلینۆمێکی تری بەست دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ بەشکست بەسەریدا شکایەوە، لەپلینۆمەکەدا دوو بڕیاری گرنگو چاوەڕوانکراو دەکردا یەکێکیان کێشەی یەکێتی لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو ئەوانەی لەیەکێتی جیابوونەوە هەڵپەسارد، بڕیارێکی تریشان بڕیاردانبوو لەسەر بەستنی کۆنگرە لەساڵیادی ئەو حیزبەدا.

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبەیە کە بەبێ نەوشیروان مستەفا ببەسترێت، سەرکردەکانی یەکێتی ڕاشکاوانە دەڵێن کۆنگرە ناتوانێت کێشە کەڵەکەبووی دەیان ساڵی حیزبەکە لەو کۆنگرەیەدا چارەسەربکەن، بەڵام بێ ئومێد نین.

لەکۆنگرەی سێیەمدا یەکێک لەبڕیارەکان ئەوەیە یەکێتی حیزبێکی تۆکمەتری لێدروستبببێت، سەرکردایەتییەکەی دەسەڵاتێکی زۆرتری هەبێت بەسەر ئەندامەکانیداو بتوانێت کۆنترۆڵی کۆمەڵێک کێشە بکاتو گرفتە ناوخۆییەکانیش ڕێکبخات.

لەدوو کۆنگرەی ڕابردوودا دیاردەی ڕێکخراوبوون زاڵبوو بەسەر یەکێتیدا، ئێستا یەکێتی دەیەوێت بەرەو ئەوەبچێت دیاردەی بەحیزبوونی یەکێتی زاڵ بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەشی کەدراوە، تائێستا باڵباڵێنو ململانێ لەنێوان سەرکردایەتیو ئەندامانی حیزبەکەدا هەیە، بەتایبەت لەکۆنفرانسەکانی یەکێتیدا ئەوە بەڕوونی دەرکەوت. ئێستا زیاتر حیزبەکە بە دوو باڵ ناسێندراوە، باڵی کۆسرەت ڕەسوڵو خەتی گشتی، بەڵام سەرکردایەتی ئەو حیزبە کار بۆ ئەوە دەکەن کۆنگرەکە سەرکەوتووبێت.

ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت بەگرنگترینو کاریگەرترین کۆنگرەی ئەو حیزبە ئاماژە پێبکرێت، چونکە ئەگەر ئەم کۆنگرەیە شکستبێنێت بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانیش بۆ سەرۆککۆمار بەجێدەهێڵێت، هەروەها کاریگەری لەسەر یەکێتیش لەبەغداد بەجێدەهێڵێت، لەبەرئەوە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە تووشی هیچ کێشەیەک نەبێت.

هەروەها ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی یەکەم کۆنگرەی یەکێتیە لەدوای وەرگرتنی لەڕێکخراوی سۆسیال ئینتەر ناشیونالدا، لەکۆنگرەکانی پێشوودا، یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ ئینتەر ناسیونالدا هەبوو، بەڵام ئەندام نەبوو تیایدا، ئەمە یەکەمجارە کەکۆنگرەیەک دەبەسترێت دوای وەرگرتنی یەکێتی لەو ڕێکخراوە، یەکێتی ناتوانێت وەکو جاران هەڵسوکەوت بکات یاخود هەندێک بیروبۆچوونو ڕەفتاری هەبێت کە لەگەڵ بیروباوەڕی سۆسیال ئینتەرناسیونالدا نەگونجێت، لەبەرئەوە کاریگەری ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئەم کۆنگرەیە زۆرەو میوانەکانیش لەیەکەم ڕۆژدا ئامادەبوون. کەچاودێری ئەوەدەکەن ئایا یەکێتی توانیویەتی خۆی لەگەڵ پێوانەکانی سۆسیال ئینتەرناسیونالدا بگونجێت یاخود نا، یان توانیویەتی بناغەیەک دابڕێژێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەدا، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە ئەو کۆنگرەیە دوای دەرچوونی باڵی نەوشیروان مستەفایە لەناو یەکێتی، ئەو کێشانەی بەتایبەت لەچەند ساڵی ڕابردووەوە تائەمساڵ لەئارادابوون ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەو کۆنگرەیە دەبێت.

سەرکردەکانی حیزبەکە دەڵێن ئێستاش دەرفەتێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشە لەنێوان باڵەکانی یەکێتیدا، یان لانیکەم ڕێککەوتن بکرێت لەنێوان باڵەکان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو، چونکە هەموو باڵەکان هەستبەوەدەکەن ئەگەر ئەو کۆنگرەیە شکستبهێنێت هەموویان شکستدێنن.

ئەم کۆنگرەیەش دوو هەڵبژاردنی تێدادەکرێت یەکێکیان بۆ سەرکردایەتی ئەوی تریان بۆ ئەنجومەنی ناوەند، کەوەک پەرلەمانی حیزب هەڵسوکەوت دەکات، لەبەرئەوەی ژمارەی کاندیدەکان زۆرە، کەخۆی لە ٦٠٠ کەس دەداتو ١٦٠٠ ئەندامی کۆنگرەش هەیە کەدەکاتە سێیەکی ئەندامانی کۆنگرە خۆیان پاڵاوتووە. ئەوان دابەشبوون بەسەر هەردووکیاندا، بەشێکیان دەچنە سەرکردایەتیو بەشێکیان دەچنە ئەنجومەن، دەرفەتێک هەیە بۆئەوەی هەموو باڵەکان بەشێک لەئەندامانیان بگەیەننە هەردوو دامەزراوەکە، بەڵام تائێستاش کێبڕکێکان توندن.

*** زانیارو گۆرانو شۆڕش بەشدارییان لەنووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە**

> باڵەکانی ناو یەکێتی هەست بەوەدەکەن ئەگەر ئەو کۆنگرەیە شکستبهێنێت، هەموویان شکستدەهێنن




**یەکێتی دەیەوێت لەم کۆنگرەیەدا کۆتایی بەکێشە کەڵەکەبووەکانی بهێنێت**

# هەمووی هەڵپەی دەسەڵاتێتی

## سێ یەکی ئەندامانی کۆنگرە دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات، دەنگۆی زیادبوونی ئەندامانی کۆنگرە لەئارادایە

گۆران وەهاب

ململانێیەکی توند لەنێوان ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتیدا هەیەو هەر ئەندام کۆنگرەیەک دەیەوێت هەرچۆنێک بێت بگاتە دەسەڵات، ململانێییەکە بەجۆرێکە لەکۆی ١٦٠٠ ئەندام کۆنگرە، نزیکەی ٦٠٠ کەس خۆیان پاڵاوتووەو دەیانەوێت بگەنە سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی حیزبەکە. ئەو ڕێژەیەش دەکاتە سێ یەکی ئەندامانی کۆنگرە.

### هەمووان خۆیان دەپاڵێون

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور لەچەند سەرچاوەیەکەوە کۆیکردووەتەوە، تائێستا ٥٩٨ کەس خۆیان بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی داهاتووی یەکێتی پاڵاوتووە، کە ٢٤٤ کەسیان بۆ سەرکردایەتیو ٣٥٤ کەسیشیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند. هەروەها ١٦٠٠ ئەندام بەشداری لەسێیەمین کۆنگرەی یەکێتیدا دەکەن، بەڵام دەستوور لەچەند سەرچاوەیەکەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کەڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە لەزیادبووندایەو ڕێژەکە بەرزبووەتەوە.

سەرکردایەتی حیزبەکە ئەو ڕێژەیە بەزۆر دەزانن، کەخۆیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی حیزبەکە پاڵاوتووە، چونکە تەنها ٤٥ کەس بۆ سەرکردایەتیو ٩٥ بۆ ئەنجومەنی ناوەندی هەڵدەبژێرێت.

### کۆنەکان هەوڵی هاتنەوە دەدەنو گەنجەکانیش هەڵپەی دەسەڵاتیانە

دەستوور زانیویەتی کەتەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی خۆیان بۆ پۆستی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی پاڵاوتووەتەوە، گەنجانو ژنانیش ململانێی توندیان هەیە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات.

بەپێی چەند زانیارییەک کەدەستوور لەسەرچاوەیەکی نێو کۆنگرەوە دەستیکەوتووە، ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی کۆنگرە گروپێکی فشار، لەلایەن نزیکەی ٣٠ گەنجو ئەوانەی خۆیان بەنوخبە دەزانن پێکهاتووە، تا فشار بخەنە سەر ئەو کەسانەی کەئەندامی کۆنگرە نینو هەوڵی ئەوەدەدەن بەشداری لەدەنگداندا بکەن.

لەو ٢٤٤ ئەندامەی کەبۆ سەرکردایەتی داهاتووی یەکێتی خۆیان کاندیدکردووە ٣٨ ژنی تێدایە، هەروەها لەو ٣٥٤ ئەندامەشی بۆ ئەنجومەنی ناوەند خۆیان هەڵبژاردووە ٦٨ ژنی تێدایە، بەپێی زانیاریەکانی دەستوور لەو ٥٩٨ کەسەی بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند خۆیان پاڵاوتووە نزیکەی ١٥ کەسیان تەمەنیان لەخوار ٣٥ ساڵەوەیە.

ئاسۆی شێخ نوری ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی کەبۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی ناوەند خۆی پاڵاوتووە، ئاماژە بەوەدەدات کە لەوانەیە بۆ مەسەلەی ژنانو گەیشتنیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند، لەکۆنگرەدا بڕیارێکی نوێی لەسەر بدرێت، وتی "ئەگەر ئەو بڕیارە وەربگیرێت کەهەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی لە ٢٠٪ی ژنبێت، ئەوا بۆ هەریەکە لەسەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندیش لە٢٠٪ پەیڕەودەکرێت".

ئەندامێکی بەشداربووی ئەو کۆبوونەوەیەش کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەدەستووری ڕاگەیاند بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە پێیانوابوو هێنانی ئەو ژمارە زۆرە بۆ ناو کۆنگرە کارێکی باش نییەو نیەتێکی لەپشتە کەئایندەی دیارنییە. ئەو وتی "باس لەو ئەگەرانەشکراوە کەپێدەچێت لەناو کۆنگرەدا بەهۆی زۆری ژمارەی ئەندامانەوە رووبدات، چونکە ئەو ژمارە زۆرەیی ئەندامانی کۆنگرە حاڵەتێکی نائاساییە".

سالار مەحمود ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی ڕایگەیاند پێویستە کۆنگرەی سێیەم ببێتە وێستگەی بەخۆداچوونەوە، بەتایبەت ئاڵوگۆڕ لەسەرکردایەتی یەکێتیدا تا چانس بەگەنجان بدرێت لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردەی تری یەکێتیدا، یەکێتی بەڕێوەبەرن تا ببێتە حیزبی ئایندە.

سالار وتی "پێویستە گەنج بەهەموو ماناکانییەوە حزوری لەسەرکردایەتی یەکێتیدا هەبێت، ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوکاتە دەبێت قسەی تر بکرێت".

لەبارەی بوونی گروپی فشارەوە بۆ ڕێگرتن لەژمارەیەک لەو کەسانەی بەبێ هەڵبژاردن بەشداری کۆنگرەیان کردووە، سالار مەحمود وتی "ئەوە کۆنگرە دەتوانێت دەنگی لەسەربدات بۆیان هەبێت یان نا، بڕیار لای کۆنگرەیە".

د. هالە سوهەیل، کەبۆ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی خۆی هەڵبژاردووە ئاماژە بەوەدەدات کەئەو کۆنگرەیە دەرفەتێکی بۆ گەنجانو ژنان ڕەخساندووە، کەوەک ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتی خۆیان هەڵبژێرنو دەنگی پێویست بهێنن، بەڵام وتی "دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە شتەکان ڕووندەکاتەوە ئایا کادیرانی ئەو حیزبە چەند باوەڕیان بەگەنجو ژنەو چەندیش باوەڕیان بەئەندامانی پێشووتر هەیە".

لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووریشدا مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێت "یەکێتی تەسلیمی گەنج ناکەین".

### قوباد تاڵەبانیو شاڵاوی کۆسرەت ڕەسوڵ خۆیان دەپاڵێون

بۆیەکەمجار کوڕەکانی هەریەکە لەجەلال تاڵەبانیو کۆسرەت ڕەسوڵ خۆیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی پاڵاوتووە. بەشێکیش ڕایانوایە خۆپاڵاوتنی ئەوان پەیوەندی بەو ململانێیەوە بێت کە لەسەرکردایەتی ئەو حیزبەدا ئاماژە پێدەکرێت.

بەپێی ئەو ناوانەی کە لەژمارەی دوێنێی کوردستانی نوێ کەزمانحاڵی یەکێتییە، بڵاوکراوەتەوە، هەریەکە لەقوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لەئەمریکا خۆی بۆ ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی پاڵاوتووە، بەپێچەوانەوە شاڵاوی کۆسرەت ڕەسوڵ خۆی بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتووە.

ئاسۆی شێخ نوری وتی "پێموانیە ئەو ململانێیە بەو شێوەیە بێت کەخەڵک باسیدەکات، کوڕی مام جەلالو کاک کۆسرەتو کوڕی منیش هەر ئەندامی یەکێتیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش هەموو ئەندامێک بەپێی ئەو مەرجانەی بۆی دادەنرێت مافی خۆیەتی خۆی بۆ هەر پۆستێک هەڵبژێرێت کەمەرجەکانی تیادا بێت".

لەلایەکی تریشەوە هەر بەپێی ئەو ناوانەی بڵاوکراوەتەوە د. فواد مەعسومو شانازی ئیبراهیم ئەحمەد خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، نەک سەرکردایەتی، بەڵام تەواوی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش خۆیان بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتووە. بەپێچەوانەشەوە سامان گەرمیانی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی خۆی بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی پاڵاوتووە.

هەر لەنێو ناوەکاندا دەرکەوتووە فازل کەریم ناسراو بەمامۆستا جەعفەر لێپرسراوی پێشووی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی کە لەهەڵبژاردنی ٣/٧ی پەرلەمانی عێراقدا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی کردو دواتر لەلێپرسراوێتی مەکتەبی بیروهۆشیاری لادرا، بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی یەکێتی خۆی هەڵبژاردووە.

دەستوور زانیاری ئەوەشی دەستکەوتووە کەشۆڕشی کوڕی عەلی عەسکەری و هەریەکە لەسۆرانو سۆزانی خاڵە شیهابو ڕۆژانی کچی شەهید حەمەڕەشو سۆرانی کوڕی جەمال تاهیر خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە.

هالە سوهەیل وتی "هەموو کەس مافی خۆیەتی خۆی هەڵبژێرێت، بڕواناکەم هیچ پشتگیرییەک بۆ کوڕانو کچانی سەرکردەکانو شەهیدان هەبێت".

گومان لەزیادبوونی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوەند دەکرێت لەکۆنگرەدا

بەهۆی ئەوەی بەشێک لەوانەی خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە کەسانی دیارن، گومانی ئەوە لای بەشێک لەئەندامانی کۆنگرە دروستبووە کە لەکۆنگرەدا دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بەئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی.

ئاسۆی شێخ نوری، وتی "خۆم بۆ ئەندامی ناوەند هەڵبژاردووەو ئومێدیشمان ئەوەیە ئەنجومەنی ناوەند دەسەڵاتێکی دەستووریو یاسایی حیزبی وەهای هەبێت، کەبتوانێت چاودێربێت بەسەر سەرجەم ئۆرگانەکانو هەموو دەسەڵاتەکانی ترەوە".

### تاڵەبانی تائێستا مونافسی نییە

مەلا بەختیار کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ڕۆژێک پێش کۆنگرە ڕایگەیاند دیارترین ئەو کەسایەتییانەی کەخۆیان بۆ سەرکردایەتی کاندیدکردووە، بریتین لە"سەرۆک جەلال تاڵەبانی، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیو د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری دووەمی سکرتێری گشتی) هەروەها ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لەوانەش (عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ئەرسەلان بایز جێگری ئێستای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو سەعدی ئەحمەد پیرەو مەلا بەختیارو عیماد ئەحمەد".

سەبارەت بەخۆپاڵاوتنیش بۆ پۆستی سکرتێری گشتی حیزب، مەلا بەختیار وتی "مام جەلال لەو پۆستەدایە، تائێستا هیچ کەسێک کاندیدکردنی خۆی بۆ ئەو پۆستە ڕانەگەیاندووە".




# یەکێتی

## کێشەکانی یەک...

دەستوور*

٢١ ساڵ لەمەوبەر کاتێک لەکۆنفرانسێکدا، سێ باڵی جیا لەقاسمەڕەش یەکخران، کەزیاتر ئەو باڵانە لەشێوەی ڕێکخراوەییدا دەبیندران، بەبێ بەستنی کۆنگرە، ئەو یەکێتییەی ئێستا کۆنگرەی سێیەمی دەبەستێت، ڕێکخرایەوە، بەڵام لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا یەکێتی کێشەی باڵی هەیە.

سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەچەندین لێدوانیاندا لەماوەکانی ڕابردوودا، ئاماژەیان بەوە دەکرد کەدەبێت لەکۆنگرەی سێیەمدا کۆتایی بەباڵەکانیان بهێننو کێشە کەڵەکەبووەکانی چەند ساڵەیان چارەسەربکەن.

لەساڵی ١٩٨٩ کاتێک لەقاسمەڕەش کۆنفرانسێک گیرا، یەکێک لەهەرە بڕیارە گرنگەکانی ئەو کۆنفرانسە یەکێتی بەڕەسمی لەسێ باڵەوە بوو بەیەک چوارچێوەی حیزبی، ئەوانیش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانو یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانو هێڵی گشتی بوون، لەکۆنفرانسەکەدا بڕیاردرا ئەو سێ باڵە نەمێنێتو ببن بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام ئەو بڕیارە بڕیارێکی یاسایی نەبوو لەڕووی حیزبییەوە.

### کۆنگرەی یەکەم: باڵەکان یەکخران

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی کە لەدوای ڕاپەڕین، لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا ئسوڵی حیزبایەتی پیادەدەکرا لەدەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرە، واتە لەهەموو کۆمیتەکانی یەکێتیدا هەڵبژاردن ئەنجامدرا بەڕێژەیەکی دیاریکراو خەڵک بۆ کۆنفرانسی مەڵبەندەکان هەڵبژێردرا لەوێشەوە ئەندامانی کۆنگرە دیاریکران، بەڵام لەوکاتەشدا هەموو ئەندامانی یەکێتی پێشبڕکێیان دەکرد لەئاستی کۆمیتەو مەڵبەندەکاندا بۆئەوەی ببن بەئەندامی کۆنگرە.

لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکرا، کەدیارترینیان بەڕەسمی حیزبەکە لەسێ باڵەوە یان لەسێ "ڕێکخراوەوە" کەزیاتر وەکو کاری ڕێکخراوی سیاسی کاریان دەکرد، بوو بەیەک چوارچێوەی حیزبی. ئەو کێشەیەی کەیەکێتی لەشاخدا لەبارەی باڵەکانییەوە هەیبوو، لەکۆنگرەی یەکەمدا باڵەکان یەکخرانو ئەو مەسەلەیە یەکلابوەوە، بەوەی باڵەکان هەموویان یەکیانگرت.

بڕیاری دووەمی ئەو کۆنگرەیە کەقسەی لەبارەوە کرا خۆی لەوە دەبینییەوە کەبارودۆخی کوردستان وابەکراوەیی نەمێنێت لەوەی بەرەی کوردستانی وڵات بەڕێوەببات، ئەوان ڕایان وابوو کەبەرەی کوردستانی ناتوانێت دەسەڵاتی شەرعی وڵات بەڕێوەببات، بۆیە بڕیاردرا هەڵبژاردنی گشتی لەکوردستاندا بکرێتو حکومەتو پەرلەمان دەستنیشانبکرێت.

### بەشداری باڵەکان لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا


لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا، هەموو باڵەکان بەشێوەی هەڵبژاردن بەشداریانکرد، چونکە لەکۆنفرانسی قاسمەڕەشدا بڕیاری لێدرابوو کەببن بەیەکێتی، ئەو باڵانە بەعەمەلی نەمابوون، بەڵام لەکۆنگرەدا پەسەندکرا، لەنێو کۆنگرەکەشدا بەئاشکرا جۆرێک

# "یەکێتی تەسلیمی سەرکردایەتییەك ناکەین کەهەمووی گەنج بێت"

## مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ دەستوور

**مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات کەبەشێک لەسەرکردەکانی یەکێتی خۆیان ناپاڵێونەوەو دەڵێت ڕەنگە هەندێکیشیان دەرنەچنەوە، بەو پێیەش نزیکەی ٣٠ کورسی بەتاڵ دەمێنێتەوە، کەزۆربەیان بۆ گەنجانو ژنان دەبێت.**

**مستەفا چاوڕەش پێیوایە یەکێتی لەگەڵ ئەوەی پێویستی بەگەنج هەیە، پێویستی بەسەرکردەی بەئەزموونو شارەزاو قاڵبووی خەباتی سیاسیو ململانێ دبلۆماسییەکانیش هەیە.**


مستەفا چاوڕەش

سازدانی: گۆران وەهاب

**دەستوور:** چۆن لەئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە دەڕوانیت؟ رات لەسەر ئامادەکارییەکان چییە؟

**مستەفا چاوڕەش:** کۆنگرەیەک ١٠ ساڵ دواکەوتبێت هەموو شتێک بەدڵی تۆ نابێت، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە زۆر ماندووبوون، کاری زۆر باشیان کردووە، یەکێک لەشتەکانیش ئەوەیە ئەو کەسانەی هاتوونەتە کۆنگرە زۆربەیان بەهەڵبژاردن هاتوونەتە کۆنگرە لەکۆمیتەو کەرتەکانەوە نوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە، یەکێک لەکێشەکانمان

### لەکۆنگرەی یەكو دوودا قرە قڕ هەبوو، کێشەی زۆر هەبوو، بەڵام بەسەرکەوتووی تەواوبوو

ئەوەیە ئێستا ژمارەمان ئەوەندە زۆرە ماشەڵا، ڕەنگە زیاد لەسنووری خۆی بێت، بەڵام دیارە کۆبووەوە (تەرەکوم)ی ئەو چەند ساڵە کە ١٠ ساڵە کۆنگرە نەگیراوە ئەو هەموو کادیرە پێگەیشتووە مافی خۆیەتی، ئەوە نیشانەی زیندووییەتییە، کەکۆنگرە بەو هەموو کادیرو خەڵکەوە دەگیرێت زیاد لە١٦٠٠ بۆ ١٧٠٠ کەس بەشداریدەکەن، لەبەرئەوە ئەگەر ئامادەکارییەکە کەموکوڕیشی هەبێت شتێکی سروشتییە، بەڵام لەکۆی گشتیشدا کاری باشیانکردووە، هیواداریشین کۆنگرە سەرکەوتوو بێت.

**دەستوور:** بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیە ژمارەی ئەوانەی خۆیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، تائێستا گەیشتوونەتە ٥٠٠ کەس؟ رات لەسەر ئەو ڕێژەیە چۆنە بەئەرێنی (ئیجابی) یان نەرێنی (سلبی) دەزانیت؟

**مستەفا چاوڕەش:** پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کەئەوە نیشانەی زیندوویی یەکێتییە، کەئەم هەموو کادیرەی پێگەیاندووە، بەڵام ئەوەش لەخۆیدا لایەنە سلبییەکەشی هەموو جۆرێکی تێدایە، ئێمە کەباسی دیموکراتییەت دەکەین، باسی ئەوەدەکەین کەهەموو کەسێک دەبێتە ئەندامی کۆنگرە ئەوە مافی خۆیەتی، لەبەرئەوە ڕێگا بەخەڵک دراوە کێ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام خۆ ئەوە هەمووی نابێت بەئەندامی سەرکردایەتی، دەبێت ئەوانەی لەدوایدا دەرنەچوون قبوڵی بکەن بەژنو بەپیاوەوە، چونکە ئێمە زۆر زۆرەکەی ٤٥ بۆ ٥٠ یان زیاتر یان کەمترمان دەوێت بۆ ئەندامی سەرکردایەتی، خۆ حیزبی شیوعی سینی (صين) ڕەنگە هەرئەوەندە سەرکردەی هەبێت، لەدوو ملیار کەسیدا، لەم کۆنگرەیەدا ١٧٠٠ بۆ ١٨٠٠ کەس بەشداریدەکات، ڕەنگە لەکاتی کۆنگرەشدا ژمارەیەکیان کەناوەکانیان دەخوێنرێتەوە خۆیان بکشێننەوە، ئەگەر کێ دەنگ دەهێنێت پیرۆزی بێت.

**دەستوور:** لەچەند وتارو لێدوانێکدا ژمارەیەک کادیرو بەرپرسی یەکێتی ڕەخنە لەو ڕێژە زۆرەی ئەندامانی کۆنگرە دەگرن، کەخۆیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، هەندێکیان پێیانوایە کەسی شایستەو لێوەشاوە لەناو ئەو قەرەباڵغیەدا وندەبن؟

**مستەفا چاوڕەش:** لەوانەیە (ئیحتیمال)ە، چونکە بۆ ئەوە ڕەنگە کۆمەڵێک خەڵک دەرچن کەچاوەڕوانی نەکەیت، ڕەنگە هەندێکیش بەو وەزعەوە مافی بخورێت، چونکە هەموو یەکتری ناناسێت، بەشێکیان لەشوێنی دوورەوە هاتوون یەکتری ناناسن، ڕەنگە کۆمەڵێک کێشەی لێببێتەوە کەخەڵکێک دەربچێت حەقی خۆی نەبێت، خەڵکیش دەربچێت حەقی خۆی بێت، بۆیە ئەوە کێشە نابێت، مادام هەموومان مەبەستمانە کۆنگرەکە یەکگرتوو و سەرکەوتووبێت، بەڕووسووری لێیبێینە دەرەوە.

**دەستوور:** بەشێکی تر دەڵێت دەشێت ئەو زۆری خۆپاڵاوتنە جۆرێک لەهاندانی تیا بێت بۆ ئەوەی تائاسانتر یاری لەناو کۆنگرەدا بکرێت؟ هەستناکەیت ئەم قسانە ڕەنگە کۆنگرەکە بەئاقارێکی تردا بەرن کەجیاوازنەبێت لەکۆنگرەکانی پێشوو؟

**مستەفا چاوڕەش:** کۆنگرە بەهیچ ئاراستەیەکدا ناڕوات، ئەگەر خۆمان ئامادەبین بەگیانی یەکێتی بوون کاربکەین، لەکۆنگرەی دووەمدا ١٣٠٠ کەس بەشداری کۆنگرەیان کرد ئێستاش ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەسی تر زیاترە خۆ دنیا ناڕوخێت، ڕێگەش بەخەڵک نادرێت بەئاقاری تردا بیبەن، خۆ ئێمە بەرنامەو پرۆگرامامان هەیە، سەرکردایەتییەکە هەڵیدەبژێرین، کێش ئەسپی خۆی تاودەداتو خۆی پێباشترە، خێر عەلا خێر بادەربچێت، بۆچی بەئاقاری تردا بڕوات خۆ ئێمە دوژمنی یەکترنین، ئێمە هەموومان پەیڕەو پرۆگرامامان یەکە، بەو ڕۆحییەتەش کاردەکەین کەکۆنگرە سەرکەوتووبێت، کەسێکیش بیەوێت گێرەشێوێنی بکات لەکۆنگرەدا جێگای نابێتەوە.

### هەر کەسێك بیەوێت گێرەشێوێنی بکات لەکۆنگرەدا دەردەکرێت

**دەستوور:** پێتوایە ئەوانەی لەکۆنگرەدا دەرناچنو تووشی دڵشکان دەبن وەزعەکە قبوڵبکەن؟

**مستەفا چاوڕەش:** هەمووکەسێک ئەگەر دەرنەچێت لەهەرشتێکدا بێت تەنانەت ئەگەر لەقوتابخانەشدا بێتو لەتاقیکردنەوەیەکدا دەرنەچێت پێیناخۆشە، لەکۆنگرەشدا بەهەمان شێوەیە، کەدەریشنەچوو دەبێت قبوڵی بکات، چونکە چۆن قبوڵیکردووە کەخۆی هەڵبژاردووە دەبێت ئاواش قبوڵی بکات کەهاوڕێیەکەی دەردەچێت، خۆ دوژمنەکەی دەرناچێت، لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا کەخۆمان ئامادەکردبوو بۆ کۆنگرە دەیان کادیری باشمان هەبوو دەرنەچوون، هەشبوو تازە هاتبوو دەرچوو قبوڵیشی کردوو، وتی من کێشەم نییە، یەکێتیم، یەکێتیو کۆنگرەم لامەبەستە، ئەم برادەرانەی بۆ سەرکردایەتی یان ئەنجومەنی ناوەند خۆیان پاڵاوتووە دەبێت ئەوە قبوڵ بکەن، ڕۆژێک عاجز دەبێت دوو ڕۆژ عاجز دەبێت دوای چیدەکات، یەکێتی ماڵی خۆیەتیو خۆی تیای گەورە بووە هەردەبێت قبوڵی بکات.

### بەهۆی زۆری ئەوانەی خۆیان پاڵاوتووە، ڕەنگە کەسی لێوەشاوە ونبێت، لەوانەیە کۆمەڵێك کێشەی لێببێتەوە کەخەڵکانێك دەربچن حەقی خۆیان نەبێت

**دەستوور:** دوای بەستنی پلینۆمو ئیمزاکردنی پەیمانی ئاکار تائێستاش بەڕوونی باس لەکوتلەگەریو باڵباڵێن دەکرێت لەناو سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا، هەندێک لێدوانی سەرکردایەتیو تەنانەت مەکتەبی سیاسیش لەلێدوانو قسەکانیان ئەوە دەردەکەوێت، تەسەوردەکەی ئەو کوتلەگەرییە کۆنگرە بشێوێنێت، یان بەهەمان شێوەی کۆنگرەی یەکو دووی بەرێت؟

**مستەفا چاوڕەش:** کۆنگرەی یەکو دوو کۆنگرەی سەرکەوتووبوو، کۆنگرەیەک بوو لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو قرەقڕو کێشەیەی تیابوو، بەڵام بەیەکڕیزیو سەرکەوتووی تەواوبوو، لەم کۆنگرەیەشدا بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێک بێتە دەرەوە یان بەشێوەیەک بیربکاتەوە پێموایە ئەوە غەدر دەکات، غەدر لەخۆیو لەیەکێتی دەکات، کۆنگرەی سێیەمیش کۆنگرەیەکی تایبەتمەندە لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو کێشانەی هەمانە باسدەکرێت، چوونەدەرەوەی برادەرانی گۆڕان باسدەکرێت، چونکە ئێمە لەکاتێکدا کۆنگرەی دووەمان بەستووە کەسەدام حسێن لەسەر دەسەڵات بووە، بۆیە ئێستا دەبێت لەهەموو شتەکاندا وەزعی خۆمان بگۆڕین، ساڵانێک سەدام لەسەر دەسەڵات بوو، ئێستا مام جەلال لەشوێنەکەی ئەوە، لەبەرئەوە دەبێت لەم کۆنگرەیەدا هەوڵبدەین بەرنامەی باشمان هەبێت بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە.

### ئەگەر خۆمان ئامادەبین بەگیانی یەکێتی بوون کاربکەین، کۆنگرە بەهیچ ئاراستەیەکدا ناڕوات

**دەستوور:** ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت یەکێتی کۆنگرەی نەبەستووەو لەم ماوەیەشدا یەکێتی دووچاری کۆمەڵێک کێشە هات، بەتایبەت جیابوونەوەی بەشێک لەسەرکردەکانی، پێتوایە ئەم کۆنگرەیە بتوانێت ئەو هەموو کێشەیە چارەسەربکاتو یەکێتی بگەڕێنێتەوە دۆخی رابردووی؟

**مستەفا چاوڕەش:** ئێمەش هەر بۆ ئەوەکاردەکەین یەکێتی بگەڕێتەوە سەر سکەکەی جارانی، بەڵام ئەگەر لە١٠٠٪ی کێشەکانیش چارەسەنەکەین لە٧٠٪ چارەسەربکەین زۆرباشە، چونکە هەمو شتێک بەدڵی تۆ نابێت، خەڵکمان لێجیابووەتەوە کەکۆمەڵێک کادیربوون، خەڵکمان لێ شەهید بووە، ٢٠ بۆ ٢٥ ئەندامی سەرکردایەتیمان کەمە، ئێستا ئەو ٢٥ کەسە لەخەڵکو گەنجی تازەو ژن دێنە پێشەوە هەوڵبدەین بەهەموو لایەکمان کەموکوڕیمان هەبێت چارەسەری بکەین، بەرنامەی باش دابنێین بۆ داهاتوومان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا، بۆئەوەی یەکێتی چۆن ئیشبکات لەسەدا سەد خۆ ئێمە گوێزی ساغنین جارجار شتی تریشمان تیادەبێت.

**دەستوور:** یەکێتی ١٦٠٠ ئەندامی کۆنگرەی هەیە، ٥٠٠ کەس خۆیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتووە، زۆربەی ئەوانەی ئەمجارە خۆیان پاڵاوتووە خۆیان بەگەنج دەزانن، ڕێژەی ژنانیش کەمنین؟ لەولاشەوە دەبینین هەموو ئەندامە کۆنەکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی هاتوونەتەوە نێو کۆنگرە؟ هەستناکەیت ململانێیەکی توند ئەمجارە لەنێوان گەنجانو بەتەمەنەکانی نێو حیزبەکە دەبێت؟

**مستەفا چاوڕەش:** ململانێ نییە، جارێ پێش هەموو شتێک من لە١١/٥دا لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بۆچوونی خۆم نوسیووە، کەکۆنگرەمان بۆ کێیە چیبکەین باشە؟، ئێمە دەبێت یەکێتی موتوربە بکەین، ئەم گەنجە تازانە لەگەڵ ئەوانەی کامڵن، من بۆخۆم ٢٠ ساڵە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتم ناڵێم ئێمە بێکەموکوڕیبین، بەڵام دەبێت سەرکردایەتییەک هەڵبژێرین کەبەگویرەی ڕووداوەکان بێت، خۆتۆ یەکێتی تەسلیمی سەرکردایەتییەک ناکەیت کەهەمووی گەنج بێتو کەسی تری تیانەبێت، خۆ دەبێت چوارکەسی تیابێت کە لەمێژووی خەباتی یەکێتی بزانێت، خۆ دەبێت سەرکردایەتیەک هەڵبژێریت کەسبەینێ دەچێت بۆ لای کاک مەسعود سەرۆکی هەرێم شەخسییەتو قوەتی خۆی هەبێت کەبناسرێت، بچێت بۆ لای مالکیو حکومەتی تازە، دەبێت سەرکردایەتییەک هەڵبژێرین کەسەردانی حکومەتی تازە بکات کەهێشتا پێکنەهاتووە، لانیکەم بتوانێت لەڕووداو و وەزعی یەکێتیو عێراق بەباشی بزانێتو بەرامبەرەکەشی ڕێزی لێبگرێت، لەبەرئەوە نابێت ئێمە بکەوینە دوای شیعارات، بۆچوونی خۆم وایە کەژنێک دێتە پێشەوە، چۆن ژنێکمان دەوێت، ژنێکمان دەوێت کەقاڵبووبێت لەخەباتداو لەپێناو یەکێتیدا ماندووبووبێت، خۆ ئێمە گەنج لەدەرەوە ناهێنین بیکەین بەسەرکردایەتی، ٥٠٠ کەس خۆی هەڵبژاردووە ئەوانە کادیرن، مانای وایە یەکێتی دەوڵەمەندە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە خەڵکی تریشی تیابێت کە لەمێژوو و قوەتی یەکێتی شارەزابن، تەمەننا دەکەم ئەو گەنجانەی دێنە سەرکردایەتی گەنجی باشبن، ژنەکان ژنی باشبن، ناڵێم خراپن، بەڵام کەسێکمان دەوێت کە لەئاستی پێویستدا بێت.

### کۆنگرەیەك ١٠ ساڵ دواکەوتبێت هەموو شتێك بەدڵی ئێمە نابێت

**دەستوور:** ئەگەر گەنجێکی کەم لەکۆنگرەدا دەرچوونو هەر هەمان ئەو سەرکردایەتیو مەکتەب سیاسییانەی ئێستا دەرچوون؟ هەستناکەیت هیچ گۆڕانکارییەک لەو حیزبەدا نەکراوەو وەکو خۆی ماوەتەوە؟


**مستەفا چاوڕەش:** ئەوانەی پێشوو هەمووی دەرناچێتەوە، ئێمە ٢٥ کەسمان کەمە، هەشت نۆ کەسی لەگەڵ گۆڕان ڕۆیشتووە، خەسرەو شێرە، شاخەوان عەباسو شەوکەتی حاجی موشیر شەهید بوون، خەلیل دۆسکیو جەبار فەرمان کۆچی دوایانکردووە، جارێ هەر ئەمە نزیکەی ١٥ کەس، ڕەنگە سیان چوارێکی تریشمان خۆی هەڵنەبژێرێتەوە، ڕەنگە نەخۆش بێت یان حاڵەتێکی لەوشێوانە، واتە ئەگەر ٣٥ کەس هەڵبژێرێت، ئەوا ٢٥ تازە دێتە پێشەوە ئیتر بۆچی نیگەران دەبن، هەموومان بەدەستە جەمعی گۆڕانکاری دەکەین، خۆ ئەگەروابێت دنیا ناخوات، ئەمەی هەیە کەمی نەکردووە، ئەوەی

### سەرکردایەتییەك هەڵدەبژێرین شەخسیەتی هەبێت

ماویشە سەرکردایەتییەک بووە قۆناغە سەختەکانی تێپەڕاندووە، لەدژی دیکتاتۆریەت خەباتیکردووەو سەدامی روخاندووە بەسەرکردایەتی ئەو، ئەوەی ئێستا ماوە لەگەڵ ئەوەی تردا هەماهەنگی بکەنو کاری باشبکەن، مەرج نییە باکەسیان هەڵنەبژێردرێن ئەوە کۆنگرە بڕیاردەدات، خۆ کاتێک دەچیتە کۆنگرەوە شەرتو شروتت نییە بڵێی من بم، خۆ دەنگیان نەدایتێ دەرناچیت جا با حەزکات کۆنگرە دەنگی نەداتێ.

**دەستوور:** هیچ گرەنتی هەیە بۆئەوەی کەهەموو ئەو ئەندامانەی خۆیان پاڵاوتووە ئەگەر دەرنەچوون هەموویان لەچوارچێوەی یەکێتدا بمێننەوە؟

**مستەفا چاوڕەش:** من ئەوە نازانم، بەڵام تەمەننا دەکەم هەموویان مولزەمبن، خۆ بەمەرجی سەرکردایەتی نەهاتووە ئەگەر دەرنەچوو بچێتەدەرەوەو بەردبارانمانکەن، ئەگەر دەرنەچوو دەچێتەوە ماڵی خۆی، کۆمیتەو حیزبو فەرماندەی خۆیو ئیشوکاری خۆی دەکات، با خۆی ئامادەبکات بۆ کۆنگرەیەکی تر واجبی هەیە خۆ کەس لەم حیزبەی ئێمەدا بێ ئیش نییە، لەبەرئەوە ئەگەر دەرنەچوو سەنگەرم لێبگرێ، ئەگەر دەریشچوو ئەوە کوڕی چاکەو سەرکردایەتی بێت لەدنیا شتی وانییە.


مستەفا چاوڕەش: کۆنگرە بەهیچ ئاراستەیەکدا ناڕوات

# پارتی راوی سلێمانی دەکات


## چاودێرانی سیاسی دەڵێن گۆڕینی بەرپرسی لقو ناوچەکان فریای پارتی ناکەوێت لەسلێمانیو گەرمیانو کەرکوک

زانیار محەمەد

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستەی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەسەریدا هات، پارتی دەستیکردووە بەگۆڕینی بەرپرسی رێکخستنەکانی لەسلێمانیو کەرکوکو گەرمیان، بەڵام چاودێرانی سیاسی دەڵێن دەبێت پارتی بەرنامەکەی بگۆڕێت نەک بەرپرسەکانی.

لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پارتی تووشی سەرسامی بوو، کاتێک ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە، لەسلێمانیو گەرمیانو کەرکوک، دەریخست رێژەی لایەنگرانی پارتی ئێجگار کەمیکردووە.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بەتێکرای کاندیدەکانی پارتی لەسنووری پارێزگای سلێمانی، کەگەرمیانیش دەگرێتەوە، توانییان تەنیا نزیکەی ٦٠ هەزار دەنگ کۆبکەنەوە. ئەوەش بە بەراورد بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، دەردەکەوێت ژمارەی لایەنگرانی پارتی لەپارێزگای سلێمانی کەمیکردووە، چونکە لەو هەڵبژاردنەدا پارتی ٩٠ هەزار دەنگی هێنابوو. ئەوەش لەکاتێکدا بەرزترین رێژەی دەنگدەر لەهەرێمی کوردستاندا، لەسلێمانییە.


کارێکی زەحمەتە پارتی بتوانێت نفوزی خۆی لەسلێمانیو گەرمیانو کەرکوک زیادبکات

پارتی بەشێک لەبڕیارەکانی بۆ گۆڕینی بەرپرسی لقو ناوچەکانی سلێمانیو گەرمیانو کەرکوکی جێبەجێکردووە، لەو گۆڕانکارییانەش گۆڕینی بەرپرسی لقەکانی سلێمانیو کەرکوکو گەرمیانو خانەقینو هەڵەبجەو چەمچەماڵی گرتووەتەوە.

سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لەسەرکار لابراوی لقی چواری پارتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند سەرکردایەتیی حیزبەکەی بڕیاری گۆڕانکارییەکانی داوەو وتی "سەرکردایەتیی پارتی خۆیان چییان پێ باشبێت، ئەوە دەکەن".

سەلام عەبدوڵڵا وتی "بێگومان مەبەستی ئەو گۆڕانکاریانەش، بۆ باشکردنی دۆخی پارتییە لەو ناوچانەدا".

چاودێران دەڵێن شکستەکەی پارتی هێندەی پەیوەندیی بە بەرنامەو پەیامی ئەو حیزبەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بەکادرەکانییەوە نییە، بۆیە بڕوایانوایە پارتی پێویستی بەخۆداچوونەوەو گۆڕینی سیاسەتەکانیەتی، نەک بەرپرسەکانی.

کامەران مەنتیک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین، گۆڕانکارییەکانی پارتی بەشکڵی وەسفکرد، دەڵێت ئەوانە فریای پارتی ناکەون.

کامەران مەنتیک بۆ دەستوور وتی "پارتی هەستیکردووە لەقەیرانێکی سیاسیی ناوخۆییدایەو پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، لەترسی ئەوەی وەک یەکێتی بەسەرنەیەت، بیریان لەوە کردووەتەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئەنجامبدەن".

مەنتیک دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پارتی تەنیا ئەو گۆڕانکارییە شکڵیانە بەس نییە، بەڵکو پارتی پێویستی بەگۆڕانکاریی بنەڕەتی (جەزری) هەیە، چ لەسەر ئاستی رێکخستنو ئەندامانی، چ لەسەر ئاستی فیکرو ئایدۆلۆجیاو بەرنامەکەی.

جەوهەر نامیق سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا لەدوای نسکۆی ١٩٧٥وە لایەنگرانی پارتی لەناوچەی سلێمانیو گەرمیان کەمیکردووە، دەڵێت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش واقیعی پارتی لەو ناوچانە دەرکەوت، کەرێژەکەی ئێستای تەنانەت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ کەمتر بووە.

جەوهەر نامیق وتی "ئەو گۆڕانکاریانەش رەنگدانەوەی ئەو شکستەیە، کە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پارتی خۆی تێدا بینییەوە، بۆیە گۆڕانکاری بۆ گۆڕانکاری، باوەڕناکەم ئەنجامی جدی هەبێت، ئەگەر هاتوو بەرنامەی جدی نەبێت".

عەدالەت عەبدوڵڵا نووسەرو رۆژنامەنووس روونیکردەوە "گۆڕانکارییەکانی پارتی لەناوچەی سلێمانیو گەرمیان، پەیوەستە بەوەی تاچەند کەسانی شیاو و بەتوانا لەو جێگەیانە دادەنرێن، هەروەها پەیوەندیی بە بەرنامەی تازەو بکەری کۆمەڵایەتیی تازەوە هەیە".

لەنوێترین دیمانەدا بروسک نوری شاوەیس سەرپەرشتیاری تازە دانراوی لقی چوار لەوەڵامی پرسیاری ئێستا پارتی چوارەمین حیزبی سلێمانییەو ئایا ئەمە بەشکست نازانن، بروسک نوری دەڵێت "بەڵێ بەشکستی دەزانین، بەڵام ئێمە دەمانەوێت ببینەوە بەحیزبی یەکەم، لەو شکستە وانەمان وەرگرتووەو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵو مەنتیقی دەکەینو بەرەو سەرکەوتن دەڕۆینەوە".

بەڵام کامەران مەنتیک وتی "کارێکی زەحمەتە، جارێکی تر پارتی بتوانێت نفوزی زیادبکات لەسلێمانیو گەرمیان، چونکە ئێستا پارتی تەنانەت لەو ناوچانەشی کە نفوزی خۆیەتی وەک هەولێرو دهۆک، لەقەیرانێکی راستەقینەدا دەژی".

# "دەبێت پارتە جەماوەرییەکان ببن بەپارتی دەستەبژێر"

## د. سەباح سوبحی پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ دەستوور

سازدانی: ئارام عەلی سەعید



**د. سەباح سوبحی، پسپۆڕی پارتە سیاسییەکان لەکۆلێژی یاساو رامیاری بەشی زانکۆی سەلاحەددین، پێیوایە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانەی تێی کەوتوون، باشترە حیزبە کوردستانییەکان لەحیزبی جەماوەرییەوە بۆ حیزبی دەستەبژێر بگۆڕدرێن. سوبحی دەڵێت زیادکردنی فرەیی لەناو حیزبو پەیڕەوکردنی دیموکراسی رێگە دەگرێت لەجیابوونەوەی بەشێک لەسەرکردەو کادرەکانی حیزب.**

**دەستوور:** ئێوە وەکو پسپۆڕێکی بواری پارتو رێکخراوی سیاسیی چۆن لەسیستمی سیاسیی حیزبەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەڕوانن؟

**د. سەباح:** لەهەرێمی کوردستاندا سیستمی حیزبی دامەزراوە لەسەر بنەمای فاکتەری جۆراوجۆر، وەک رووبەڕووبونەوەی ئەو شاڵاوەی کەدەکرا دژ بەنەتەوەی کورد، هەروەها دروستکردنی هێزێک دژ بەتۆتالیتاریزمو تاکڕەوی کەمێژووی عێراق ناسراوە بەم جۆرانە، سەرەڕایی ئەو قۆناغە مێژوویانەی کەمیللەتی کورد تیادا تێپەڕیوە.

ئەو سیستمە حیزبیە کەپەیڕەوکراوە لەهەرێمی کوردستان، بێگومان دەکرێ بەهێزی بکەین بەرێگای رێکخستنیان، بەیاسای جۆراوجۆر کەبتوانرێ لەئاکامدا دیاردەی نێگەتیڤی کەمبکرێتەوە، هەروەها چالاکبکرێتەوە بەرێگای چاکسازی لەسیستمەکەو خودی پارتە سیاسییەکان.

**دەستوور:** زۆرجار حیزبە کوردییەکان دووچاری کێشەوگرفت دەبن لەناوخۆی خۆیاندا، دواجار بەجیابوونەوە کۆتایی دێت. پێتوانییە بەشی گەورەی کێشەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فۆڕمی کارکردنو هەیکەلی ئیدارییان دەبێ گۆڕانکاری تیادا بکرێ؟

**د. سەباح:** پارتە سیاسییەکان بۆئەوەی بگەنە ئاستی پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت لەناو حیزبەکەدا، دەبێ رەچاوەی خاڵی فرەیی سیاسیی بکەن لەچوارچێوەی حیزبدا، ئەمەش بەمانای قبووڵکردنی فرەیی لایەنەکانە کە لەناو حیزبەکە سەرهەڵدەدات، بەڵام لەچوارچێوەی یەک هزری سەرەکیدا کە هەموو لایەنە جیاوازەکان بەهۆی ئەم هزرە یەکدەگرن لەچوارچێوەی یەک حیزبدا.

بەڵام لەهەمانکاتدا شاراوە نییە کەهەندێک لەگروپە جیاوازەکانی ناو حیزب ناتوانن کاربکەن لەژێر یەک هزری سەرەکیدا، ناچار حیزبی دایک بەجێدەهێڵنو جیابوونەوەی خۆیان رادەگەیەنن، کە بەم پرۆسەیش دەڵێن جیابوونەوە (انشقاق).

کەفاکتەرەکانی جیابوونەوەی گروپێک لەناو حیزبدا پێکهاتووە، چەند دانەیەکن بەگشتی، یەکەم پاڵنەری سۆز، لێرەدا جیابوونەوە ئەنجامدەدرێت لەسەر بنەمای هاوسۆزی، کەحاڵەتی بیرکردنەوەو عەقلانیەت لەم بڕیارە هەستیارەدا کەمدەبێتەوە، بەتایبەتی لەو کەسانەی کەبەدوای ئەو گروپە دەکەون کەجیابوونەتەوە.

دووەم پاڵنەری بەرژەوەندی، لێرەدا پاڵپشتکیردن لەو گروپە کەجیابوونەوەی خۆی راگەیاندووە، لەئاکامی گەیشتن بەئیمتیازاتو دەستکەوتی تایبەتییە وەک پۆستو پارەو پێگەی کۆمەڵایەتی...هتد.

سێیەم پاڵنەری عەقڵی، لێرەشدا پەیوەندی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتێکی تایبەتیو گەیشتن بەدەرئەنجامێک کە ئەو جیابوونەوەیە شتێکی باشەو بەشێکە لەئاواتو هیوای قۆناغێکی نوێی ژیان.

**دەستوور:** تاچەند حیزبە کوردییەکان هەنوکە پێویستیان بەخۆنوێکردنەوەو دەرچوون هەیە لەو هەیکەلە ستالینییەی کەچەندین ساڵە کاری لەسەر دەکەن؟

**د. سەباح:** لەراستیدا پارتە سیاسییەکانی جیهان لەڕووی دروستبوونو لەڕووی ئۆرگانی ناوخۆیی حیزب جیاوازییان هەیە، پارتە سیاسییەکان لەئاکامی کۆکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو هزری دروستدەبێت، ئەمەش بەهەمان شێوە لەسەر شێوازی ئۆرگانی حیزبی رەنگدانەوەی دەبێت.

ئەو شێوازەی زیاتر لەهەرێمی کوردستان بەکاردێت، ئیعتمادی سەرەکی لەسەر دوو بنەمای سەرەکییە بنەمای کۆبوونەوە، پێکهاتە سەرەکییەکەی حیزب لێرەدا لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب راوەستاوە. ئەم کۆبوونەوانەش بەشێوەیەکی خولاوخول ئەنجامدەدرێت، هەتا ئەگەر هیچ بۆنەیەکی سیاسیش نەبێ، وەک هەڵبژاردن یان رووداوێکی سیاسی گرنگ.

دووەم ژمارەی ئەندام، ئەم شێوازەی کەزۆربەی حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زوورترین ژمارە لەئەندام لەچوارچێوەی ئەو حیزبانەی کە لەجیهان ناسراون بەحیزبی جەماوەری. بەپێچەوانەی حیزبە دەستەبژێرەکان کەنموونەیان نییە لەکوردستان، کەئەوان ئیعتماد ناکەن لەسەر ئەندامبوون، بەرامبەر بەراکێشانی خەڵکی ناودارو بەناوبانگو ئەوانەی کەپێگەیەکی گرنگیان هەیە لەناو کۆمەڵگادا.

شتێکی نامۆ نییە کەحیزبە کوردستانییەکان لەژێر کاریگەری مۆدیلی خۆرئاواییدا بن، بەڵام دەبێ ئەم مۆدیلانە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگادا بگونجێت

پێموایە ئەو شێوازەی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکان بەکاریدەهێنن، پێویستە بگۆڕدرێ لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە کە کوردستانی ئێستای تێدایە، پێویستی بەم حیزبانە هەیە کەنوێنەرایەتی قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی دەکات (بەدیموکراسیەت کردن) کەعێراق بەشێوەیەکی گشتی پێیدا تێپەردەبێت.

هەر حیزبیک پێویستی بەوە هەیە کەدەرگایەک بکاتەوە بۆ فیکرێکی نوێ، بۆ ئەوەی حیزب بەردەوامی خۆی زەمانەت بکات بەرامبەر بەگۆڕانکارییەکانی ئەو ژینگەیەی کەحیزب تێیدا کاردەکات، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەهەڵسەنگاندنێک دەبێ لەناو خودی حیزبەکەداو گشت پێکهاتە جیاجیاکان بەشداری لەم پرۆسەیە دەکەن.

**دەستوور:** پێتوایە ئەم هێزانە دەتوانن بەو میکانیزمە خۆرئاواییەی کەحیزبی سیاسیی لەسەر دروستبووە کاربکەن؟

**د. سەباح:** بێگومان دروستبوونی پارتە سیاسییەکان داهێنانێکی رۆژئاواییە، ئەمە شتێکی نامۆ نییە کەحیزبە کوردستانییەکان لەژێر کاریگەری مۆدیلی خۆرئاواییدا بن، بەڵام دەبێ ئەم مۆدیلانە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگادا بگونجێت، لەبەر ئەوەی پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، کەوا لەناو پارتە سیاسییە رۆژئاواییەکاندا جیاوازی هەیە، ئێمە دەبێ بەپێی توانا باشترین شێواز هەڵبژێرین، نەک وەک ستاندارد، بەڵکو وەک شێوازێک کەپێشتر تاقیکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ رەچاوکردنی هەر گۆڕانکارییەک لەداهاتوودا بکرێ لەئاکامی هەر قۆناغێکی داهاتوودا.

پێموایە ئەو شێوازەی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکان بەکاریدەهێنن، پێویستە بگۆڕدرێ

# قۆناغێکی نوێو ترسناك بەڕێوەیە

## پەکەکە هۆشداریی دەداتە تورکیاو عەبدوڵلا گیولیش بەهەڕەشە وەڵامی دەداتەوە

دەستوور

لەنوێترین کاردانەوەی گەریلاکانی پەکەکە هەڕەشەی توند لەسوپای تورکیا دەکەن کە لەبەرامبەر هەر هێرشێکدا بەتوندی وەڵامی تورکیا دەدەنـــەوە، ئەگەرچی بڕیاری ئاگربەستیان دابوو، عەبوڵلا گولیش بەهەڕەشە وەڵامیان دەداتەوە.

دوای پێکدادانەکەی ئەمدواییەی نێوان گەریلاکانی پەکەکەو سوپای تورکیا لەناوچەی ئیسکەندەرونی ئەو وڵاتە، کەکوژرانی ٦ سەربازو برینداربوونی ٧ی دیکەی لێکەوتەوە، پەکەکە هۆشداریی دەداتە حکومەتو سوپای تورکیا کە لەبەرامبەر هەر هێرشێکدا کەبکرێتە سەریان بێ وەڵام نابنو تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، عەبدوڵلا گیولی سەرکۆماریش هەڕەشەی لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکەو بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامیان دەکات.

لەلایەکی ترەوە پارتی ئاشتیو دیموکراسی ئۆپۆزیسیۆنی نێو پەرلەمانی تورکیاش پێیوایە بەرپرسیارێتییەکە زیاتر دەکەوێتە سەر حکومەت، چونکە خەمخۆری چارەسەرکردنی کێشەکانو وەستاندنی پێکدادانەکان نییە.

**پەکەکە: بەباشترین شێوە بەرگری لەخۆمان دەکەین**

لەبەیاننامەیەکدا کەهێزەکانی پاراستنی گەلی باڵی سەربازی پەکەکە بەبۆنەی ١ی حوزەیرانەوە بڵاویانکردووەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کەوەک یەکێک لەپێویستییە رەواکانی بەرگریکردن "دەمانەوێت ئەوە بەگەلو ڕای گشتی رابگەیەنین کە لەبەرامبەر هەر هێرشێکدا کەسوپای تورکیا بیکاتە سەرمان بەکاریگەرترینو بەربڵاوترین گورز وەڵامی دەدەینەوەو ئەوەش مافی خۆمانە".

لەبەیاننامەکەدا هاتووە کەئەوە شێوازێکی بەرگریکردنە لەخۆمان کەسەرەڕای خەباتی دوورو درێژی چەند ساڵەو ئاگربەستو ئاشتی یەکلایەنەو گەڕان بەدوای برایەتیدا دەوڵەتی تورکو بەتایبەتیش پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار بەسیاسەتی نکوڵی لێکردنو سڕینەوەو کۆمەڵکوژی وەڵامی دەداتەوە.

هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لەبەیاننامەکەدا ئەوە روونەدەکەنەوە کەئەنجامی هەوڵو خەباتی بەردەوامی ئەوان "دەوڵەت ناچاربووە بەرەبەرە باس لەکێشەی کورد بکاتو هەر لەو چوارچێوەیەشدا لەڕێی چەند کرانەوەیەکی کلتورییەوە قۆناغێکی نوێی لەکۆمەڵکوژی بەرامبەر بەگەلی کورد دەستپێکردووە."

پەکەکە ئەگەرچی لەمانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٩ەوە ئاگربەستی تاکلایەنەی راگەیاندووە، بەڵام ئاماژە بەوەدەکەن کە لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا ١٥٠٠ سیاسەتمەداری کورد بەبێ هیچ هۆیەک راپێچی زیندانەکان کراونو زیاتر لە ٤٠٠٠ منداڵی کوردیش سزایان بەسەردا سەپێندراوە.



**پەکەکە: لەماوەی ساڵێکدا ١٥٠٠ سیاسەتمەداری کورد راپێچی زیندان کراون**

**گیول: تورکیا بە بەهێزترین شێوە بەرەنگاری تیرۆر دەبێتەوە**

عەبدوڵلا گیول لەبارەی بەردەوامی پێکدادانەکانی ئەمدواییەو هێرشەکانی سوپاو هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر گەریلاکانی پەکەکە رایگەیاند بەپتەوترین بڕواو بە بەهێزترین شێوە بەرەنگاری پەکەکە دەبینەوە تائەوکاتەی "تیرۆرو توندوتیژی بەتەواوەتی لەڕیشەوە دەردەهێنین".

سەبارەت بەکوژرانی ٦ سەربازو برینداربوونی ٧ی دیکەش لەسەربازانی سوپای وڵاتەکەی لەبەیاننامەیەکدا گیول رایگەیاندووە ئەو هێرشە "گڵاوانە" هیچ کاتێک ناتوانن ببنەڕێگر لەبەردەم ئیرادەو سووربوونی دەوڵەتی تورکیاداو هەرگیز ناگەنە ئەنجام.

**دەمیرتاش: ئەوانەی دەکوژرێن کوڕی هەژارانی ئەم وڵاتەن**

سەڵاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) بەرامبەر بەزیادبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمدواییەی سوپای تورکیا کاردانەوەی پیشانداو رایگەیاند هەموو ئەوانەی چ لەشاخو چ لەڕیزەکانی سوپادا دەکوژرێن کوڕی خێزانە هەژارەکانی ئەم گەلەن.

پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) کەپارتێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە داوای لەڕەجەب تەیب ئەردۆگان کرد ئەگەر جدییە لەبارەی ئاشتییەوە پێویستە لەپێشدا گرێبەستەکانی کڕینی چەک هەڵوەشێنێتەوە.

ئەو وتانەی دەمیرتاش لەمیانی سەردانی ژمارەیەک لەدەستگیرکراوەکانی پارتەکەی هات لەیەکێک لەبەندینخانەکانداو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد "نزیکەی ساڵێکە ئەو کەسانە دەستگیرکراون، بەڵام لەو ماوەیەداو تائێستا تۆمەتنامەکانیان لەلایەن دادگاوە ئامادەنەکراوەو دادگایی نەکراون".

سوپای تورکیا بڕیاریداوە کەهێرشو ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە بەردەوامدەبێتو رایدەگەیەنێت کەئۆپەراسیۆنەکانی ئەمجارە دەبێت کۆتایی بەو دۆخە بهێنێت. بەڵام تائێستا لەچەند لایەکەوە گومان لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنانەی سوپا دەکرێت.


سەڵاحەدین دەمیرتاش ئاماژە بەوەدەکات کەئەردۆگان دەتوانێت ئەو پێکدادانە کەماوەی ٣٠ ساڵە بەردەوامە رابگرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لەترسی لەدەستدانی دەنگ ئەو کارە ناکات.

ئەو وتی "لەبەرئەوەش کەڕێگاچارەی دیموکراتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کەواتە هەموو ئەو کێشانە لەئەستۆی حکومەتەو ئەو لێیان بەرپرسیارە".

سەرۆکی بەدەپە سەبارەت بەکشانەوەی ئۆجەلان لەنێوەندەکە رایگەیاند "پێویستە هەرچی زووترە دەستەیەک بنێردرێتە لای لەئیمرالی، چونکە بەشداریی کاریگەری دەبێت لەمەسەلەکاندا، ئەوەش پێویستە کەکێشەکانی تورکیا وەک کێشەی خوێنی نێوان دوو کەس تەماشانەکرێن".

# ئاپۆ

ئەحمەد ئالتان
و. محەمەد عەلی



عەبدوڵلا ئۆجەلان

من بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەو نهێنییە تێنەگەیشتبووم کە بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو دڕندەو شێتو بێ دەماغانە لەمێژووی عوسمانیدا، بۆچی ئێمە تەنها هێرشمان دەکردە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدو وەک دوژمن سەیرمان دەکرد، بەڵام دوای چەندین ساڵ توانیم ئەو گرێیە بکەمەوە. عەبدولحەمید رکابەری سیاسی ئیتیحادییەکان بوو، هەربۆیەش هەموو ئەو کتێبانەی لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا ئامادەکرابوون بێ گوێدانە کارەکانی هیچ یەکێک لەپاشاکانی دیکە راستەوخۆ هێرشیان نەدەکردە سەر سوڵتان عەبدولحەمید.

باس لەهیچ کارێکی باشەی نەدەکرا. ئەو کاتە تێگەیشتم کەهەموو مەسەلەکە بریتییە لەسیاسەت.

بەمدوایانەش لەوە تێنەدەگەیشتم کەبۆچی پەکەکەو بەدەپە نەک لەجەهەپەو مەهەپە نەک لەو کەسانەی کەڕقیان لەکورد دەبێتەوەو ئەو کەسانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم چارەسەری کێشەی کورددا، بەڵکو هەردوو پارتە کوردییەکە هێرش دەکەنە سەر ئاکەپە کەئەگەر نەشیتوانیبێت بیگەیەنێتە دەرەنجامێک خۆی بە "کرانەوەی کوردی"یەوە سەرقاڵکرد، ئەو کەسانەی وەرگرتەوە کە لەقەندیلەوە هاتبوون. بەڵام لەنهێنی ئەوەی بەردەوام پەلاماری ئەو پارتەیان دەدا تێنەدەگەیشتم.

دواتر زانیم تاکە هێزی سیاسی لەدەرەوەی پەکەکەو بەدەپە لەباشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا تەنها ئاکەپە بوو ئەوانیش لەچارەسەرکردن یان چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد بەلایانەوە گرنگتر بەهێزنەبوونی ئاکەپە بوو لەو ناوچانەدا.

لەبەرئەوەش ئەو هەنگاوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەلایەن ئاکەپەوە دەنران لەپێشدا لەلایەن سیاسەتمەدارە کوردەکانەوە رێگری لێدەکرا.

پەکەکە کە بەئامانجی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان کوردو دەوڵەتدا هەیە رووی لەچیاکان کردبوو، هەموو کێشەکانی لەگەڵ دەوڵەتدا خستبووە لاوەو دەستی بەسیاسەتکردن لەدژی ئاکەپە کردبوو. ئەم کێشە گەورانەی کەکورد هەیبوو، سەرلەبەر بۆ دژایەتییەکی سیاسی کەتێیدا چەکەکان رۆڵیان دەبینی گۆڕابوو. هەر بۆیەش چارەسەری کێشەکە بەبنبەست گەیشتبوو. ئاکەپە سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو کەنەبێتە هۆی سوودگەیاندن بە پەکەکەو بەدەپە، لەبەرامبەریشدا پەکەکەو بەدەپە دەبوونە رێگر لەبەردەم هەرچارەسەرێکدا کەپێیان وابوو لەبەرژەوەندی ئاکەپەیە. ئەوەی هەردوولاش هەوڵیان بۆ دەدا جگە لەمەحاڵ هیچی دیکە نەبوو.

نەبەشێکی گرنگی گەلی کورد وازیان لەپەکەکەو بەدەپە دەهێناو نەچارەسەرکردنی کێشەکەش لەو رێگەیەوە دەبوو کەپارتی دەسەڵاتدار بەهەموو جۆرێک لەدەرەوەی بازنەکە بێت.

لەم دژایەتییە سیاسییەشدا کێشەی کورد ون ببوو، هەموو رێگاکانی دۆزینەوەی چارەسەرێکی جدی بەبنبەست گەیشتبوون، هەمووی ببوە کۆمەڵێ کاری بێ ماناو گاڵتەجاڕانە. پەکەکە بەدروستکردنی بیانوی جیاواز جیاواز لەگیرەسونو تۆکات خەڵکیان دەکوشتو هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژییەکانیان دەدا. پەکەکە لەچیاکان لەگەڵ سوپادا دەجەنگان کەچی کاتێک سەیری وتە سیاسییەکانت دەکردن، تەنها رکابەریان ئاکەپە بوو. لەبنەڕەتیشدا هەردوولا ئاتاجی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوون، ئاکەپە پێویست بوو لەسەری ئەو کارە بکات بۆ قایمترکردنی پێگەی خۆیو بۆئەوەی خۆشگوزەرانی لە وڵاتدا وەدی بێت، بۆ ئەوەی ئەو خەرجییانەی لەجەنگدا بەهەدەر دەچێت رایبگرێتو سەرباری ئابووری وڵاتی بکات، هەروەک بۆئەوەی ئەو رەشەبای نەتەوەپەرستییەی مەهەپەو جەهەپە هێمن بکاتەوە.

بەڵام پەکەکەو بەدەپە لەبەرئەوەی بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد هاتبوونە بوون، چارەسەرێک قەرزداری گەل بوون، تا جەنگیش درێژەی بکێشایە ئەو کارانەی ئەم دوو پارتە پێی هەڵدەستان زیاترو بەشێوەیەکی جدیتر لەنێو کوردەکاندا لێی دەکۆڵرایەوەو بەگومانەوە تەماشادەکرا. هەردوولایەنەکە کە ئاتاجی چارەسەر بوون ئێستا زۆر لێوەی دوورن.پەکەکە ستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای "زیادکردنی توندوتیژیو خولقاندنی دۆزەخێک لەوڵاتداو لەو رێیەشەوە لەسەر کارلادانی ئاکەپە " دادەڕشت،بەو نیازەی ئەو هێزەی لەدوای ئاکەپەوە دێتە سەر دەسەڵات لەگەڵ پەکەکەدا رێکدەکەوێتو خاوەنی ئەو گوتارە سیاسییە نابێت کەئاکەپە هەیەتی، بەو جۆرەش پلانی بۆ ئەوە دادەنا کەهەموو گوتارە سیاسییەکان لەدەستی خۆیدا بێت.

پەکەکە هیچ کات ئەو ئەگەرەی بەلاوە گرنگ نەبوو کەدەرنجامی کارەکانی پارتەکەی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی رقی (٥٠) ملیۆن تورک هەستێنێتو شەپۆلێکی گەورە لەناڕەزایی دروستببێت، لەئەنجامی ئەو "توندوتیژییەی بەرامبەر"یشدا هێزێک دەسەڵات بگرێتە دەست کە لەناخی رقو کینەوە هەڵقوڵابێت.

ئێستا لەسەرەتای قۆناغێکداین کەخەریکە توندوتیژییەکان دەتەقنەوە، ئەوانەی بیریان چووەتەوە کەچارەسەری کێشەی کورد بەوەدەبێت کە "کوردەکان هاووڵاتی پلە یەکو خۆشگوزەران" بنو ئەو کێشە گەورەیەیان لە "سیاسەتێکی بەرتەسک"دا قەتیس کردووە، هەر لەوێوە رووباری خوێن هەڵدەستێنن.

لەمەشەوە چارەسەر وەدی نایەت، بەڵکو مەرگو کارەسات وەدی دێت. چ تورکو چ کوردیش بەشی خۆی لەم کارەساتە بەردەکەوێ. هەمووان پێکەوە ئازار دەچێژنو پێکەوەش دەمرن. ئەی چۆن لەم بێ عەقڵییە بێ سنوورە رزگارمان دەبێت؟ ئاکەپە کەهەست بەنەتەوەپەرستی دەکات لەڕۆحیدا حەز ناکات لە وجودی جەهەپەو مەهەپەی نەتەوەپەرستدا بەئاسانی خۆی بۆ چارەسەربدات بەدەستەوە، بەدەپە هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە،پەکەکەش وا دیار نییە بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێت. بەبڕوای من پێویستە ئاپۆ بهێنرێتە نێو مەسەلەکەوە. چاکدەزانم کاتێک رەخنە لەپەکەکە دەگیرێت کوردەکان چەند رقیان هەڵدەستێ، کاتێکیش ناوی عەبدوڵلا ئۆجالان دەهێنرێت تورکەکان چەندێک دەهری دەبن، بەڵام لەم رقانەوە عەقڵ سەرچاوە ناگرێت، ئەوەی سەرچاوە دەگرێت تەنها خوێنڕێژییە.

ئاپۆ لەئێستادا تاکە هێزە کەبتوانێ جارێکی دیکە واتای راستەقینەی "کێشەی کورد" بیری کوردەکان بهێنێتەوەو پەکەکە لەتوندوتیژییە بێ ماناکانی بکێشێتەوە، جگە لەویش کەسێک لەنێو کوردەکاندا نییە بتوانێ ئەوە بکاتو ئەوەشی بیەوێت بیکات دڵی بۆ کێشەکە دەسوتێ.

ئەوە ئۆجالانە کەدەڵێت دەتوانم پەکەکە رەوانەی ئەودیوی سنوورەکانی تورکیا بکەم، بەبڕوای من بەنهێنی بێت یان ئاشکرا پێویستە لەگەڵ ئاپۆدا کۆبوونەوە بکرێتو رێگە لەو توندوتیژییە بگیرێت کە لەپێشمانە، چ کوردەکان ببنە هاووڵاتی پلە یەکو چ رێگە لەبەردەم تورکیادا بکرێتەوە. ئەم کارە پێویستە پێش ئەوەی بەلێشاو تەرم رووبکاتە ماڵە تورکو کوردەکان ئەنجامبدرێت.پێش ئەوەی تورە بن یان هەر بڕیارێک بدەن، ئەوەتان لەبیر بێت کە لەوانەیە یەکێک لەو کوژراوانە کەسێکی نزیکی ئێوە بێت.

# کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گروپە نەیارەکانی ئێران

## ئەمریکا لەهەوڵی ئامادەکارییە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران

تایمز ئۆنلاین

ڕێگە بەگروپە تایبەتییەکانی سوپای ئەمریکا دراوە، کە بەچالاکی هەواڵگری هەستن، سەرچاوە فەرمییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەم بابەتە پشتڕاستدەکەنەوە، ئامانج لەم چالاکییانە ئامادەکردنی زەمینەکانو ڕێگاکانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەئەگەری پەسەندکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن ئۆباما ڕاگەیەندراوە.

بەپێی بڕیاری نهێنی نووسراو لەلایەن جەنراڵ دیڤید پترایۆس، یەکە سەربازییەکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێرانو پێوەندیگرتن لەگەڵ گروپە نەیارەکانی حکومەتی ئێران ڕاسپێردراون، هەبوونی وەها بڕیارێک بۆ یەکەمینجار لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاشکراکرا.

بەپێی ناوەڕۆکی ئەم بەڵگە ئاشکراکراوە، ڕێگە بەهێزە تایبەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دراوە کە لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوببنەوە، زۆر کەسیش لەوبڕوایەدایە کەئەگەری چالاکبوونەوەی هێزە ئەمریکییەکان لەناوخۆی ئێران وەک بەهێزترین ئەگەریشە بۆ ناسەقامگیری ئاسایش لەناوچەکەدا.

پترایۆس پایەبەرزترین فەرماندەی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیای ناوەندی، بۆ متمانەبەخشین بەسەرکەوتنی هێزەکانی لەناوخۆی عێراق، لەساڵی ٢٠٠٧دا زۆرترین کەڵکی لەهێزە تایبەتییەکان وەرگرت. بڕیاری ئەم فەرماندە بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی بەکارهێنانی زیاتر لەهێزەکانی تایبەتی، هێزە تایبەتییەکانی (seal)و یەکەکانی ڕێنجێری سوپا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو بەڕێوەبردنی چالاکی سەربازی، دەتوانێ پێوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا تووشی مەترسی بکاو لەهەمانکاتدا کێشمەکێشو ناکۆکی ڕێژەیی لەنێوان دەزگاکانی پاراستنو زانیاری سوپاو ڕێکخراوی سی ئای ئەی لێبکەوێتەوە.

ئەم بەڵگە ٧ لاپەڕەیە کەدەست ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کەوتووە، هەرچەندە کەمانگی سێپتەمبەر ئامادەکراوە، بەڵام هێشتا وەک بەڵگەیەکی نهێنی خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. لەو سەردەمە بەدواوە، واتە لەمانگی سێپتەمبەرەوە پسپۆرانی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکی هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکومەتی یەمەنن، توانیویانە ٦ کەس لە ١٥ ڕابەرەکەی ئەلقاعیدە لەجوگرافیای وڵاتانی کەنداودا بکوژن. ئەم چالاکییانە لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بەکوشتنی ١٣ ئەمریکی لەفۆرد هۆدی تێگزاسو هەوڵی بێ سەرەنجام بۆ تەقاندنەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئەمریکا لەکریسمسی ڕابردوودا دەستپێکردووە.

بەپێی وتەی بەرپرسانی پایەبەرز لەسەردەمی پەسەندکردنی بڕیارەکەی پێترایوسەوە، ژمارەی گروپەکانی چالاکی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئەفغانستان بەرادەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، باس لەوەدەکرێ کەئەم گروپە تایبەتییانەی سوپای ئەمریکا بەڕێوەبردنی زیاتر لەنیوەی چالاکییە سەربازییەکانی ئەفغانستانیان لەئەستۆیە.

بەڕێکردنی هێزی تایبەت بۆ ناوخۆی ئێران جێگەی مشتومڕە، بەڵام یەکێک لەئەرکەکانی فەرمانداری چالاکییە تایبەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرپەرشتی ئێریک ئۆڵسون، چالاکی کۆکردنەوەی زانیاری لەو وڵاتانەیە کەبۆ ئەمریکا وەک مەترسی پێناسە کراون.

وتەبێژی پێنتاگۆن لەمبارەوە بۆ تایمز دەدوێو دەڵێت فەرماندە سەربازییەکان ڕێگەی ئەوەیان پێدراوە، کە لەکاتی پێویستدا، چالاکی کۆکردنەوەی زانیاری بەڕێوەبەرن.

جەنەڕاڵ پێترایۆس یەکێک لەفەرماندە پلەبەرزەکانی پێنتاگۆنە کەداڕشتنی پلان بۆ لەناوبردنی ژێرخانی ئەتۆمی ئێرانی پێسپێردراوە. ئانتۆنی کوردزمەن لەناوەندی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان لەمبارەوە دەڵێت "ئەم پلانو گەڵاڵانە بەردەوام خەریکی نوێبوونەوەو پێداچوونەوەی جیدین، لەبەرئەوەی کەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکی جیدی لەئارادایە".

پێویستە باس لەم بابەتەش بکرێ کە لەم بڕیارە سەربازییەدا وردەکارییەکان دەستنیشان نەکراونو ئاشکرا نەکراوە، کەهێزە چەکدارەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بەدیاریکراوی دەبێ چی بکەن. ئەم بەڵگە نهێنییە کەبەردەستی نیۆیۆرک تایمز کەوتووە، وردەکاریو وادەی ئەم چالاکییانەی تێدانییەو تەنیا بەشێوەیەکی گشتی لەمەسەلەکە دەدوێ. بەلەبەرچاوگرتنی نووسراوەکانی ناو ئەم بەڵگە ٧ لاپەڕەییە، بەشێوەی ڕەسمی ڕێگە بەچالاکی هێزە تایبەتییەکان لەناوخۆی ئێران دراوە، تا زانیاری دەربارەی ناوەندە ئەتۆمییەکان کۆبکەنەوە. هەروەها باس لەوەکراوە کەزانیاری لەبارەی سەرجەمی گروپە نەیارەکانی ئێران کۆبکرێتەوە، تا لەکاتی پێویستو بەتایبەت لەئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەهێزو توانایی ئەم گروپانە کەڵکوەربگیرێت.



ئەمریکا لەگەڵ گروپە نەیارەکانی دژ بەئێران، زانیاری لەسەر ئەو وڵاتە کۆدەکاتەوە

# گێمێکی کۆتایی یارییەکە دەستپێدەکات

## سازدانەوەی خۆپیشاندان لەیادی خۆپیشاندانەکانی پار ساڵی تاراندا، چارەنووسی حکومەتو ئۆپۆزیسیۆن یەکلاییدەکاتەوە

هیوا سەلیمی

سەوزەکانی ئێران خۆیان بۆ سازکردنەوەی خولێکی تری خۆپیشاندانەکان سازدەکەن، بانگەشەی بەئاکام گەیشتنی خۆپیشاندانەکانیان دەکەن، هێزەکانی دەوڵەتیش خۆی بۆ بەرەنگاربونەوەی توند ئامادەکردووە.

### بانگەشە بۆ خۆپیشاندان دەکرێ

لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئێران، لەمانگی شەشی ساڵی پارو ڕاگەیاندنی ناوی ئەحمەدی نەژاد وەک براوەی هەڵبژاردنەکان، میرحسێنی موسەویو مەهدی کەڕوبی دوو ڕکابەری سەرەکیی ئەحمەدی نەژاد لەهەڵبژاردنەکان، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان قەبوڵ نەکردو ئەم دوو ڕکابەرە دەزگاکانی بەرپرس لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان بەساختەکاری تۆمەتبار کرد.

موسەوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی بەشۆکێکی گەورە پێناسەکردو لەنامەیەکدا بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسلامی، خواستی دەسوەردانی ناوبراو و بەرگرتن بەهاتنەئارای ئەمکودەتایەی بەرزکردەوە. لەبەرامبەردا ڕابەری کۆماری ئیسلامی بەبڵاوکراوەیەک، پرۆسەی هەڵبژاردنی بەپرۆسەیەکی تەندروست لەقەڵەم داو پیرۆزبایی لەئەحمەدی نەژاد کرد.

دوابەدوای ئەم ڕووداوە چەندین ملیۆن خەڵکی ناڕازی ڕژانە سەر شەقامەکانی تارانو شارە گەورەکانی ئێران، لەوڕۆژە بەدواوە کێشەو ململانێیەکی توند لەنێوان ناڕازییانو حکومەتی ئێرانی لەئارادایە، کردەی سیاسییو جەماوەری ناڕازییان بەبزووتنەوەی سەوز ناوزەدکراوە. لەئەنجامی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، بەسەدان کەس کوژراونو بەهەزاران ناڕازیش ڕاپێچی زیندانەکانی ئێران کراون. ئەگەرچی ڕابەرانی بزووتنەوەی سەوز، خوازیاری ریفۆرم لەپێکهاتەی سیاسیی ئێرانو بڕوایان بەکۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی دواترو ڕادیکاڵیزەبوونەوەی جوڵە سیاسییەکانی جەماوەر، پێچەوانەی ئەم مەسەلە نیشاندەداو زۆربەی خۆپیشاندەران خوازیاری ڕووخانو نەمانی کۆماری ئیسلامینو دەیانەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن.

لەساڵیادی دەستپێکردنی بزووتنەوەی سەوز، ناڕازییان خۆیان بۆ خولێکی نوێ لەخۆپیشاندانو ناڕەزایەتی ئامادەدەکەن، لەڕۆژەکانی ڕابردوودا چەندین بڵاوکراوە لەلایەن ڕابەرو خەڵکانی سەر بەبزووتنەوەی سەوز بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراوەتەوە. جموجۆڵێکی گەورە لەلایەن سەوزەکانەوە دەستپێکردوە، دەکرێ خۆپیشاندانێکی بەهێز لەلایەن سەوزەکانەوە نمایش بکرێ. هاوکات موسەویو کەڕوبی لەبڵاوکراوەیەکدا خوازیاری هاتنەسەرشەقامو خۆپیشاندانیان کردوە، تەنانەت داوای مۆڵەتی ڕەسمی بۆ ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانانەیان لەحکومەتی ئێران کردوە. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتی ئێرانیش، ئەگەرچی بەتەواوەتی پشتیوانی لەموسەویو کەڕوبی ناکەن، بەڵام زۆر چالاکانە پشتیوانی لەخۆپیشاندانەکانی ئێران دەکەنو لەنزیکبوونەوە لەوادەی دیاریکراو بۆ خۆپیشاندان، خەریکی پڕوپاگەندەی بەربڵاون.

هاوکات ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانو چەندین ڕێکخراوی دیکە، بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن بانگهێشتی خەڵک بۆ خۆپیشاندانیان کردوە. موسەویو کەڕوبی لەچەندین چاوپێکەوتنو بڵاوکراوەدا، بەتووندی بەرپەرچی سیاسەتەکانی حکومەتی ئێرانیان داوەتەوەو تەنانەت لەسێدارەدانی چەندین تێکۆشەری سیاسیی لەهەفتەکانی ڕابردوودا کە بەئەندامییەتی لەئۆپۆزیسیۆنی کورد تۆمەتبارکرابوون، لەلایەن ڕابەرانی بزووتنەوەی سەوزەوە ئیدانە کرا. موسەوی لەتازەترین لێدوانیدا باس لەوەدەکا کە ئەم سیستەمەی ئێستا جێگەی پشتیوانی نییەو ناڕەزایەتییەکانی ئەوان تا گەیشتن بەئامانجەکان درێژەی هەیە.

### حکومەت بەتووندی هەڕەشە دەکات

لەگەڵ ڕاگەیاندنی خۆپیشاندان لەلایەن سەوزەکان، بەرپرسانی سەربازیو ئیداری حکومەتی ئێران هەڕەشە لەخەڵک دەکەن، تا بەشداری لە "خۆپیشاندانە نایاساییەکان" نەکەن.

ساجدی نیا بەرپرسی پۆلیسی تاران ڕایگەیاندوە کە بەتووندی بەرپەرچی خۆپیشاندەران دەدەنەوە.

مورتەزا تەمەدون پارێزگاری تاران، ئیسلاحخوازانو ناڕازییان بەفیتنە ناودێردەکات. هاوکات زۆربەی پەرلەمانتارانی سەر بەئەحمەدی نەژادو خەتیبەکانی نوێژی هەینی شارەکانی ئێران، داوای سزای قورستر بۆ ناڕازییان دەکەنو بەردەوام خەریکی هەڕەشەکردن لەئەنجامی سەرپێچی کردن لەیاساکانی دەوڵەتی ئێران. هەڕەشەکانی حکومەتی ئێران تەنیا بەم بابەتانە نەوەستاوەتەوەو زۆربەی چاودێران لەسێدارەدانی چەندین چالاکوانی سیاسی لەڕۆژەکانی ڕابردوودا بۆ نیگەرانی حکومەت لەئەگەری خۆپیشاندانەکان دەگێڕنەوە.

ئەحمەدی موختاری مامۆستای کۆمەڵناسی لەزانکۆکانی نەرویج، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد، وەک تاکتیک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەدژی بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا ناودێردەکات.

بەبڕوای ئەحمەدی موختاری یەکێک لەئامانجەکانی ئێران لەسێدارەدانی فەرزادی کەمانگەرو هاوڕێکانی، نیگەرانی حکومەت لەبەرپابوونی خۆپیشاندان لەساڵیادی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆککۆماری ئێرانە. وتی "حکومەتی ئێران وەک پیشەی هەمیشەیی، دەیەوێ بۆ بەرگرتن لەم ناڕەزایەتییانە بارودۆخێکی قورسو ترسناک بەسەر کۆمەڵگا داسەپێنێت. حکومەت لەلایەکەوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کەسەوزەکان دژی کۆماری ئیسلامیینو لەلایەکیترەوە بەلەسێدارەدانی چەند نەیاری سیاسیی دەیەوێ بەخەڵک بڵێ کەعاقیبەتو ئەنجامی دژایەتیکردن لەگەڵ حکومەت ئەم چارەنووسەیە".

### دەتوانێ زۆر لەمەسەلەکان یەکلابکاتەوە

کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو سەرکوتێکی ڕەهاو فەزایەکی تەواو داخراو هەنگاو دەنێ، لەبەرامبەریشدا سەوزەکان بۆ چەند مانگێکە کە نەیانتوانیوە ناڕەزایەتی بەربڵاو و کردەی سیاسیی هاوبەش پێکبێنن.

زۆر کەس باس لەپاشەکشەی سەوزەکانو کۆتاییهاتنی هێزو توانای ئەوان دەکاتو کەچی سەرجەمیان لەو بڕوایەدان کەبزووتنەوەی سەوز نەمردووە. دەزگاکانی حکومەتی ئێران باس لەکۆتاییهاتنی تەمەنی سەوزەکان دەکەنو لەبەرامبەریشدا سەوزەکان باس لەئامادەکاری بۆ هەستانەوەی سەرلەنوێ دەکەن. چاودێرانی سیاسی لەپەیوەند لەگەڵ ئەم بابەتە، مەسەلەی هاوکێشەی سیاسیی دەوروژێنن، لەو بڕوایەدان کەئەگەری شکستی سەوزەکان لەدروستکردنی خۆپیشاندان، دەتوانێ بەشێک لەقورساییەکانی قەیرانەکانی حکومەت کەم بکاتەوەو ئێران بەرەو داخراوبوونی زیاتر بەرێ.

موختاری مامۆستای زانکۆ ناڕەزایەتی بەربڵاو لەساڵیادی هەڵبژاردنەکان بەدەرفەتێکی یەکلاکەرەوە وەسف دەکا، دەڵێت "خەڵکی ئێران جگە لەناڕەزایەتی بەربڵاوترو بەچۆکدادانی حکومەتی ئێران، هیچ بژاردەیەکیتریان لەبەردەمدا نییە. ئەزموونی بارودۆخی لەمشێوە لەهەموو جیهاندا ئەو ڕاستییە دەردەخا کە لەئەگەری شکستی ناڕازییان، هەلومەرجێکی دژوارتر دێتەئاراوە، هەر بۆیە بەڕای من ساڵیادی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەم، دەرفەتێکی یەکلاکەرەوە بۆ هەر دوو لایەنی ئەم کێشمەکێشە سیاسییە. بەردەوامی ناڕەزایەتیەکان هەڵوەرینی ڕیزەکانی حکومەتی ئێرانو قەیرانی زیاتری لێدەکەوێتەوە، سەرکەوتنی سەوزەکان دەتوانێ زەمینەکانی گەشبین بوون بەداهاتووی دیموکراسی لەئێران بخولقێنێ".



بەرپرسانی ئەمنی ئێران هەڕەشە لەسەوزەکان دەکەن

# نیلیسا ئەلبومە ڕۆمانسیەکەی بڵاودەکاتەوە



دەستوور

خانمە گۆرانیبێژی تازە دەرکەوتووی بواری هونەری گۆرانی نیلیسا جەبار ئێستا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبومێکە بەناوی خۆشمدەوێیت.

نلیسا لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەم ئەلبومەم لە ١٢ گۆرانی پێکهاتووە، زۆربەی گۆرانییەکان بەستایلی ڕۆمانسی وتومە کە ستایلی خۆمەو یەک گۆرانی بادینی تێدایە لەگەڵ گۆرانیەکی هەڵپەڕکێو گۆرانیەکیشم بۆ دایکم وتوەو ئەوانەی تریش بەسۆرانی وتومە".

کاری میوزیکی گۆرانیەکان لەلایەن هونەرمەند هێمن حسێن دابەشکردنی موزیکی بۆکراوەو سەرجەم ئاوازەکانیشی هی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرە، تێکستەکانیشی هی هەریەک لەشاعیران (حەمە سەعید ئیبراهیم، دەرباز یونس، هەڵکەوت زاهیر، ئەدیب چەلەکی، کەژاڵ ئەحمەد)ە.

# کازم ئیبراهیم لەسلێمانی سۆراغی کێ دەکات؟

دەشتی ئەنوەر

گۆرانی "سۆراغ"ی کازم ئیبراهیم کاری وێنەگرتنی لەقوناغی کۆتاییدایەو بڕیارە بەم نزیکانە لەشاشەکانەوە بڵاوبکرێتەوە.

هونەرمەند کازم ئیبراهیم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەئێستادا سەرقاڵی کلیپی گۆرانییەکم بەناوی سۆراغەوە کەئاوازی خۆمو کامێراو دەرهێنانی سالار عەبدوڵڵایەو شیعرەکەشی هی مامۆستا ساڵح بێچارەو دابەشکردنی مۆزیکەکەشی لەلایەن دلێر حسێنەوە ئامادەکراوە".

کازم وتی "کاری وێنەگرتنی خەریکە تەواو دەبێتو لەداهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە، سەرجەم ئیشو کارەکانو وێنەگرتنەکەشی لەناو شاری سلێمانیو بەشێکیشی لەدەرەوەی شاری سلێمانیدا بەئەنجام گەیەندراوە".

# سانا حەز بەهونەری ئیمۆ دەکات

مۆگر لەسلێمانی



بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەردۆستان ڕۆژی ٣٠ی ئەم مانگە لەهۆڵی تەوار لەلایەن سێ منداڵی بێ باوکی نەوجەوانان یەکەمین پێشانگەی هونەرمەندی لاو سانا مۆفەق کرایەوە.

لەپێشانگەکەدا هونەرمەندی لاو ٥٢ تابلۆی جۆراو جۆری نمایشکردبوو، بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەمە یەکەمین پێشانگەی تایبەتی خۆمە کەبەرهەمی کارکردنی هونەری ساڵێکمەو بەبۆنەی نزیکی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە سێ منالی بێباوکی نەوجەوانانم هێنا پێشانگەکەیان بۆ کردمەوە، چونکە بەبڕوای من ئەو منداڵانەش هیچیان کەمترنییە لەو بەرپرسانەی پێشانگەیەک دەکەنەوە، تابلۆکانم زیاتر باسکردنە لەچەند گەنجێکی ستایلی ئیمۆ، کە ئەوەش ستایلێکی تازەیەو کارەکانیشم زیاتر بە بۆیە کردوە".

# ژن لەناو تۆنەکانی بێڕەنگیدا

مۆگر کەمال



فۆتۆگرافەر سادق کاردۆ لەڕێگەی وێنەکانیەوە قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ژنو پیاو دەکاتو پڕۆژەی ئایندەشی پێشەنگایەکی تایبەتی دەبێت لەسەر ژنی کورد.

لەدوای کردنەوەی دووەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی تایبەتی خۆی بەناوی (تۆنەکانی بێڕەنگی) لەهۆڵی تەوار بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی هونەرمەندی فۆتۆگرافەر سادق کاردۆ لەپێشانگایەکدا پەیوەندی نێوان ژنو پیاوی خستەڕوو.

فۆتۆگرافەر سادق کاردۆ ڕایگەیاند "من ماوەی ١٢ ساڵە سەرقاڵی کاری فۆتۆگرافیمو فۆتۆگرافی بەوڕادەیە چووەتە ناخمەوە ئەگەر کامێرام لێدوورخەیتەوە ڕەنگە نەتوانم بژیم، ئەمە دووەمین پێشانگەی تایبەتیمە، سەرجەم کارەکانم بەڕەشو سپی ئەنجامداوە بەقەبارەی جیاوازن، کە ٢٩ تابلۆن". هەروەها وتی "ئەم وێنانەشم لەوڵاتەکانی (عێراق، ئەڵمانیا، فینلەندا، سوید، هەنگاریا) گرتووە، کەبەرهەمی دە مانگمە، من کار لەسەر پەیوەندی ئێمەی پیاو لەگەڵ ژن دەکەم، هەروەها ژن لەگەڵ خۆی، من هەموو کاتێک دەمەوێت بەچاونەترسانە کاری فۆتۆگرافی بکەم، بەڵام کلتورەکەمان ئەوەندە داخراوە بەرامبەر بەژن، بۆیە ناتوانین هەموشتێک بکەین، بەڵام من ئەو تەحەدایەشمکردووەو لەیەکەم پێشەنگەمدا وێنەیەکی نیمچەڕوتی ژنی تێدابوو، لەم پێشانگەکەشمدا گرنگیم بەژن داوە لەچەند ڕوویەکەوە". هەروەها هیوادارە کەپێشانگەیەکی تایبەت بەژن بکاتەوە، لەسەر بوونی ژن لەناو کۆمەڵگەی کوردیو وتی "هیوادارم ڕێکخراوەکانی ژنان هاوکارم بن".

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

لەڕووی ئیشەوە کارەکان بەو شێوازە نارۆنبەڕێوە کە بەدڵی تۆیە، چونکە تۆ تەواوی توانای خۆتی بۆ خەرج دەکەیت، بەڵام ئەنجامەکان دڵخۆشکەر نین. پێدەچیت هەواڵێکی ناخۆشت پێ بگات، بەڵام وات لێدەکات لە ڕووی دەروونییەوە بەهێز بیت.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

کاتەکانت ڕێکبخەو لە شتی کەم بایەخدا بەهەدەریان مەدە. هاوکارەکانت شارەزای تواناکانتنو ئەگەر بەباشی کارەکانت بکەی دەبێتە مایەی خۆشحاڵییان. ڕێکخستنەوەی ڕۆژەکانت سوودی زۆری بۆ داهاتووت دەبێت.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

بە هەندێ کێشەی داراییەوە سەرقاڵ دەبیت، لەبەرئەوەشە کە پێویستە ئاگات لە خەرجییەکانت بێت. بەبێ سوود پارە خەرج مەکەو ئەم ماوەیە کەمێک دەستبڵاوییەکانت کەمکەرەوە.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

پێویستە بەهەندێ شتی ناخۆش لەڕووی سۆزدارییەوە ڕابێیت، دەوروبەرەکەت وادەزانن کە پێی ڕاهاتوویت بۆیە زۆر گوێت پێنادەن. پێویستت بە خەوو پشووی زیاترە لەجاران. زۆر کار مەکەو بایەخ بە تەندروستیت بدە.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

باوەڕت وایە کە تۆ لە هەموو کەس باشتر خۆت دەناسیت، بەڵام لەو ڕووەوە زۆر هەڵەیت. پێویستە بیر لەو ڕووداوانە بکەیتەوە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەسەرت هاتوون بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەمان ئەو هەڵانە دووبارە نەکەیتەوە کە کردووتن.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

پێویستە زۆر خۆت ماندوو بکەیت تا تواناکانت دەرکەون. لەوانەیە ئازاری ڕووداوی ماوەیەک لەمەوپێشت تا ئێستا لەبیرنەچووبێتەوە، بەڵام وردەوردە لەگەڵی ڕادێیت. تۆ کەسێکی بەهێزیتو پێویستە جڵەوی کارەکانت لەدەستدا بێت.

# لانە ئیبراهیمی شانۆکار: تەختەی شانۆ قورسترە لەسینەما

سازدانی: موحسین یاسین

**خانمە هونەرمەندی شانۆکار (لانە ئیبراهیم) لەساڵی ١٩٧٦ لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو بەشداری لەچەندان کاری شانۆیی‌و کورتە فیلمو فیلمی سینەمایی‌و زنجیرە دراما‌دا کردووە، کەدواین بەشداریشی لەزنجیرە درامای نامەکانی ئەشرەفدا بوو کەڕۆڵی (گوڵنار)ی کچی کوێخای دەبینی، جگە لەو کارانەش لەبواری هونەری منداڵانیشدا بەشداریکردووە.**
**لانە یەکەم شانۆیی کەبەشداری تێدا کردووە شانۆگەریی (مەرگی پێشمەرگەیەک)بووە، ناوبراو یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لەفیلمی سینەمایی (کوێستانی قەندیل)ی دەرهێنەر (تەهای کەریمی) بەشداریکردووە، کەهەفتەی رابردوو لەشاری سلێمانی نمایشکرا.**

**دەستوور:** لەدوای ئەو شانۆگەرییەی کە بەمنداڵی بەشداریت تێداکرد بۆچی دواتر بەردەوام نەبویت؟
**لانە:** من ئەوکاتە بەهۆی ئەوەی باوکم پێشمەرگە بوو لەشاخو منیش چووم بۆ سەردانی‌و دواتر نەگەڕامەوە شارو لەگەڵ ئەو دەژیام پاشان لەساڵی ١٩٨٨ چوینە وڵاتی ئێران‌و بەئاوارەیی ماینەوە، لەساڵی ١٩٩١ هاتینەوە بۆ کوردستان، بەڵام هیچ کەسێک هاوکاری نەکردمو منیش بەشداری هیچ کارێکی هونەری دیکەم نەکرد، هەتاکو ساڵی ١٩٩٣ بەشداری هەندێ کاری بچوکم کرد کەبەداخەوە ئێستا هیچیانم لەبیرنەماوە.
**دەستوور:** چۆن ئاوێتەبوویت لەگەڵ هونەردا، ئایا تەمەنی منداڵیت کاریگەری هەبوو بەسەرتەوە؟
**لانە:** بەدڵنیاییەوە هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆکرد خۆی زۆرشتی منداڵی هەیە بۆ نمونە لەتەمەنی منداڵیدا حەزت لەپایسکڵە سەیر دەکەیت بۆت ناکڕن بۆیە هەتا گەورەش دەبیت هەرحەزت لێیەتی‌و دەڵێیت بۆیان نەکڕین، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا ئەو حەزەم هاتەدی‌و مامۆستاکانی شۆڕش لەوسەردەمەدا یارمەتیاندام وتیان منداڵێکی زیتەڵەو هاریت بۆیە لەو شانۆگەرییەدا ئەو ڕۆڵەیان پێدام بۆیە ئەوکاتە منیش بەخۆشحاڵییەوە بەشداریم کردو ئەو ڕۆڵەم بینی، بەدڵنیاییەوە کاریگەری منداڵیم بەسەرەوەیە.
**دەستوور:** دەمانەوێت بزانین چۆن بوو بەشداریت لەفیلمی سینەمایی (کوێستانی قەندیل)دا کرد؟
**لانە:** لەڕێی کاک عەبدولڕەحمانەوە کە لەبەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانییەو هاوڕێمە داوالێکرا کەبەشداری لەوکارەدا بکەم کەڕۆڵی خوشکێکی ئەنفال دەبینمو لەڕۆڵەکەم ڕازیبووم، ماوەیەکە لەشاری سلێمانی نمایشدەکرێت‌و من دەستخۆشی لەسەرجەم ستافی ئەو فیلمە دەکەم.
**دەستوور:** کاتێک لەزنجیرە درامای گەردەلوولو نامەکانی ئەشرەفدا لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی گەورەو بەئەزموون بەشداریتکرد هەستت بەچی کرد؟
**لانە:** من هەموو هونەرمەندان‌و هونەرم خۆشدەوێت بەڕاستی، لەبەر ئەو خۆشەویستییەشە دەستمکردووە بەکاری هونەری‌و کاریشم بۆ کردووە، بەردەوام کاریشی بۆ دەکەم تاکو دەمرم، بێگومان زۆر خۆشە کاتێک تۆ لەگەڵ ئەو هونەرمەندە بەئەزموونانە کاری هونەری دەکەیت‌و سوود لەئەزموونەکانیان وەردەگریت لەڕووی کاری هونەرییەوە.
**دەستوور:** ژیانی هاوسەریت چۆن پێکهێنا؟
**لانە:** لەساڵی ٢٠٠٠ ژیانی هاوسەریم پێکهێنا ئەو کەسەی کەئێستا هاوسەرمە وەکو هاوڕێم وابوو، کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرو تێگەیشتووەو هونەریشی خۆشدەوێت‌و لەهەمانکاتدا شانۆکاریشە، بەڵام ئێستا کەمێک دوورکەوتووەتەوە لەکاری شانۆیی، بەڵام شانازی دەکات کەمن کاری هونەری دەکەم.



**دەستوور:** پێکهێنانی ژیانی هاوسەریتان بەڕێکەوت بوو یاخود بەخۆشەویستی؟
**لانە:** بەڕێککەوت نەبوو بەخۆشەویستی بوو، (بەپێکەنینەوە)، تەنها ماوەی دوو مانگیشی خایاند.
**دەستوور:** چەند منداڵتان هەیە؟
**لانە:** دوو کوڕم هەیە بەناوی (پەیوەند) کەتەمەنی نۆساڵەو (پەیوەست) تەمەنی پێنج ساڵو نیوە.
**دەستوور:** ئایا هەموو ئەکتەرێکی شانۆیی کە لەسەر تەختەی شانۆ ڕۆڵ دەبینێت دەتوانێت لەبەردەم کامێراشدا هەمان ڕۆڵ ببینێت؟
**لانە:** خۆی شانۆ زۆر زەحمەتە بەڕاستی، تۆ بتوانیت کاری شانۆیی بکەیت بێگومان دەتوانیت وەکو ئەکتەریش کاری دراما بکەیت، چونکە کاری دراما ئاسانترە وەکو لەبینینی ڕۆڵێک لەشانۆدا، چونکە تۆ لەشانۆدا ڕاستەوخۆ لەبەردەمی بینەردا نواندن دەکەیت.
**دەستوور:** عەشقی کارکردنی تۆ بۆ سینەما زیاترە یاخود زنجیرە دراماو کاری شانۆیی؟
**لانە:** خۆی بەڕاستی کارکردن لەسینەماو شانۆدا ئەرکێکی زۆرقورسە، بەڵام خۆشەویستیم بۆ هەموویان هەیە جیاوازیان نییە لەلای من، ڕاستە کاری شانۆو سینەما ماندووبنی زۆرتریان دەوێت، بەڵام کاری دراما ئاسانترە، چونکە کاتێک کەهەڵەبکەیت دەتوانیت ئەو گرتەیە دووبارەبکەیتەوە، بەڵام لەسەر تەختەی شانۆ نابێت هەڵەبکەیت.
**دەستوور:** تاچەند حەزت لەزێڕو پارەیە؟
**لانە:** بەهیچ شێوەیەک حەزم لەزێڕ نییە، بەڵام ئەگەر پارە ت هەبێت‌و بیکرێت‌و دایبنێیت وەکو پێشینان دەڵێن (ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش) ئەوە لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام بۆ خۆدەرخستن ئەوە لەگەڵ ئەوەدانیم، ئەگەر پارەش هەبێت بەپێکەنینەوە... ئەوا شتێکی خراپ نییە، هەرچەندە پارە هەموو شتێکیش نییە.
**دەستوور:** ئەو سیفەتانە چییە کە لەکەسێتی تۆدا هەیە؟
**لانە:** بۆ ئیداری زۆرباشم، ڕەزیل نیم، دەستبڵاویش نیم، کەسێکی هێمنم..
**دەستوور:** هونەر فێری چی کردوویت؟
**لانە:** فێری خۆشەویستی نیشتمان‌و هونەرمەندانی کردووم.
**دەستوور:** لەچ کارێکی هونەری خۆت پەشیمانیت کەبەشداریت تێداکردووە؟
**لانە:** لەهیچ کارێکی هونەریم پەشیمان نیم کەبەشداریم تێداکردووە.



## هەولێر پێشبڕکێی ئەدەبی منداڵان دەکات

ژەنیار لەهەولێر

بڕیاروایە لە ١٠ی ئەم مانگەدا، لەهەولێری پایتەخت، پێشبڕکێیەک بۆ نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان سازبکرێت.
نیان ئەحمەد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بەنیازین لە ١٠ ئەم مانگە پێشبڕکێیەکی ئەدەبی سازبکەین بۆ ئەو کەسانەی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا کار دەکەن". وتیشی "ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوانمان بۆ سازکردنی ئەو پێشبڕکێیە وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند کەسێکمان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان دیاریکردووە".
ئاماژەی بەوەشکرد کە مەبەست لەو پێشبڕکێیە هاندانی ئەو کەسانەیە کە ماوەی چەندین ساڵە خۆیان بە ئەدەبی منداڵانەوە خەریک کردووەو "خزمەتێکیان لەو بوارەوە کردووە".
بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان، تا ئێستا چەندین کتێبو بڵاوکراوەی منداڵانی بەچاپگەیاندووەو لە بەرنامەیاندایە بۆ ئەمساڵ چەندین کتێبی دیکە لەو بوارە بە چاپبگەیەنین.

### کاور

(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)
لەسەرەتای ئەم مانگەوە پلانەکانت لە جاران زەحمەتتر بۆ دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. فشارەکان لەسەرت زیاد دەکەن، پێویستە ئاگاداری ئەوە بیت کە دەستکردن بە کارێک ئاسانترە لەبەردەوامبوون لەسەری.

### گا

(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)
ئەم هەفتەیە زۆر بونیادنەرانەیە، هەرچەندە کە لەبوارێکدا کارناکەیت پێویستی بە داهێنان بێت. زۆر هەستیاریت‌و ئەم ماوەیە زۆر گرنگی بە لایەنی جوانکاری خۆت‌و دەوروبەرەکەت دەدەیت. لەباری سۆزدارییەوە لە دۆخێکی تایبەتدایت.

### دووانە

(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)
ڕەوتی ئەستێرەکان بەجۆرێکە کەشێکی ڕۆمانسی زۆر تایبەتیت بۆ دەخولقێنن. هەست بەو ئازادییە دەکەیت کە پێشتر هەتبووەو هاوکاتیش زۆر بەو شتانە دڵخۆشیت کە ڕوو دەدەن. دەست پێشخەرییەکانت بایەخیان پێدەدرێت.

### قرژاڵ

٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز
هەفتەیەکی گونجاوە بۆ خۆڕێکخستنەوە لەبواری داراییەوەو دەستکەوتی باشیشت دەبێت. لەوانەیە پێشنیاری پۆستێکی بەرزترت بۆ بکەن لەوەی ئێستات‌و وا باشترە ڕەتی نەکەیتەوە. دڵی دەوروبەرەکەت خۆش بکە، چونکە خۆت بەردەوام پێدەکەنیت.

### شێر

(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)
ئەم ماوەیە سەرقاڵییەکی زۆر ڕووت تێدەکات ئەوەش یان بەهۆی میوانەوەیە یاخود بەهۆی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوەوە، بەڵام ئەمە کارناکاتە سەر دڵخۆشییەکانت. هەفتەیەکی نموونەییە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت کارێک ئەنجام بدەن.

### فەریک

(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)
لەوانەیە پەشیمان بیت لەوەی کارێکت بەجۆرێک کردووە، بەڵام هەندێک جار مرۆڤ تا نەکەوێتە هەڵەیەکەوە، بەو ئەزموونەدا تێناپەڕێت کە پێویستییەتی. ئەوەشت لەبیرنەچێت بیرۆکەکان ئەو کاتانە دروست دەبن کە هەرگیز چاوەڕوانت نەکردووە.

# قۆپیەو پێوتنەوە دەستیپێکرد

## خوێندکاران لەهەوڵی دۆزینەوەو ناسینی ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەری هۆڵانەدان کە لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا چاودێرییان دەکەن، بۆ ئەوەی پێیانبڵێنەوە

ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی

خوێندکاران کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو ناسینی ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەری هۆڵانەی کە لەکاتی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریدا چاودێرییان دەکەن، بۆئەوەی پێیانبڵێنەوە، ژمارەکیشیان تەکنیکی نوێ بۆ قۆپییەکردن بەکاردەهێننو پارەیەکی زۆری تێدا سەرفدەکەن.

بۆئەوەی دەربچنو نمرەیەکی بەرزیش بهێنن خوێندکارانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر دەدۆزنەوە بۆ پێوتنەوەو قۆپییەکردن، هەرچەندە مامۆستایان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەبەرامبەر پارەدا بەقوتابیان بڵێنەوە، ئەوەش ناشارنەوە هەندێک لەمامۆستایان داوای بەشێک لەخوێندکاران لەهۆڵەکانی تاقیکردنەوە جێبەجێدەکەن.

چالاک محەمەد خوێندکاری پۆلی ١٢ وتی "سەرپەرشتیارێکی خزمم هەیە، بەڵێنی هاوکاری پێداوم، چونکە پلەی هەیە لەناو پەروەردەداو هەموو شتێ ئەمڕۆ هەر واستەیەو ساڵی پاریش لەناو هاتنەوەدا کراوە".

شنێ خوێندکاری پۆلی ١٢ی ئامادەییە یەکەم تاقیکردنەوەی بەکالۆری ئەمساڵی ئەنجامدا وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات چەند جارێک هەوڵی ئەوەیداوە مامۆستا چاودێرەکانو بەڕێوەبەری هۆڵەکەی بناسێت بەدەستووری وت "چەندجار مامۆستام دیوە کەزانیویەتی خوێندکار قۆپی دەکات قسەی نەکردوە، یان لێیوەرنەگرتووەو ئەو هەوڵەی منیش وەک ئەوانە".

شێنێ ئاماژەی بەوەشدا "دنیا هەمووی بۆ کچو کوڕە مەسئولەکانە بۆ خۆیان بەدەرجەی نزمەوە دەڕۆنە زانکۆکان، بۆیە دەبێت ئێمەش پەنا بەرینەبەر ئەم کارە، یان قۆپیەکردن".

هۆکارێکی تر بەلای شێنێوە ئەوەیە مامۆستا باشەکان لەکاتی دەوام بەباشی وانەکان بەخوێندکاران ناگەیەنن بۆئەوەی لەدوایدا جارێکی تر خوێندکاران بیانگرنەوە بەمامۆستای تایبەت.

> تائێستا من چەند جارێك داوام لێكراوە بۆ پێوتنەوە، بەڵام گوێم نەداوەتێ، چونکە کەسایەتی خۆم زۆر لەپارەو دەرچوونی خوێندکارەکە بەنرخترە

سازانی هاوڕێی شێنێش دەڵێت "ئامادەم هەر مامۆستایەکی بەڕێوەبەری هۆڵ چوار پرسیارم بێبڵێت ٤٠ وەرەقەی بدەمێ".

مامۆستایان ئەوە ناشارنەوە لەلایەن قوتابیانو کەسوکارییانەوە چەندینجار داوایان لێکردوون بۆئەوەی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا پێیان بوترێتەوە.

مامۆستا چیمەن لەبارەی هانابردنی خوێندکار بۆ واستەو پێوتنەوە لەڕۆژی تاقیکردنەوەی بەکالۆریدا ئاماژەی بەوەدا ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەڕوانینی خوێندکارو خێزانەکەیەوە هەیە بۆ فێربوون، چونکە خوێندکار هەم حەزدەکات دەربچێت کەدەزانێ دەرناچێ، هەم کەواستە دەکات هەوڵدەدات لەگەڵ دەرچوونەکەشدا نمرەی باش بێنێت، بۆئەوەی شوێنێکی باش لەزانکۆ وەریانبگرێت.

م. چیمەن بەدەستووری وت "تائێستا من چەندجارێک داوام لێکراوە بۆ پێوتنەوە، بەڵام گوێم نەداوەتێ، چونکە کەسایەتی خۆم زۆر لەپارەو دەرچوونی خوێندکارەکە بەنرخترەو بشزانم هەر مامۆستایەک هەوڵی ئەو دەدات سکاڵای لەسەر بەرزدەکەمەوە".

تاژان ساڵی پار تاقیکردنەوەی بەکالۆری کردووە وتی "من زۆر هاوکاریکراوم لەلایەن مامۆستایانی چاودێرەوە، چونکە کەسێکی نزیکم بەڕێوەبەری هۆڵ بوو".

تاژان دەڵێت ئەمە تەنها لەیەک هۆڵدا ناکرێ، بەڵکو زۆربەی هۆڵەکان ئەم دیاردەیەی هەیەو حکومەتیش ناتوانێ چارەسەری بکات.

هەندێ لەخوێندکاران ڕێگەو شێوازی تر دەگرنەبەر بۆ قۆپییەکردن بۆئەوەی نمرەی بەرز بەدەستبهێنن.

خالید یەکێکە لەو خوێندکارانەی بۆ تاقیکردنەوەی وانەی مێژوو کەیەکەم تاقیکردنەوەی ئەمساڵی پۆلی دوانزەیەم بوو وەک خۆی ئامێرێکی کڕیوە بۆ قۆپییەکردنو وەک خۆی دەڵێت پێویستی بەپێوتنەوەی مامۆستا نابێت.

خالید وتی "خۆم هیتفۆنم کڕیوە بە (١٠) وەرقەو بەکارمهێناوە بۆ تاقیکردنەوەی یەکەم ئیتر بۆ تەکلیف لەمامۆستایانو بەڕێوەبەری هۆڵ بکەم پارەیەکی زۆر زیاتر بدەم".

> سەرپەرشتیارێکی خزمم هەیە، بەڵێنی هاوکاری پێداوم، چونکە پلەی هەیە لەناو پەروەردەدا

خالید ئاماژەی بەوەدا کەس هەستی پێناکاتو تەنها ئەوەندەیە پێویستت بەکەسێکە لەدەرەوە پێتبڵێتەوە.

دەربارەی ئەوەی بۆچی ئەو کارە دەکات ئایا زیان بەخۆی ناگەیەنێت بەتایبەت ئەگەر ئاشکرابوو، وتی "من تەنها بڕوانامەم دەوێتو کاری لەسەرناکەم،ماڵەوە پێیانوتوم دەبێت خوێندن تەواو بکەیت، چونکە دواتر دەچمە ئەوروپا".

مامۆستا پەیمان عەلی بەڕێوەبەری هۆڵی یەکێک لەناوەندەکانی تاقیکردنەوەیە دەربارەی دیاردەی پێوتنەوەو قۆپییەکردن، ئاماژەی بەوەدا کەئەوە دیاردەیەکی ناشیرینەو خێزانیش لەپشت ئەو کارەوەیەوەو وتی "تەنیا مەبەستیانە منداڵەکانیان دەرچن، تەنها ئەو خوێندکارانە پەنادەبەنەبەر ئەو کارانە کە لەژیاندا شکستیانهێناوە ئەگینا ئامادە نابن ئەو بڕە پارە زۆرەبدەن، بەرامبەر دەرچوونی منداڵەکانیان".

م. پەیمان وتی "ویژدانم ئەوە قبوڵناکاتو هەرگیز ڕێگە بەو دیاردەیە نادەمو ئامادەشم واز لەمامۆستایی بهێنم، بەرامبەر بەرێگریو وەستانەوە لەدژی ئەو دیاردەیە".

م. پەیمان ئەوەشی نەشاردەوە کەهەندێک لەمامۆستایان ئەو کارە دەکەن "ڕاستە لەوانەیە مامۆستایان یان بەڕێوەبەر ئەم کارەی کردبێت، بەڵام ناکاتە ئەوەی هەموو مامۆستایەک ئەوە بکاتو تەنها لای ئەوانە هەیە کەخۆیان دۆڕاندووە".



تاقیکردنەوەکان بەبێ قۆپییەکردنو پێوتنەوە تێناپەڕێت. فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

---

## جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

# ڕەخنەکانی جێرمۆ برانەر لەپیاژێ

شتێکی سەیر نییە کاتێک پیاژێ بەرامبەر بەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێت کراوەییەکی گەورە پیشانی بەرامبەرەکەی دەدات، چونکە پیاژێ پیاوی زانست بوو. زۆرجار پیاژێ دەعوەتنامەیەکی ئاراستەی ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی خۆی دەکرد کەجیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو بۆئەوەی بچن بۆ جنێڤو بەیەکەوە گفتوگۆ لەو مەسەلانەدا بکەن کەلەسەری هاوڕا نەبوون.

یەکێک لەو دەروونزانە ئەمریکاییانەی تاوەکو ئەمرۆش گوێی لێدەگیرێتو لەبواری گەشەسەندنی مەعریفیو پرۆسەی فێربوونو پلانی فێرکاریدا خاوەنی تیۆری خۆیەتی، پرۆفیسۆر جێرمۆ برانەرە.

برانەر یەکێک بووە لەوانەی هەوڵێکی سەرکەوتووانەی زۆری داوە بۆ ناساندنی پیاژێ لە ئەمریکادا. برانەر سەرەڕای ئەوەی لەهەندێ بواری دەروونزانی منداڵاندا پشتیوانی زۆری لەپیاژێ کردووە، بەڵام یەکێکیش بووە لەوانەی ڕەخنەی توندی ئاراستەی پیاژێ کردووە. لەم وتارەدا هەوڵدەدەم بەشێک لەڕەخنەکانی برانەر بخەمەڕوو.

برانەر لەبارەی تاقیکردنەوەی پەرداخەکان کەپیاژێ لەگەڵ هەندێک منداڵاندا سازی دابوو دەڵێ "مەسەلەکە نەپەیوەندی بەئۆپەراسیۆنە مێنتاڵیەکانی مێشکی منداڵانەوە هەیەو نە پەیوەندیشی بەو دەرئەنجامانەوە هەیە کەئەوان لەکاتی ئەو تاقیکردنەوەیەدا بەدەستی دێنن، بەڵکو لێرەدا ڕێسایەک یا فۆرمولەیەکی ڤێربالی ئاوێتەبووی ناخی منداڵ هەیە ڕێگەی بینینی ئەو گۆڕانکارییانەی لێدەگرێت کەلەو تاقیکردنەوەیەدا دێنە کایەوە". لەلایەکی دیکەوە برانەر پێیوایە پیاژێ لەشیکردنەوە تیۆرییەکانیدا سەرکەوتوو نەبووەو لەبواری گۆڕاوەکانو نەگۆڕەکان لەبیرکردنەوەی منداڵاندا "کرۆکی باسەکەی لەدەستداوە".

پیاژێ ئەو ڕەخنەیە ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە "ئەو گرفتەی برانەر باسی دەکات من لەدوا ٣٠ ساڵی کۆتایی تەمەنمدا کارم لەگەڵدا کردووە. ئەڵبەتە برانەر ڕاست دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەئەو توانیویەتی لەماوەیەکی زۆرکورت تردا لەهەمان مەسەلە تێبگات. گەورەش وەکو منداڵ وایە پێویستی بەکاتێکی زۆرە بۆئەوەی بگاتە تێگەیشتنێکی دروست، ئەمەش گەورەترین لوغزی پرۆسەی گەشەکردنە. بۆیە ئێمە ناتوانین ئەو پرۆسەیە لەکۆکردنەوەی چەند بەشێکی زانستیدا کورت بکەینەوە".

لەشوێنێکی دیکەدا برانەر ڕەخنە لەو مێتودانەش دەگرێت کەپیاژێ لەهەندێک لەتاقیکردنەوەکانیدا بەکاریهێناوە. پیاژێ لەوەڵامدا پێیوایە ئەو مێتودانە هێندەش ساکارو لاواز نین، چونکە بەر لەوەی هاوکارەکانی کار بەو مێتودانە بکەنو داتا کۆبکەنەوە ماوەی یەک ساڵ هونەری چاوپێکەوتنیان دەخوێندو فێری ئەوە دەکران چۆن لەگەڵ منداڵاندا دیدارو گفتوگۆ سازبکەن. لەلایەکی دیکەوە مێتودەکانی پیاژێ لەزۆر شوێنی جیهاندا دووبارە تاقیدەکرانەوە، چونکە مەسەلەی گەشەسەندنی مەعریفیو پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای منداڵان خاڵێکی بنەڕەتی ناوەندە پەروەردەییو دەروونناسیەکان بوو. زۆرێک لەدەرئەنجامەکانی ئەو ناوەندانە کەمێتودەکانی پیاژێ - یان بەکاردەهێنا لەگەڵ دەرئەنجامەکانی خودی پیاژێدا کۆک بوون.

بەدەر لەمانەش خودی برانەر بەشداربووە لەو ڕەخنەو پرسیارانەی لەبارەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵانەوە لەئەمریکادا لەپیاژێ دەکران. یەکێک لەو پرسیارانەی پیاژێ ناوی (پرسیاری ئەمریکی) لێناوە ئەوەیە ئایا دەکرێ منداڵێکی دیاریکراو بەکاتێکی کەمتر یەکێک لەقۆناغەکانی گەشەسەندن تێپەڕێنێت؟. پیاژێ لەیەکێک لەسەردانەکانی بۆ نیۆیۆرک بەورياییەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە:

(ئەگەر ئێمە دان بەو فاکتەدا بنێین کەقۆناغەکانی گەشەسەندنی هەیە، ئەوە پرسیارێکی دیکە دێتە کایەوە کەمن ناوی "پرسیاری ئەمریکی" لێدەنێم، چونکە هەموو جارێک کەمن بێمە ئێرە ئەو پرسیارەم لێدەکرێت. ئەگەر قۆناغ هەبێتو منداڵەکان ئەو قۆناغانە لەتەمەنێکی دیاریکراودا تێپەڕێنن، ئایا دەتوانرێ پەلە لەبڕینی ئەو قۆناغانەدا بکرێت؟ ئایا پێویست بەوە دەکات منداڵ بەهەموو قۆناغەکاندا تێپەڕ ببێت؟ وەڵامەکە بەڵێ بەدڵنیاییەوە دەتوانین، بەڵام چەند دەتوانین پەلە بکەین؟ من گریمانەیەکم هەیە کەتاوەکو ئێستاش ناتوانم بیسەلمێنم: بەئەگەری زۆر، دەبێ کاتێکی گونجاو بۆ ئۆرگانیزەکردنی ئۆپەراسیۆنەکان (ی ناو مێشک - ن) هەبێت...)

پیاژێ پێیوایە منداڵی ساوا پێویستی بە ٩ تا ١٢ مانگ هەیە بۆئەوەی ئەو توانایەی لەلا دروست بێت کەبتوانێت هەست بەبوونی شتێکی دیاریکراو بکات تەنانەت دوای ئەوەی شتەکەشی لەپشت پەردەیەکەوە لێبشارنەوە. بەچکە پشیلەکانیش دەتوانن بەهەمان قۆناغدا تێپەڕبن، بەڵام ئەوان پێویستیان بەتەنها ٣ مانگ هەیە. واتە ئەوان ٦ مانگ لەپێش منداڵی ساواوەن. ڕاستە منداڵی ساوا ٦ مانگ لەدوایە، بەڵام پیاژێ پێیوانییە ئەو ماوەیە بەفیڕۆ دەڕوات. پیاژێ لەکۆتاییدا دەڵێ "لەوانەیە بتوانین پەلە لەقۆناغەکان بکەین، بەڵام پەلەیەکی زۆریش شتێکی باش نییە".

لەوانەیە کاتێکی دیاریکراوی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانە هەبێت، بەڵام ئەو کاتە چەندە بێگومان ئەوە پەیوەندی بەو منداڵەو بابەتەکەوە هەیە. پیاژێ پێیوایە مرۆڤ پێویستی بەتوێژینەوەیەکی زۆرتر دەبێ بەر لەوەی بزانێت ئەو کاتە گونجاوە چەندە .

> مێتودەکانی پیاژێ لەزۆر شوێنی جیهاندا دووبارە تاقیدەکرانەوە، چونکە مەسەلەی گەشەسەندنی مەعریفیو پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای منداڵان خاڵێکی بنەڕەتی ناوەندە پەروەردەییو دەروونناسیەکان بوو

faiekk@hotmail.com

# فەرمانگەیەکی ئاو لەئۆتۆمبێلێکدایە!

## حکومەت ناتوانێت کێشەی فەرمانگەکانی ئاو چارەسەربکات

کامەران کەریم لەشارەزوور

فەرمانگەی ئاوی ناحیەی وارماوا تەنها لەژوورێکدایەو زۆربەی نووسراوەکانو ئەوەلیاتی فەرمانگاکە، لەبەر بێ جێگەیی لەناو ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرەکەیدایە.

فەرمانگەی ئاوی ناحیەی وارماوا لەساڵی ٢٠٠٦ لەشارەوانی وارماوا جیابووەتەوە لەناو ژوورێکی سێ بەچواردایە، تەنها ٣ فەرمانبەر کارەکانی ئەنجامدەدەن.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی دەورووبەری سلێمانی ئاماژە بەوەدەدات ئەمە تەنها گرفتی فەرمانگەی ئاوی وارماو نییە، بەڵکو ئەو گرفتە هەموو فەرمانگەکانی ئاو هەیانە.

مەحمود قادر بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی وارماوا دەڵێت کێشەی زۆریان هەیەو بەهۆی بچوکی شوێنەکەیانەوە تووشی گرفت هاتوون، وتی "سەرەرای ئەوەش بە٣ فەرمانبەر کارەکان بەڕێوەدەبەین، ئێمە لەرۆژانی هەینیو شەممە کەپشووی رەسمیە دەوام دەکەین". مەحمود وتی "تائێستا ١٠جار نووسراومان کردووە، کەدەگاتە وەزارەت بەنەخێر وەڵام دەدرێینەوە".

بەڕێوەبەری ئاوی وارماوە ئاماژەی بەوەدا ٢ ساڵە ئەوان بۆ دروستکردنی ژوورێک بەدواداچوون دەکەن کە بەوتەی ئەو کولفەیەکی کەمی تێدەچێ، بەڵام بۆیان جێبەجێ ناکرێت. وتی "لەبەر بێ جێگەیی زۆربەی نووسراو و ئەوەلیاتەکانی فەرمانگەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەمدایە".

مەحمود ئاماژەی بەوەدا کێشەو گرفتی فەرمانەگەکەیان بەدامەزراندنی ١٠ کارمەندو دروستکردنی ژوورێک چارەسەردەبێت.

دیار محەمەد بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی دەوروبەری سلێمانی سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەو فەرمانگەیەدا هەیە، وتی "ئەوە کێشەی ٧٨ فەرمانگەی ئاوە، چونکە هەموویان تازەنو کێشەی بیناو فەرمانبەریان هەیە".

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی دەورووبەری سلێمانی وتی "خۆمان لەکرێدازین تەنها چارەسەر ئەوەیە شوێنێک بەکرێ بگرن، ئێمە کرێکەیان بۆ سەرف دەکەین".

دەربارەی گرفتی کەمی کادری تەکنیکی دیار محەمەد بەدەستووری وت "تائێستا جێگیر نەکراوە کارمەندمان بۆ دامەزرێنن، پێویستمان بەکادری تەکنیکیو کارگێڕی هەیە بۆ سەرجەم فەرمانگەکان، داواکراوە، بەڵام بۆمان دانامەزرێنن".

> **٧٨فەرمانگەی ئاو کێشەی بیناو فەرمانبەریان هەیە**



چارەنووسی فەرمانگەی ئاوی وارماوە بەئۆتۆمبێلەکەی بەڕێوەبەرەوە بەندە.

# توتمە نیگەرانە!

## دانیشتووانی گوندی توتمە دەڵێن لەخزمەتگوزارییەکان بێبەشین

فەرمان چۆمانی لەرانیە

دانیشتووانی گوندی توتمە دەڵێن لەخزمەتگوزارییەکان بێبەشینو حکومەت ئاوڕیان لێنەداتەوە، بەرپرسانی کارگێڕی ناوچەکەش ئاماژە بەوە دەدەن چەند پرۆژەیەکیان لەبەرنامەدایە بۆ ئەو گوندە.

گوندی توتمە تائێستا کارەبای نیشتمانیان نییەو بنکەی تەندروستیەکەیان لەناو هەیوانێکدایەو گرفتی ئاو و ڕێگاوبانیشیان هەیە.

عائیشە محەمەد ژنێکی ئەو گوندەیەو باسیلەوەکرد گوندەکەیان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە گرفتی زۆرەو هیچ پرۆژەیەکی وایان بۆ نەکراوە.

عائیشە وتی "چەندینجار داوامان کردووە کەپرۆژەمان بۆ بکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەکردووین هەر دەمان غافڵێنن، بۆیە داواکارین کەئاوڕمان لێبدرێتەوە".

گوندی توتمە نزیکەی ٥٠ ماڵەو زیاتر لە ٤٠٠ کەس دانیشتووانەکەیەتیو سەر بەناحیەی ژاراوەیە، هاوولاتیانی ئەو گوندە زیاتر بەکاری ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن، بەڵام بەهۆی کەمی پرۆژەی خزمەتگوزای، دانیشتووانەکەی بەدەست کۆمەڵێک کێشەو گرفت دەناڵێنن.

رەسوڵ حەمەد گەنجێکی ئەو گوندەیە ئاماژەی بەوەدا تائێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی وایان بۆ نەکراوە، وتی "کارەبای نیشتمانیمان نییەو ڕێگاکەمان خراپە، لەقوتابخانەکەماندا تاپۆلی هەشتی بنەڕەتی دەخوێندرێت، بەڵام بیناکەمان خراپەو خۆمان پۆلمان بۆ زیادکردووە".


ئەو گەنجە وتی "لێرە گەنجان شوێنێکیان نییە تێیدا پشوو بدەن، یاریگامان نییە بچین وەرزشی تێدا بکەین، بۆیە زیاتر گەنجان لەماڵاندا کۆدەبنەوەو یاری دۆمینە دەکەن".

خدر ئەحمەدو تریفە عەبدولڕەحمان دوو قوتابی پۆلی پێنجەمن لەو گوندە، دەڵێن بینای قوتابخانەکەیان زۆر ناخۆشەو دەرگاو پەنجەرەکانی خراپنو لەوەرزی باران بارینیشدا گرفتی زۆریان بۆ دروستدەبێت.

سەربەست حەمە عەلی یاریدەدەری پزیشکی لەبنکەی تەندروستی توتمەش باسیلەوەکرد بنکەی تەندروستیەکەیان لەخانویەکی ماڵاندایە، کەپێکهاتووە لەژوورێکو هەیوانێک، هەیوانەکەیان کردووە بەبنکەو لەژوورەکەیدا دەمێننەوە.

سەربەست وتی "بنکەکەمان لەڕووی دەرمانیشەوە خراپەو دەرمانی پێویستمان نییە بۆ نەخۆشەکانو شوێنێکمان نییە دەرمانەکانی تێدا بپارێزین".

ئازاد وسو حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێمە کۆمەڵێ پرۆژەمان بۆ کردوون، یەکێک لەوانە پرۆژەی ئاوە بۆ ئەو گوندە، کەئێستا لەبواری جێبەجێکردندایەو سەرقاڵی دابەشکردنو ڕاکێشانی بۆریەکانین بەسەر ماڵاندا، هەروەها بنکەی تەندروستیمان تازە بۆ کردونەتەوەو داواشمانکردووە کەبینایەک بۆ بنکەکە دروستبکرێت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەساڵی ٢٠١٠ لەبەرنامەیدا هەیە ڕێگاکە تێکەڵەڕێژ بکاتو چاوەڕوانی بودجە دەکەین بۆ جێبەجێکردنی، بەنیازین کارەباشیان بۆ ببەین، داواشمان لەپەروەردەی قەڵادزێ کردووە بۆئەوەی گرفتی بینای قوتابخانەکەیان چاکبکەن".



گوندی توتمە داوای پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکات. فۆتۆگراف: فەرمان چۆمانی

# مین بەرۆکی کوردستان بەرنادات

## ١٤ هەزار کەس بوونەتە قوربانی مینو تەقەمەنی، زۆرینەیان لەپارێزگای سلێمانیو کەرکوکن

ئەیوب لەسلێمانیو شەنگ لەدهۆک

١٤هەزار کەس بوونەتە قوربانی مینو تەقەمەنییەکان، بەرپرسانی دەزگای مینیش ئاماژە بەوەدەدەن سروشتی کوردستانو گەرماو سەرماو نەبوونی نەخشەی شوێنە مینرێژکراوەکان، لەگەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم پاککردنەوەی زەویە مینرێژکراوەکانە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەستوور لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین لەدهۆکو سلێمانی بەدەستیگەیشتووە، زۆرینەی قوربانییەکانی مینو تەقەمەنی دەکەونە پارێزگای سلێمانیو کەرکوکەوە.

سۆران حەکیم مەجید لێپرسراوی پاڵپشتی قوربانیانی مینو تەقەمەنی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەکوردستاندا نزیکەی چواردە هەزار قوربانی مینو تەقەمەنیمان هەیە، لەسنووری کەرکوکو سلێمانیو گەرمیاندا ٩٠٥٠ قوربانی مینو تەقەمەنیمان هەیە"

عوەینان یوسف بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کاروبای مین لەدهۆک بەدەستووری وت "چیاکانی کوردستانو گەرماو سەرما ئاستەنگن لەبەردەم کاری ئێمەدا بۆ پاککردنەوەو کۆکردنەوەی مین لەناو ئەو زەویانەدا".

عوەینان ئاماژەی بەوەدا کوردستان ناوچەیەکی شاخاویەو زستانی سەختو بەبەفرو بارانو نزمبوونەوەی پلەی گەرما، هاوینیشی زۆر گەرمە، کاتێ کارمەندانی دەزگاکەیان دەچن بۆ کارکردن زۆر ماندوو دەبن، چونکە جلێکی ئەستوورو گەرم لەبەردەکەن، "سروشتی کوردستان بۆ کارکردن زەحمەتە".

عوەینان وتی "نەبوونی نەخشەو زانیاری دەربارەی شوێنە مین ڕێژکراوەکان کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقدا کراوە ئاستەنگێکی ترە بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە".

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا ٢ملیۆنو ٣٧٦هەزارو ٥٠١مەتری دوجا زەوی لەمینو تەقەمەنی پاککراوەتەوە، لەگەڵ پاککردنەوەی ٧٩ پارچە زەوی مینرێژکراو کەگەڕێندراوەتەوە بۆ خاوەنەکانیانو کاری کشتوکاڵی تێدا دەکەن، هەروەها (٧٤٩،٧٠٨) مەتر دوجا زەوی بەنیشانەی مەترسیدارو سێگۆشە پەرژین کراوە، ٥٤٤٣ مینی کەسیو ١٠٨ مینی دژە تانک لەناو ئەو زەویانەدا لەناو براون.

١٨٨٤٧ پارچەی تەقەمەنی نەتەقێنراوەی جۆراوجۆر لەناوبراوە، لەگەڵ لەکارخستنی ١٩٥ مین، کردنەوەی ٥٩ خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین.

لەئامارەکەدا هاتووە لەساڵی ١٩٩١ەوە تا ئێستا ١٤١٨٨ کەس بەهۆی مینو تەقەمەنیەوە لەهەرێمی کوردستاندا گیانیان لەدەستداوە.

عوەینان وتی "ساڵ بەساڵ قوربانیانی مینو تەقەمەنی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠٠٧دا ٩١ بوونە قوربانی مینو تەقەمەنی، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠١٠دا تاوەکو ئێستا تەنها ٢٤ کەس بوونەتە قوربانی".

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی پەیماننامەی ئۆتاوای ئیمزاکردووە کە لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتوون لەوانە "قەدەغەکردنی بەکارهێنانو عەمبارکردنو بەرهەمهێنانو گواستنەوەی مین، سەرەڕای لەناوبردنی مینی دژە کەسی".

لەبواری پەروەردەو هۆشیاکردنەوە لەمەترسییەکانی مینو تەقەمەنی، عوەینان وتی "ئێمە پێنج خولی قوتابخانەی هاوینەمان بۆ قوتابیان کردووەتەوە دەربارەی چۆنێتی هۆشیاری لەسەر مین، لە١١٧٨ گوندا لەلایەن تیمی هۆشیارکردنەوەوە ئەو جۆرە خولانە کراوەتەوە، زیاتر١٨هەزار پیاوو ١٦هەزار ژن لەو سەردانانەی ئێمە سودمەندبوون، خولی هۆشیارکردنەوە بۆ زیاتر لە ٢٧هەزار منداڵ کراوەتەوە".

لەدوای کێشانەوەی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراقدا لەساڵی ٢٠٠٣، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامیدا بەکاری هەڵگرتنەوەی مینو لەهەولێر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینو لەسلێمانیش دەزگای گشتی مین دامەزرێندران.

سۆران حەکیم ئاماژەی بەوەدا ناوچەی سلێمانی بەهۆی کاریگەری شەڕی نێوان ئێرانو عێراقەوە کە لەسنورەکانی سلیمانیدا روویداوە، مینێکی زۆری تێدا چێندراوە، وتی "زۆرترین مین لەعێراقدا لەناوچەی سلێمانیدایە".



هەزاران مەتر دوجا زەوی مین ڕێژکراو لەکوردستاندا ماوە.

# پیاوان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا ناچنە بازار

## ژنان گلەیی لەهاوسەرەکانیان دەکەن کە لەگەڵیاندا ناچنە بازار بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان

بنار بەختیار لەسلێمانی



ژنان حەزدەکەن لەگەڵ مێردەکانیان بچنە بازاڕ. فۆتۆگراف: دەشتی ئەنوەر

ژنان گلەیی لەهاوسەرەکانیان دەکەن کەنایەن لەگەڵیان بۆ بازارو کڕینی پێداویستیەکانیان، پیاوانیش بیانوی جۆراوجۆر دەهێننەوە بۆ نەچوونیان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا.

ژنان دەڵێن هەرچەندە ئێمەو هاوسەرەکانمان تەواوکەری یەکترین، بەڵام ئەوان نایانەوێت بێن لەگەڵمان بۆ شت کڕین بەتایبەت کڕینی جلوبەرگی ژنان.

نیهایەت محەمەد تەمەن ٣٤ ساڵ وتی "من سیانزە ساڵە هاوسەرم پێکهێناوە، لەم ماوە دوورو درێژەدا ئاواتم ئەوە بووە کە یەکجار مێردەکەم بێت لەگەڵم بۆ بازاڕ، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لەگەڵم نەهاتووە".

نیهایەت ئاماژەی بەوەدا هەر جارێک کەدەچم بۆ بازاڕ بەپاساوی جۆراوجۆر ئیشێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. نیهایەت وتی "نازانم هۆکارەکەی چییەو بۆچی نایەت لەگەڵم؟".

منیرە محەمەد تەمەن ٤٢ ساڵ ژنی ماڵەوەیە، هەمان کێشەی نیهایەتی هەیە، وتی "ئەوەی من لەبیرم بێت لەگەڵم نەهاتووە بۆ کڕینی جلوبەرگ، هەرگیز لەگەڵمدا نایەت بۆ بازاڕ، لەکاتێکدا منو ئەو هەردووکمان تەواوکەری یەکترین".

بەختی سارا ئەحمەدی تەمەن ٢٨ ساڵ لەهەریەکە لەمنیرەو نیهایەت باشترە، ئاماژە بەوە دەدات پەیوەندی نێوان ژنو پیاو دەبێت پەیوەندیەکی باش بێت بۆئەوەی هەردوولا بەڕەزامەندی یەکتری ئەوەی مەبەستیانە ئەنجامی بدەن، نەک ئەوەی یەک لایەنە بێتو هەر یەکەو بەشێوازێکی ترو بەدڵی بەرامبەرەکەی ئیش نەکات.

سارا وتی "جاری وا هەیە لەگەڵ مێردەکەمدا پێکەوە دەچین بۆ بازاڕو جل دەکڕینو لەسەر پێشنیاری ئەو شتەکان هەڵدەگرم".

بەشێک لەپیاوانیش بەلایانەوە ئاساییە لەگەڵ هاسەرەکەیاندا بچنە بازاڕو پێداویستیەکانیان بکڕن، بەڵام ئەوانیش ئاماژە بەوە دەکەن هەندێجار بۆ کڕینی پێداویستەیەکانی هاوسەرەکەیان خۆیان دەدزنەوە.

سەردار عەلی تەمەن ٣٢ ساڵ دەڵێت زۆرجار لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچێت بۆ بازاڕو شتەکان دەکڕن.

سەردار باسلەوە دەکات هەندێک پیاو هەیە بەدڵی خێزانەکانیان ناکەن، وتی "ئەمە کارێکی باش نییە، چونکە نابێت کەتۆ خێزانت بێتو لەگەڵی نەچیت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستی".

سەردار ئەوەشی نەشاردەوە "جاری واش هەیە بە نا بەدڵی دەڕۆم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا".

ڕێبین جەلال تەمەن ٣٠ ساڵ وتی "زۆرجار لەگەڵ هاوسەرەکەم پێکەوە دەچین بۆ بازاڕ، بەڵام بۆ کڕینی جلوبەرگی خۆی ناڕۆم".

# گرژبوونی ماسولکە، هۆکار، چارەسەر

## د. چیمەن حەسەن پسپۆڕی نەخۆشییەکانی جوومگەو ڕۆماتیزم لەدیمانەیەکی دەستووردا

سازدانی: ئیلهام عەبدوڵڵا

**دکتۆرە چیمەن حەسەن پسپۆری نەخۆشییەکانی جوومگەو روماتیزم لەدیمانەیەکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات فشارێکی زۆر یان هیلاکییەکی زۆر کە لەتوانای کەسەکەدا نەبێت، کارکردن لەکەشو هەوایەکی زۆر سارد یاخود زۆر گەرم، هەروەها وەرزشکردنی بێ بەرنامە لەهۆکارە سەرەکییەکانی گرژبوونی ماسولکەکانن.**

..........................

**دەستوور:** گرژبوونی ماسولکە چییە؟

**د. چیمەن:** گرژبوونی (تشنوج) ماسولکە بریتییە لەگرژبوونی خۆنەویستی ریشاڵی ماسولکەکان کەزۆر بەئازارە، بەدەستلێدان کەمێک رەقترە، بەچاو دیارە کەئاوساوە.

**دەستوور:** دەکرێت هۆکارەکانی گرژبوونی خۆنەویستی ماسولکەمان بۆ روونبکەیتەوە؟

**د. چیمەن:** هۆکارەکانی زۆرە، بەڵام دیارترینی بریتییە لە:

١. کەفشارێکی زۆر یان هیلاکییەکی زۆر کە لەتوانای کەسەکەدا نەبێت.

٢. کارکردن لەکەشو هەوایەکی زۆر سارد یاخود زۆر گەرم بەتایبەتی کەتوانای ماسولکەی زۆری بوێت.

٣. هەندێ دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشی تایبەت بەکاردێت، زیانی لاوەکییەکەی دەبێتە هۆی گرژبوونی ماسولکە.

٤. دوای ئەو نەخۆشیانەی کە لەرزوتای زۆریان بۆ دروستدەبێت.

٥. هەندێک لەنەخۆشییەکانی جومگەو روماتیزم یەکێ لەنیشانەکانی نەخۆشیەکەیە، گرژبوونی هەموو ماسولکەکانی لەشە بەتایبەتی لەدوای پشوودان یان بەیانیان لەدوای لەخەوهەڵسان.

٦. وەرزشکردنی بێ بەرنامەو بێ ئامادەباشی.

**دەستوور:** ئاڵۆزی باری دەروونیو خەمۆکی پەیوەندی هەیە بەگرژبوونی ماسولکەوە؟

**د. چیمەن:** ئاڵۆزی باری دەروونی، خەمۆکیو زۆر بیرکردنەوە دەبێتە هۆی زووتر تووش بوون لەو کەسانەی کەخۆیان زوو زوو دووچاری گرژبوونی ماسولکە دەبن. هەروەها گۆڕینی وەرزەکان ڕێژەی تووشبوون زیاددەکات، بەتایبەتی وەرزی پایزو زستان لەو کەسانەی کەخۆیان لەشیان بەکۆڵنجو ئازارە، بەڵام هۆکار نییە بۆ تووشبوون بەتەشەنوج، هەتا هەندێک جار گۆڕینی شوێنی ئیشیش.

**دەستوور:** چۆن خۆمان بپارێزین لەنەخۆشییەکە؟

**د. چیمەن:** خۆپاراستن بەگشتی بەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی هاووڵاتیان دەبێت، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە. هەروەها:

١. بەرنامەی وەرزشکردنی ڕێکوپێک ڕەچاوبکەین .


٢. بەقەد توانای خۆمان کاربکەینو فشاری زۆر نەخەینە سەر ماسولکەکان.

٣. شوێنی کارکردن زۆر گەرم یاخود زۆر سارد، هۆکارە بۆ زووتر گرژبوونی ماسولکەکان، بۆیە رەچاوی کەشو هەوای ئیشکردن زۆر گرنگە.

٤. بەرنامەرێژی بۆ کارێکی دوورودرێژ کەتواناو هێزی زۆری بوێت.

**دەستوور:** چارەسەری نەخۆشییەکە چۆن دەکرێت؟

**د. چیمەن:** بەگشتی باشترین چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکە بەکارهێنانی چارەسەری سروشتیە (علاج گبعی) یە بەگەرمی ـ شێلان، مەلەکردن لەناو ئاوی شلەتێن، بەکارهێنانی هەندێک ئامێری کارەبایی وەکو (MW-SW-IN-TENS) کەخاوکەرەوەو ئازار کەم کەرەوەن هەندێک دەرمان هەیە تایبەت بەکاردێت بۆ خاوکردنەوەی گرژبوونی ماسولکە، بەڵام دەبێت بەپێی ڕێنمایی پزیشکی تایبەت بێت.



# ئەو گەنجەی هاوڕێکەی خۆی کوشت بڕیاری لەسێدارەدانی درا

## "(ب) کاری بەدڕەوشتی لەگەڵکردووم و بەمۆبایلەکەی وێنەی گرتووم تاوەکو پارەم لێبستنێ، بۆیە کوشتم"

شەنگ هاشم لەدهۆک

دوای ئەوەی دوو گەنج هاوڕێیەکی خۆیان بەچەقۆ کوشتوو تەرمەکەیان بەجێهێشت، تاوانبارێکیان بڕیاری لەسێدارەدانی دراو ئەویتریشیان بۆ هەتاهەتایە لەزینداندا مایەوە.

تاوانباران کوشتنی ئەو هاوڕێیەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەهەردووکیان لەلایەن ئەو هاوڕێیەیانەوە ئەتککراونو داوای لێکردوون یان پارەی بدەنێ یان ئەو ئەتککردنە بەمۆبایل بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ڕابردوودا لەرۆژی ٢٠٠٩/٩/٥ دا دوو گەنجی کۆمەڵگای مسیریکی هاوڕێیەکی خۆیان بەچەقۆ کوشت، دوای ڕووداوەکە هەردوو تاوانبار دەستگیردەکرێنو لە٢٠١٠/٢/٢١دا لەدادگای تاوانی دهۆک دادگاییکران.

ع.ل وەکو شکاتکار لەدادگا ئامادەبوو باوکی ئەو گەنجە بوو کەبەدەستی دوو هاوڕێکەی کوژرا، بەدادگای وت "ئەو ڕۆژەی کوڕەکەی من کوژرا من نەمزانی بوو، پۆلیس پەیوەندی پێوەکردم لەکوشتنی کوڕەکەم ئاگاداریانکردمەوە".

خوشکی یەکێک لەو تاوانبارانەی کە لەقەفەسی تاواندا بوو وتی "لەرۆژی دوای ڕوودانی ڕووداوەکە لەبەیانیدا براکەمم بینی خوێن بەپانتۆڵەکەیەوە بوو، پێم وت ئەو خوێنە چییە؟، وتی خوێن لەدەستم هاتووە".

یەکێک لەتاوانبارەکان، دوای ئەوەی چی بەسەر خۆیو هاوڕێکەیدا هات، بڕیاریدا هاوڕێکەی خۆیان بکوژن، بۆ دادگای ئاشکراکرد "لەرۆژی ڕووداوەکەدا منو هاوڕێکەم چووین ٨ قوتو بیرەمان کڕی چووینە دەرەوەو شاردمانەوە، پاشان پەیوەندیمان بەهاوڕێکەمان (ب)ەوە کرد وتمان وەرە دەچینە دەرەوە، چووینە ئەو شوێنەی قوتووە بیرەکانمان لێشاردبووەوە".

تاوانبار زیاتر قسەی کردو وتی "من بیرەیەکم خواردەوەو هاوڕێکەشم ٦ بیرەی خواردەوە، لەکاتی گەڕانەوەماندا بۆ ماڵەوە، (ب) لەپێش منەوە دەڕۆیشت، من چەقۆیەکم لێدا، تۆزێک بەڕێوە ڕۆیشتو کەوت، پاشان هاوڕێکەم ئەوی گرتو من چەقۆم لێدا، دوایی هاوڕێکەم دوو بەردی لەسەر داناو چووینە سەر بیرێکی ئاو، دەستو دەموچاومان شۆردو جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ سەر تەرمەکەیو دەستم بەگیرفانیدا کردو هەندێ پارەم دەرهێنا".

دادوەر پرسیاری لێکرد لەبەر چ هۆیەک ئێوە کوشتان؟

تاوانبارەکە وتی "ساڵێک لەمەوبەر منو ئەو چووینە گۆڕستانێک، من وتم سەرم دێشێت، ئەویش ٣ حەبی دابەمنو وتی هی سەرئێشەیە، من خواردمو کەوتمو ئاگام لەخۆم نەما، کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە شەو بوو جلەکانم لەبەردا نەمابوو، من نەمزانی چی لەمنکردووە، پاش ١٦رۆژ بینیم، وتم تۆ چیت لەمن کردبوو؟ ئەو بەمن پێکەنیو مۆبایلەکەی دەرهێناو هەمووی وێنەی من بوو بێڕەوشتی لەگەڵمدا کردبوو، پاشان هەڕەشەی لێ کردم، ئەگەر پارەی نەدەمێ بڵاوی دەکاتەوە، من ناچاربووم پارەی بدەمێ، جارێک ٤٠٠هەزار دینارو جارێک ٣٠٠ هەزارو جارێکیتر ١٠٠هەزارو جاری دوایش ٢٠هەزار دینام دایە، بەردەوام من بەو شێوەیە پارەم دەدایە".

دادوەرەکە پێی وت لەناو راپۆرتە پزیشکیەکەدا دەرنەکەوتووە کەکاری سێکسی لەگەڵ تۆ کرد بێت؟

تاوانبارەکە وتی "بەس ئەندامی سێکسی خۆی نزیک کردبووەوەو تەنها بۆ وێنەگرتنی بوەو نەیبردبوە خوارێ، تەنها بۆئەوەی هەڕەشەی لەمن پێبکاتو پارەم لێوەربگرێت".

تاوانبارەکەی تریش هەمان ئەوشتانەی بۆ دادگا گێڕایەوە، پاشان کاتی بڕیاردانی دادوەر هات، لەکۆتایی دادگاییکردنەکەدا بڕیاردرا بە لەسێدارەدانی تاوانبارێکیانو بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ تاوانبارەکەی تریان.

# شێرپەنجە.. قوربانیانی جەنگی جگەرە لەعێراقدا

## ٦٣٩٢٣ هاووڵاتی عێراق‌و هەرێم تووشی شێرپەنجە بوون، هۆکاری سەرەکیشی جگەرەکێشانە

بێستوون فەتاح لەسلێمانی

**یەک ملیار جگەرەکێش لەجیهاندا**

بەگوێرەی دوا راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاتر لەیەک ملیار کەس لەجیهاندا جگەرە دەکێشن‌و لە ٢٠٪ ی ئەو رێژەیەش لەرەگەزی مێینەن، ساڵانە بەهۆی جگەرەوە زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس گیانلەدەستدەدەن کەملیونێک‌و نیویان لەرەگەزی مێینەن.

**لە٤٢٪ی پیاوان‌و لە١١٪ی ژنانی کوردستان جگەرەکێشن**

لەهەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی کەئاماری وورد بەردەست نییە، بەڵام نیشاندەرەکان ئاماژە بەزیادبوونی رێژەی جگەرەکێشان دەدەن لەکوردستان بەتایبەتی لەنێو گەنجان‌و هەرزەکاران بەهەردوو رەگەزەوە.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ٢٠٠٨دا بڵاوکراوەتەوە لە٤٢٪ی پیاوان‌و لە١١٪ی ژنان جگەرە دەکێشن، هەر بەپێی ئامارەکە لە٢٨٪ی پزیشکان‌و لە٢٢٪ی مامۆستایانی خوێندنگاکان جگەرە دەکێشن.

**شێرپەنجە عێراق‌و هەرێم قرێدەکات**

زۆربوونی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لەعێراقدا بە بەراورد بەوڵاتانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و نایجریاو وڵاتانی ئەوروپا زیاترە، بەپێی نوێترین ئاماری مانگی چواری ٢٠٠٩ بەناونیشانی شێرپەنجە لەعێراقدا لەماوەی پێنج ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠٤)دا ٦٣٩٢٣ هاووڵاتی عێراقی شێرپەنجەیان هەبووە بەجۆرە جیاوازەکانییەوە، بۆ یەکەمینجار تۆمارکراون‌و بەحاڵەتی نوێ دەستنیشانکراون لەلایەن هەردوو وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ‌و وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی ئامارە رەسمییەکە لەو ژمارەیە ٣٢٢٨١ نەخۆشییان رەگەزی نێرن کەرێژەی لە٥٠,٥٪ پێکدێنن‌و ٣١٦٥٢ نەخۆشیان رەگەزی مێینەن کەرێژەی لە٤٩,٥٪ پێکدێنن، هەر بەپێی ئامارەکە شێرپەنجەی مەمک بەیەکەمین‌و بڵاوترین شێرپەنجە دەژمێرێت کە لە١٦٪ی هەموو شێرپەنجەکانی عێراق دەگرێتەوە، هەروەها بەپێی ئامارەکە سییەکان‌و بۆرییەکانی هەناسە دووەم شوێنی بڵاون کەشێرپەنجەیان تووش بوو‌بێت، هەروەها بەیەکەمین جۆری شێرپەنجە دەژمێرێت لەرەگەزی پیاواندا لەسەرتاسەری عێراقدا کەرێژەی لە٨٪ پێکدێنێت.

د. تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم دەربارەی کاریگەرییەکانی جگەرەکێشان بەدەستووری وت "کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی کەسەکە، کەپاش ماوەیەک تووشی هەناسەتەنگی‌و کۆکە دەبێت، تووشی هەوکردنی سیەکانی دەبێت کە بەشێوەی درێژخایەن دەمێنیتەوە، دواتر کاریگەری دەبێت لەسەر دڵ‌و دەبێتە پەککەوتنی دڵ‌و هۆکاری دروستبوونی شێرپەنجەکانی زمان‌و ناودەم‌و بۆرییەکانی هەناسەو سییەکان‌و سورێنچک‌و گەدەو هەتا کاریگەری هەیە بۆ سەر شێرپەنجەی میزەڵدان، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆکاری ژەهراوییبوون بەدووەم ئۆکسیدی کاربۆن‌و لەکۆتایی رۆژەکاندا ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن هەستدەکەن وردبونەوەیان (ترکیز)یان کەمدەبێتەوە، هەروەها جگەرەکێشان زیانی هەیە بۆ سەر دروستبوونی رووداوی ئۆتۆمبێل‌و دروستبوونی رووداوەکانی سوتان".

**جگەرەکێشان هۆکاری راستەوخۆی دروستبوونی شێرپەنجەیە**

د. ئارام پسپۆری تایبەتی نەخۆشییەکانی سنگ‌و بۆرییەکانی خوێن، سەبارەت بەزیانەکانی جگەرەکێشان لەسەر کۆئەندامی هەناسەدان بەدەستووری وت "جگەرەکێشان بەیەکێک لەسەرەکیترین هۆکارەکانی گیانلەدەستدانی پیاوان‌و ژنان دادەنرێت لەهەرێمی کوردستاندا".

د. ئارام بۆ سەلماندنی قسەکانی دەڵێت "رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دێتە لامان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن، یان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ شێرپەنجەی سییەکانی، کەنوێترین توێژینەوەکان دەریخستووە بەرێژەی لە٩٥٪ شێرپەنجەی سییەکان بەهۆی کاریگەری جگەرەکێشانەوە تووش دەبن، لەهەرێمی کوردستاندا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە٤٠٪ ئەوانەی بە بەردەوامی جگەرە دەکێشن تووشی جۆرێک لەجۆرەکانی شێرپەنجەی سییەکان بوون".

د. محەمەد عومەر ئاماژەی بەوەدا مادەیەکی زۆری زیانبەخش لەناو جگەرەدا هەیە کەزیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار مادەی زیانبەخشی تیدایە لەتوتن‌و ئەو کاغەزەی دەسوتێت، لیکۆڵینەوەکان دەریانخستووە "هەر جگەرەیەک نزیکەی حەوت خولەک لەتەمەنی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، بەتێکرای لەهەر هەشت چرکەیەکدا لەسەر گۆی زەوی کەسێک بەهۆی جگەرەکێشانەوە گیانلەدەستدەدات".

د. محەمەد وتی "کاریگەرییەکانی جگەرە لەسەر هەموو ئەندامەکانی جەستەیە بەتایبەتی کاریگەری جگەرە لەسەر کۆئەندامی سوڕانی خوێن کەدەبێتە هۆکاری رەقبوونی بۆرییەکانی خوێن، تەسکبوونەوەی بۆرییەکانی خوێن بەرزبوونەوەی رێژەی خوێن‌و رێژەی کۆڵسترۆڵی خوێن بەرزبوونەوەی رێژەی چەوری خراپ".

**نیکۆتین یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشانی پەکخستووە**

لەگەڵ ئەوەی یاساکە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، دەبوایە لەکاتی خۆیدا جێبەجی بکرایە وەک لەمادەی سیانزەهەمدا هاتووە (ئەم یاسایە لەرۆژی ٣١ی مانگی مایسی ٢٠٠٨ جێبەجێ دەکرێ‌و لەرۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە)، بەڵام ئەمرۆ دووساڵ بەسەر وادەی جیبەجێ کردنیدا تیپەڕیوە، بەڵام مادەکە تائێستا جێبەجێنەکراوە، بەپێچەوانەوە رۆژ بەدوای رۆژ دیاردەی جگەرەکێشان روو لەزیادبوونە، ئاماری نەخۆشییەکانی شێر پە نجە لەهەرێمدا ئاماژە بەزیادبوونی حاڵەتەکان دەکەن، پسپۆڕانی پزیشکیش هۆکاری زیادبوونی نەخۆشی شێرپەنجە بۆ زیادبوونی دیاردەی جگەرەکیشان دەگێڕنەوە، یەکێک لەو پسپۆڕە پزیشکانە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە زۆر بەتوندی رەخنەی لەحکومەت گرت کەبەتەنگ تەندروستی هاووڵاتییانەوە نایەت، وتی "ئەوانەی بازرگانی جگەرەدەکەن خراپترین جگەرە لەهەموو دنیا کۆدەکەنەوەو دەیهێننە هەرێمەوە، پاکەتێک جگەرە کە ٢٠ جگەرەی تێدایە بە٥٠٠ دینار دەگاتە هاووڵاتیان، کەبەرامبەر بەنرخی یەک بیبسی کۆلایە کە لەهیچ وڵاتێکی دونیادا بەم شیوەیە نییە، لەوڵاتان جگەرە نرخی بەرزە بۆئەوەی منداڵان توانایان نەبێت بیکڕن، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا بەپێچەوانەوە نرخی جگەرە ئەوەندە کەمە هەموو منداڵێک دەتوانێت بیکڕێت.

بەپێی یاساکەی پەرلەمان، دەبێت ئەو کۆمپانیایەی ئەو بازرگانییە دەکات لەسەر خراپی بەرهەمی هاوردەی جگەرە غەرامە بکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆمپانیایەک سزا نەدراوە لەسەر پێشێلکردنی ئەو یاسایە.

**توشبووانی شێرپەنجە پێویستە حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە**

بەپێی مادەکانی یاساکەی پەرلەمان پێویستە لایەنی حکومەت کار بەیاساکە بکات، لەرۆژی دەرچوونی یاساکەوە تا ئەمرۆ دەبێت حکومەت هەموو قەرەبوویەک بداتە ئەو هاووڵاتییانەی تووشی شێرپەنجە بوون بەهۆی جگەرەکێشانەوە، چونکە ئەو جگەرانەی هاوردەکراون مواسەفاتی یاساکەی پەرلەمانی تێدانییە.

**وەزارەتی تەندروستی کەمتەرخەمە**

ئەگەر کاری وەزارەتی تەندروستی دابینکردنی سەلامەتی تەندروستی هاووڵاتیان بێت، جگەرەکێشان بەم جۆرە تایبەتەی کە لەهەرێمدا باوە پێچەوانەی یاساکەی پەرلەمان‌و تەندروستییەکی باشە بۆ هاووڵاتیان، بەڵام بێدەنگی‌و بێهەڵوێستی وەزارەتی تەندروستی زیاتر بووەتە هۆکاری زیادبوونی حاڵەتەکە، لەیاساکەدا هاتووە کەنابێت لەچایخانەکاندا جگەرە یان نێرگەلە بکێشرێت، بەڵام دوای دەرچوونی بڕیارەکە رۆژ بەرۆژ دیاردەی جگە رە کیشا ن‌و بەتایبەتی نیرگەلە روو لەزیادبوونە، چەندەها شوێنی نوێکراوەتەوە کەمۆڵەتی تەندروستی بۆ دەرکراوە بەپێچەوانەی یاساکەی پەرلەمانەوە.

**مێژووی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان**

بەرگری لەدژی بڵاوبونەوەی جگەرەکێشان، دژایەتی ئەم خووە نوێیە بۆ یەکەمین جار لەسەدەی هەژدەیەم دەستپێکرد، وەکو (جیمسی یەکەم) لەکتێبەکەیدا بەناوی (بەربەرەکانی توتن) وای دەربڕیووە جگەرەکێشان هۆکارێکە بۆ داڕمانی تەندروستی، بەڵام ئەمرۆکە لەگشت وڵاتانی دنیادا ئەم هەڵمەتە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدەدرێت.

لەسەرەتای ئەمساڵدا دەسەڵاتدارانی فەرەنسا جگەرەکێشانی بەتەواوەتی لەشوێنە گشتییەکاندا قەدەغەکرد، وەک یانەکان‌و ئوتێلەکان‌و چێشتخانەو گازینۆکان‌و شوێنەکانی کات بەسەربردن، بەمەرجێک ساڵانی پێشووتر چەندەها شوێنی تریان بۆ ئەم مەبەستە قەدەغە کردبوو، لەهەرێمی ئونتاریوی وڵاتی کەنەدا یاسایەکیان داڕشت بەغەرامەکردنی بڕی ٢٤٧ دۆلاری ئەمەریکی هەر کەسێک لەئۆتۆمبێلدا جگەرە بکێشێت کەمنداڵێکی تیابێت کەتەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر بێ گەر پەنجەرەکانیش کراوەبن، وەزیری تەندروستی ئەو هەرێمە وتی "داڕشتنی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی منداڵان" هۆکاری داڕشتنی ئەم یاسایەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کەچڕی دوکەڵی جگەرەکێشان لەناو ئۆتۆمبێلێکدا ٢٧جار زیاترە لەچڕی ئەو دوکەڵەی لەژورێکدایە، ئەنجامی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەشوێنە گشتیەکانی وەک چێشتخانەکان لەولایەتی ماساشوستسی ئەمەریکی رۆڵێکی گەورەی هەبوو، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی جگەرەکێشان لەنێوان هەرزەکاراندا، لە٤٠٪جگەرەکێشە هەرزەکارەکانی ئەم ویلایەتە وایان لێهاتووە بەشێوەی هەلی رەخساو بۆیان هەبێت جگەرە بکێشن.

د. مایکل سیگل سەرۆکی تیمی توێژینەوەی سەر دەرئەنجامەکانی ئەم یاسایە وتی "منداڵان لەو شوێنانە دەبینن کەس جگەرە ناکێشێت، وابیردەکەنەوە ئەم کارە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە قەدەغەکراوە، ئاکارێکی نەشیاوە.

لەوڵاتی ژاپۆن لەنوێترین داهێنانیاندا بۆ بەرگریکردن لەجگەرەکێشان، ئامێرێکیان دروستکردوە بۆ فرۆشتنی جگەرە پێوانەی هێڵەکان‌و چرچی رووی دەموچاو دەکات، بۆ ئەوەی بزانن ئەوەی جگەرە دەکڕێت لە چ تەمەنێکدایە، ئایا ئەو کەسە گەیشتووەتە تەمەنی رێپێدراو بۆ کڕینی جگەرە، لەکاتێکدا تەمەنی رێپێدراو لەو وڵاتە ٢٠ ساڵیە، تامانگی تەمموزی داهاتوو ٧٥٠ ئامێر ئامادەدەکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

لەوڵاتی لوبنان بۆ مەبەستی ئەم هەڵمەتە باجیان خستووەتە سەر بازرگانی جگەرەکێشان، سودی ئەو باجەش بەکاردێنن بۆ راگەیاندنی هەڵمەتی بەرگریکردن لەجگەرەکێشان، بیرۆکەی ئەم کارەش لەجێبەجێ کردنێتی لەویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، کەوا لەهەرزەکاران دەکات توانای کڕینی جگەرەیان نەبێت.

**جیهانێکی بێ جگەرە**

٥/٣١ی هەموو ساڵێک رۆژی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەیە لەسەرتاسەری جیهاندا، لەو رۆژەدا بەدەستپێشخەری‌و هاندانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا ئەو دەرفەتە بەکاردێت بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری هاووڵاتیان لەمەترسی‌و زیانەکانی جگەرەکێشان لەسەر تەندروستی مرۆڤ بەتایبەتی‌و کاریگەرییە خراپەکانی تری لەسەر ژینگە بەگشتی، بۆ دروستکردنی جیهانێکی بێ جگەرە.

**جگەرەو جێندەر لەپێناوی ژنان‌و ئایندەدا**

بۆ ئەمساڵ بەدروشمی (جگەرەو جێندەر) چالاکییەکانی ئەو رۆژە لەجیهاندا دەستپێدەکات بۆ گرنگیدانی زیاتر بەپاراستنی تەندروستی ژن لەزیانەکانی جگەرە، بەو هۆیەی کەکاریگەری جگەرە لەسەر تەندروستی ژن تەنها بۆ ئەمرۆ نییە، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووشمانە.

هاوکات هاندانی وڵاتان بەقەدەغەکردنی رێکلامکردن بۆ جگەرەو هاندان‌و سپۆنسەرکردن لەو بوارە هەروەها جەختکردنەوە لەسەر قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکان‌و شوێنەکانی کارکردن لەئامانجەکانی تری ئەو رۆژەن لەپاڵ ئاشناکردنی زیاتری هاووڵاتیان بەزیان‌و کوشندەیی جگەرە.

د. ژیان ئەحمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان باس لەکاریگەرییەکانی جگەرەکێشان دەکات لەسەر ژنان‌و دەڵێت "ژن پێش ئەوەی نیازی پرۆسەی دووگیانی بێت دەبێت واز لەجگەرەکیشان بهێنێت، چونکە دەشێت جگەرە ببیتە هۆکاری لەبارچوون، یەکیکی تر لەو کاریگەرییانەی دەشێت ئەو دایکانە منداڵبوونەکەیان پێشبکەوێت لەماوەی دیاریکراوی خۆی وەک منداڵبوون بەحەوت مانگی یان هەشت مانگی".

د. ژیان وتی "دایکی دووگیان سەرەڕای ئەوەی خودی خۆی تووشی زیانەکانی جگەرەکێشان دەبێت لەهەمانکاتدا کۆرپەکەشی دەخاتە مەترسییەوە یەکێک لەو کاریگەرییە خراپانەی لەسەر کۆرپەکە دروستدەبێت بریتییە لەکەمی ئاستی ئۆکسجینی گەیشتوو بەکۆرپەکە، یەکیکی تر لەکاریگەرییەکان لەسەر کۆرپەکە ئەوەیە دەشێت لەکاتی منداڵبونەکەدا کۆرپەکە گیانلەدەستبدات، زۆرجار ئەو منداڵانەی لەدایکێکی جگەرەکێش لەدایکدەبن زۆر لاواز دەبن‌و کێشیان کەمە، یان هەندیک جار دەبیتە هۆکاری تێکچوونی منداڵەکە بەتایبەت لەمانگەکانی سەرەتای دووگیانیەکەدا کەدواتر منداڵەکە بەناتەواوی لەدایکدەبێت".

جگەرەکێشان بەیەکێک لەسەرەکیترین هۆکارەکانی گیانلەدەستدانی پیاوان‌و ژنان دادەنرێت لەهەرێمی کوردستاندا

لە٤٠٪ ئەوانەی بە بەردەوامی جگەرە دەکێشن تووشی جۆرێک لەجۆرەکانی شێرپەنجەی سییەکان بوون.



www.arsivakurd.org

# دەفتەرێکی پڕکراوە

جولیا بیێ
و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

**ڕۆژی ٨٩٠٥ هەشت هەزارو نۆ سەدو پێنج:**

سپی، سپی، هەموو جیهان سپییە، منیش بوومەتە لۆکەیەکی سووکەڵە، من فریشتەم، ئیڤا، تۆ لەوێیت؟

**ئەمڕۆ ٨٩٤٨ هەشت هەزارو نۆ سەدو چلو هەشت:**

ئەم بەیانییە لەڕێڕەوەکەیا دانیشتم، جەستەکانم دەبینی یەک بەدوای یەکدا، یەک لەگەڵ ئەوی دیدا، یەک لەدوای ئەوی ترەوە تێدەپەڕین، ئێرە زیندانی ژنانە کەهەموو لەوێدا بەدرێژایی دیوارەکان وەک تارمایی گوزەر دەکەن، منیش ژنم، کەس لێرە خراپ نییە، جۆرێکە لەبێدەربەستیی کەنامۆیی بۆ بینین دێنێتە ئارا، لێرە دەشێت هەموو شتێک رووبداتو ببێتە راستی، هەر لەو ساتەوە کەتیایدا شتەکان روودەدەن، یەکێک هاوارێکی کردو لەوەدابوو ئەوانی تر ئاوڕبدەنەوە، ئەمجۆرە هاوارە هەستپێکراوەو بەردەوام هەیە، بەڵام رەوییەوە، هاوارێکی تر، بەڵام هاوار چیی لێ حاسڵ دەبێت؟ هاوارەکان دەبێ هەبن، ئەوە رێسایە، رێسای ئەم گەمەیە، ئەمەیش رێڕەوێکە لێرەدا کەهەستو سۆزەکان پیایدا وەک شەپۆلەکانی (با) دەڕۆن، هاوارەکە نەما، بەڵام رەنگە هاوارێکی تر بگاتو ئەمەیش لەنێوسیستمی شتەکاندایە، ژنێک دەگریو دێتە پێشەوەو پاڵ بەدیوارەکەی لای چەپەوە دەدات، دەگری، بەڕاستی دەتوانێت بگری، رەنگە گریان فەرامۆشی بەدڵو دەروونیدا بهێنێت، دەکرێت بەئارامی بێت، دواجار... ئەوە کێشەی خۆیەتی.

ئەم رێڕەوە شوێنێکی دوورو درێژی نمایشکردنە، شتێکی خۆشە کەببینم چۆن جووڵە وەک چارۆکە هەڵمینەکان درێژ دەبنەوە، لەسەر کورسییەک دانیشتوومو کەس تەماشام ناکات، کەس تەماشای کەس ناکات، بەڵێ، من دەبینم، سەمای باڵیو نمایشەکە دەبینم، یەکێک دەڕشێتەوە، بێگومان ژنە، ئێرە تەنها ژنی لێیە، ئەوەتا دەڕشێتەوەو دەمیشی بەقۆڵی کراسەکەی دەسڕێتو دواتر دەڕوات، ژنێکی تر دێتو زەوییەکە دەسڕێت بێئەوەی ورتەی لەدەم بێتەدەر، پێموابێ لەبەر خۆیەوە گیزە گیزی دێتو نەمدەزانی چ گۆرانییەک دەڵێت، ژنێکی تریش پاڵ بەعەرەبانەیەکەوە دەنێتو کەقاچەکانی خۆی دەبینێ پێکەنینی دێت، منیش لەوەدام پێڵووەکانم دادەمەوە، دەیانبینم دەڕۆنو وەک ئاوازی گۆرانییەک لەتر دەدەن: لا،لا،لا...

ئەم ئێوارەیە لێرەیا دەنووم، هەموو خەڵکی شەوان دەخەون.

**ئەمڕۆ ٩٠٠١ نۆ هەزارو یەک:**

پێموایە لەبیرمە رۆژێکیان لەپەنجەرەکەوە سەرم شۆڕکردەوە، دەمویست خوارەوە ببینمو بزانم ئاخۆ دەتوانم بفڕم، لەو رۆژەوە هەمیشە پەنجەرەکان لەودیوی بەربەستە پەنجەرەدارەکانەوە دادەخرێن.

**ئەمڕۆ٩٠١٩ نۆ هەزارو نۆزدە:**

پیاوێک هات بۆ ژوورە سەوزەکە، بۆ بینینی من هات و وتی دەتناسم، بەڵام من ئەوم نایەتەوە بیر، دەفتەرێکی بۆ هێنام، ئەوەیش کارێکی باش بوو، پیاوێکی جوان بوو و ناویم لەبیر چوو.

**ئەمڕۆ٩٢١٢ نۆ هەزارو دووسەدو دوانزە:**

رەنگە رۆژێک لەرۆژان بەپیاوێک بگەم، منداڵێکم لێی ببێت، ناوی دەنێم پیار، ناوێکی خۆشە.



**ئەمڕۆ٩٢١٤ نۆ هەزارو دووسەدو چواردە:**

ئەمڕۆ دایکم مرد، نەخێر، دایکم نەمردووە، ئەم رستەیە جارناجارێک دەوترێتەوە، ئەو نەمردووە مادام دەبێ سەردانی من بکات، ئای چۆن ژنێکە! دەگریو دەناڵێنیو تەنها باسی خۆیو ژیانی نادیاری خۆی دەکات، باشتر وایە شێتێک بم، لەوەدایە وایشم لێبێت. بەسەرهاتەکانی دایکم نامۆو بێهوودەن، دایکم هات بۆ ئێرە، بۆ نێو ئەم دۆزەخە تا پێم بڵێت ژیان وەک جاران نەماوە، تەنانەت ئەویش بەسەرسوڕمانەوە کەوتووەتە پرسیارکردن دەرهەق بەشتەکان، ئەوەیش گۆڕانێک نەبوو لەهۆشیارییدا..کەمن وامکرد بەوجۆرە بژییێت. ئای دایکە چەند بەسەزمانیت، هەوڵی زۆری بۆ مندا، مەمکدانی بۆ کڕیم، ئەو دەیوت دەبێ بایەخی زیاتار بەمەمکەکانت بدەیت، دەنا وەک جووتێک گۆرەوی کۆن شۆڕ دەبنەوە.

**ئەمڕۆ٩٣١٤ نۆ هەزارو سێسەدو چواردە:**

لەم شەوەدا ژنێک سەردانی کردم، بەسەرهاتێکی بۆ گێڕامەوە، ئەو ژنە ناوی جیان بوو. چیرۆکێکی زۆر خەمناک بوو، چەند ئاواتەخواز بووم لەدەفتەرەکەمدا بینووسمەوە، بەڵام لەبیرمچووەوە.

**ئەمڕۆ ٩٣٢٢ نۆ هەزارو سێسەدو بیستو دوو:**

گەر بمانەوێت دەتوانین لەژووری تەلەفزیۆنەکەیا دانیشینو رۆژ بەسەربەرین. حەزم لەسەیرکردنی تەلەفزیۆنە، یان چاوەکانم بنووقێنمو گوێ لەدەنگێ بگرم..

خۆم لەهەواڵەکان بەدووردەگرم نازانم هۆکەیشی چیی، ئازارم دەدات، دوێنێ ئێوارە راپۆرتێکی کرد لەبارەی جەنگێکەوە لەودیوی سنووری وڵاتمانەوە، لەو راپۆرتەدا کۆمەڵێک سەرباز بەکەشخەییەوە چەکە تازەکانیان پیشاندەداین، چەکێک هەموو رکابەرێکی دەشکان، سەربازەکان گەنجگەلێک بوون لەخوار تەمەنی بیست ساڵییەوە، کە من لەتەمەنی بیست ساڵیدا بووم نەمدەزانی رووداوەکان چۆن دەگوزەرێنو چین وچی نین، ئەوە بەر لەرووداوەکە روویدا، منداڵەکان گەمەکانیان پیشانی کامێرا دەدا، بێگومان منداڵگەلێکی جوانو زۆر سادەو ساکار بوون، باسی ئازادیو دادپەروەریو مافی خوێنو زەویو کوشتنو ژیانو مافی خۆیان دەکرد لەژیان، من، بچکۆلەکانم، بچکۆلە بەسەزمانەکانم بیر لەوە دەکەمەوە. حەزمدەکرد کوڕێکم لەتەمەنی ئێوەدا ببوایە، تەواو لەم تەمەنەی ئێوەدا، رەنگە لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوایە گەر بمایە یان نەمکوشتایە.

ئەو گەنجانە باسی جەنگیان دەکرد، وەک ئەوەی جەنگ ژیان بێت، وەک ئەوەی مردن ژیان بێت. بان ، بان، بان، مرد، چیمکردووە تا ئەمڕۆ منداڵان بەپێکەنینەوە بچن بۆ جەنگ؟ ئەی چیم نەکردووە تا جیهان بەمشێوەیەی لێبێتو منداڵان ئەم هەموو زەحمەتەیان پێ ئاسایی بێت؟ من، ماوەیەکی زۆرە لەم نەخۆشخانەیەدامو نازانم لەدەرەوەدا چی روودەدات، مردنیان لێ قەدەغەکردم، لەبری ئەوە لەم جێگەیەدا ئەم قەرەوێڵەیەیان دامێ، لێرە هەست بەسەرفرازی دەکەم، چونکە لێرە شتی خراپ یان زۆر خراپ روونادات، من لەژوورەوەم، جا لەژوورەوەبوونم مایەی دڵنیاییە، پێموایە من ناتوانم لەدەرەوە بژیم، چونکە دیوارەکان دەمپارێزنو ساپیتەکەیش سەرو قژم لەگڕەو با دەپارێزێت، لێرە، کەس سەیری کەس ناکات، مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ شەرمەزاریو پەشیمانییەکانیدا بەئاشتی بژی، کەس تاوانبارت ناکاتو کەسیش دڵنەواییت ناکات، تەلەفزیۆنەکە بیستو چوار سەعاتە ئیش دەکات، جارناجارەیش وێنەیەک سەرنج رادەکێشێت، ئەوکات یادەوەرییەک دێتە ئاراو وێنەی شەقامێک هەڵچوونێک دەوروژێنیو رووکاری یەکێک لەئوتێلەکانیش رووداوێکی ئازیزو شیرین دەجووڵێنێت.

**ئەمڕۆ٩٣٣٣ نۆ هەزارو سێسەدو سیو سێ:**

نەخۆشەکەی تەنیشتم رۆی... لەدەرەوەی ئەم دیوارانە کوێی تر هەیە؟

**ئەمڕۆ ٩٤٥٠ نۆ هەزارو چوارسەدو پەنجا:**

لەدەفتەرەکەمدا ژمارەکان شێتانە بەیەکدا دێن. زەمەن دەڕواتو باوڵی دەفتەرەکانم پڕ دەبن. چەند رۆژێک لەمەوبەر بیستو هەشت دەفتەرم حیساب کرد، نۆزدەیان گەورەو نۆشیان گچکەبوون، هەموویان چوارگۆشەی گەورەیان تێدایە تەنها یەکێکیان نەبێت بێخەتە . دەبێ بۆ دادوەر بنووسم، بەلاری دەنووسم، دەفتەرەکەیش لارە، دەفتەرەکەم تەواو بوو، دەبێ داوای دەفتەرێکی نوێ لەدایکم بکەم، دەمەوێ دەفتەرێکی شین بێ، هەر بۆ گۆڕانکاری، شین، شین، شینی ئاسمانی، شین وەک زریان، وەک شینیی دەرەوە، شین وەک پرتەقاڵەکەی شاعیر، دایکم بەردەوام لەنووسینەکانم سەری سوڕدەمێنێ، کەچی من داوای لێدەکەم لەوە تێبگات کەوا باشترە حەقی بەسەر ئەوەوە نەبێت، دەشێ رۆژێک لەرۆژان بگات بەو قەناعەتە، رەنگە مردنی من بەر لەوبێت.

**ئەمڕۆ ٩٤٥٦ نۆ هەزارە چوارسەدو پەنجاو شەش:**

ئەرێ ئەم سستەرانە بۆچی قەت گڵۆپەکان ناکوژێننەوە؟

سەرچاوە: کتێبی (صرخات الحروب)، ن: جولیا بیێ، ژنە نووسەرێکی فەرەنسیە، لەبڵاوکراوەکانی (دار الشئون الثقافية العامة) چاپی ٢٠٠٧ بەغدا.

# مانگو دایک



فریشتە نەوبەخت
و: سیروان حسەین

روباب سێوەکانی رژاندە ناو حەوزەکەو چەند دڵۆپ ئاویشی پرژاندە سەر دەموچاوی مێهراز، دەنگی پێکەنینی دوو ژنەکە بەرز بۆوە، سیسرکەیەک لەوسەر باخەکە لەتوێی تۆکڵی دارەکان دەیخوێند، وێنەی مانگ لەناو ئاوی حەوزەکە کە شەپۆلی لێدەدا، وردو خاش بوو.

مێهراز، دەستی بەسەر زگە زلەکەیدا هێناو سەیری مانگی کرد، گەواڵە خۆڵەمێشییەکانی هەور، گۆشەی مانگیان داپۆشیبوو، هەردووکیان بێ دەنگ بوون، لەماڵەکە دەنگی مەنگی پیاوەکان دەهات، قسەیان دەکردو نێرگەلەیان دەکێشا، بۆنی تووتنی تێکەڵ بەعەتری وەنەوشەکان، ئەو ناوەی پڕ کردبوو، چەند سێوێک لەسەر ئاوەکە دەسووڕانەوە، روباب سەیرێکی کردنو وتی:

نازانم بۆچی ئێستا بیری دایکم کەوتمەوە.

لەو سەری باخەکەوە دەنگ بیسرا، وەک شنە یان بایەکی فێنکی ناو لقوپۆپی دارەکان، هەردووکیان سەریان بەرەو لای دەنگەکە سووڕاند، دەت وت پیشلەیەک لەناو دارەکانەوە تێپەڕی بێ، مێهراز دەستی لەسەر سکی داناو خۆی سووڕاندەوە و وتی:

دەزانم لەبەر مانگی چواردەی شەوە. هەندێ جار نیوەشەو هەڵدەستمو تا پێشۆڕەکە رەدووی دەکەوم، رێک لێرە دادەنیشتو سەیری مانگی دەکرد، کەزۆرجاران مانگ تەواو بوو و لەناوەڕاستی ئاسمان دەدرەوشایەوە.

روباب هەروا کە لەسەر لێواری پێشۆڕەکە دانیشتبوو، پەنجەکانی پێی خستە ناو ئاوەکە، ئاوەکە شەپۆلیداو دیسانەوە وێنەی مانگ دڕایەوە، چاوەکانی دوو ژنەکە بۆ ساتێک لێک گرێ درانەوە.

تۆ دەزانی؟

روباب وەڵامی دایەوە:

لە کوێوە بزانم؟

دایکم هەندێ جار قسەی لەگەڵ تۆ دەکرد، من لەپەنجەرەکەوە دەم دیتن.

سیسرکەکە بێ دەنگ بوو و دیسانەوە دەنگی وێک کەوتنی لقوپۆپی دارەکان لەوسەری باخەکەوە بیسترا، چاوەکانی مێهراز زەق بوونەوە، سەیری ئەو سەری باخەکەی کرد، دەستی لەسەرسکی داناو وتی:

تەڵا دەیوت ئەم ماڵە جنۆکەی هەیە.

تەڵا هەمیشە لەو قسە قۆڕانەی دەوت.

مێهراز ئاوی زاری قوتداو وتی:

دەیوت دایکیشم...

دەمت داخە! هەر ئەوکاتە باب ئاغا دەبوو لەم ماڵە وەدەرێ نێ تا لەوە زیاتر زمان درێژی نەکردبایە.

ژنەکە دیسانەوە دەستی لەسەر سکی داناو بەچاوە نیگەرانەکانی سەیری پەنجەرە تاریکەکەی ژورەکەی تەڵای کرد:

وس! رەنگە دەنگت ببیستێ، پێتوایە ئەگەر ئەو نەبێ، کەسی تر ئامادە نییە ببێتە ژنی باب ئاغا؟

وەڵامی دایەوە: "گرنگ نییە."

و دەستی درێژ کردو سێوێکی لە ئاوەکە دەرهێنا:

پێم وابێ فێنک بوونەتەوە، وەرە کۆیان کەینەوە و بچینە ژوورێ، باب ئاغا چای دەویست.

مێهراز وەک ئەوەی نەیبیستبێ، هات بەرە پێشۆڕەکەو بەرامبەر روباب دانیشت:

دایکم چی بە تۆ دەوت؟ بۆچی هەر کات لێت دەپرسم لاڵ دەبی؟

هەر دووکیان سەیری یەکتریان کرد، مێهراز شۆقی مانگی لەچاوە رەشەکانی روبابدا دەدیت.

هەموو کات حەزم دەکرد بزانم منو تۆ بۆچی ئەوەندە لێک جیاوازین، بۆچی تۆ ئەوندە لەدایکم دەچیو من لەهیچتان ناچم؟

دەنگی کوندێک لەدوور دەهات، ئاوی حەوزەکە بێ هیچ شەپۆلێک چەق بەستوو و ئارام بوو، سێوەکان نەدەجووڵانو دوو جووت چاوەری رەشو شین لێک ئاڵابوون.

باب ئاغا لەناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا وەستابوو، پشتی لەرووناکاییەکە بوو و تەوژمێکی رەش لەقەڵافەتی بەرزی لەچوارچێوەکەدا رەشی دەکردەوە، هەرای کرد:

ئەم چایە بوو بە چی؟

لقی دارەکان لەوسەر باخەوە دەجووڵان. شنەیەکی فێنک دەموچاوی دوو خوشکەکەی ئەلاواندەوە، هەردووکیان سەرەتا سەیری ئەو سەری باخو دواتر ئاسمانیان کرد، هەورە خۆڵەمێشییەکان لەڕووی مانگ لاچوونو مانگ، شەوی چواردەی بوو.



فریشتە نەوبەخت

# گرنگی خوێندنەوەی نامەکانی چیخۆف

ئا: دەستوور

نامەکانی نووسەران، خوێنەران لەگەڵ تایبەتی ترین وشەکانی ئەو نووسەرانە ئاشنادەکەن کەئافرینەری بەرهەمی هەرمانو هەمیشەیی بوون، ئەم ناسینە دەلاقەیەک بۆ خوێنەر دەکاتەوە بەوەی بتوانێت بەتۆزی خەیاڵ شێوەی ئافراندنی بەرهەمەکانو ئەو بارە سۆزدارییەی کاریگەری بووە لەسەر خولقانی ئەم بەرهەمانە ببینێت.

وەسفی ورد، هێنانی وردەکارییەکان، بەوێناکێشانی کۆمەڵێک راستیو بەسەرهاتەکان، نامەکانی چیخۆفیان کردووە بە بەڵگەیەکی بێ هاوتا، بەخوێندنەوەی نامەکان بۆ وێنە دەزانین چیخۆف بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرانەی بڕیار بووە دەوری "باخی بلاڵووک" بگێڕن بیری لە چ چەمکگەلێک کردۆتەوەو چ پێوەرێکی بووە، لەنامەی ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩٠٣ بۆ ئۆلگا کنیپەری خێزانی، دەخوێنینەوە: "ستانیسلاوسکی، دەبێت بەگایفێکی زۆر باشو رەسەن، بەڵام ئەو کات کێ دەوری لۆپاخین بگێڕێت؟ لەبەر ئەوەی دەوری لۆپاخین گرنگترین دەورە، ئەگەر ئەم کەسایەتییە سەرکەوتوو نەبێت وەک ئەوە وایە هەموو چیرۆکەکە تووشی شکست هاتبێت، نابێت کەسێک جیکە جیک کەرو درۆزن دەوری لۆپاخین بگێڕێت، ئەم کەسایەتیە نابێت بەدڵنیاییەوە بازرگانێک بێت، لۆپاخین پیاوێکی ئارامو بێدەنگە، دەربارەی ئەکترەریش روو دەکاتە ستانیسلاوسکی، یەکێک لەدامەزرێنەرانی شانۆی هونەری مۆسکۆو دەڵێت :" ئەو کاتەی کەسایەتی لۆپاخینم دەنووسی بیرم لەوە کردەوە ئەم دەورە تایبەت بۆ تۆیەو بۆ تۆ زۆر باشە... راستە لۆپاخین بازرگانە، بەڵام لەهەر روویەکەوە کەسێکی بەویژدانو رێزدارە، دەبێت هەڵسووکەوتێکی تەواو شیاوی هەبێت، یان دەربارەی وردەکارییەکانی دیمەنی شانۆنامەی "باخی بلاڵووک" لەنامەیەکدا بۆ ستانیسلاوسکی‌و دەنووسێت:" ماڵەکە دەبێت گەورەو بەربڵاو بێت، لەدار بێت یان بەرد کێشە نییە، دەبێ زۆر کۆنو گەورە بێت، کۆچبەرەکان لەزستاندا وەها خانوویەک هەڵنابژێرن بەوەی بەکرێی بگرن."

ئەم وردەکاریو ورد بینینە لەگێڕانەوەی پرسەکاندا ژیانی تایبەتی نووسەریش دەگرێتەوە، چۆخۆف لەنامەکانیدا زۆر دڵۆڤانە، لەو نامانەدا کە بۆ ژنەکەی نووسیوە توانایی خۆی لەنووسینی پرسە گرنگەکان بەشێوەی تەنز دەربڕییوە، لەو شوێنەدا کە چیخۆف لەنامەی ٢٧ی ئۆتی ١٩٠٢دا بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت :"ماسییە دڕکدارەکەی من" و دەنووسێت "نامەکانی تۆ زۆر توورەو بێ ویژدانانەیە."

چیخۆف دەیەوێ لەپێوەندی گرتن لەگەڵ کەسەکانی بنەماڵەداو وێژان فەرامۆش نەکاتو دەڵێت:" لەنامەکەتدا ساردو سڕی دەبینم، بەڵام بەهەموو ئەمانەوە خۆشم دەوێی و هەمووکات لەیادی تۆدام."

یان کەزەمانێکی زۆر لەئۆلگا بێ ئاگایە لەنامەی ١٠ی ئاپریلی ١٩٠٤دا بەتەنزەوە بۆ دەنووسێت: "هەندێ جار بیر لەپیاوێک بکەوە کەسەردەمانێک هاوسەرگیریت لەگەڵ کردبوو."

یان لەمارسی ١٩٠٧دا بەگاڵتەوە بەئۆلگا دەڵێت:"نامەیەکم لەنووسەرێکی نەناسراوەوە پێگەیشتووە کە پێم دەڵێت لەپێترزبۆرگ عاشقی کەسێک بوویت، زۆرت خۆشدەوێ، هەڵبەت خۆم لەمێژە ئەم گومانەم هەبوو."

لە شوێنێکی تر دەخوێنینەوە کەچەندە بیری خێزانەکەی دەکات: "زۆر سەختە نینۆکەکانی دەستی راستت بکەی، ژیان بێ هاوسەرەکەم بۆ من زۆر سەختە" یان پێی دەڵێت: "کچە نازدارەکە، هەموو کات ساغو خۆشحاڵو بەختەوەر بە، من هی تۆم، هەڵمگرەو بەسرکەو رۆن زەیتوونەوە بمخۆم."

چیخۆف بەگاڵتەوە حەزی خۆی بۆ خواردنی خواردەمەنییە خۆشەکان دەردەبڕێ" من ئیتر نووسەرێک نیم، بەڵکو کەسێکی سکەڕۆم." چیخۆف کەباسی نالەباری تەندرووستی خۆی دەکات بەجێگای ئەوەی بۆڵەبۆڵ بکات بەوەی ناتوانێت بڕواتە حەمام بەشێوەیەک تەنزو گاڵتەجاڕانە بۆ براکەی دەنووسێت :" کێشە ئەمەیە : لەسەرەتای ١٨٨٤وە هەموو ساڵێک بەهاران سییەکانم خوێنیان بەردەبێت، ئەمساڵ کەتۆ تانەو تەشەرت لێدام بەوەی باوەڕم بەرۆحانی پیرۆز هەیە، بێ باوەڕی تۆ وەها تووشی نیگەرانی کردم کە بوو بەهۆی ئەوەی بە بەرچاو سوورینەوە خوێن هەڵبێنمەوە، خستمیانە خەستەخانە." بە گاڵتەوە دەنووسێت : "هەرچەن هێشتا زۆر حاڵم خراپ نییە، بەڵام وادیارە نووسینی وەسیەت نامە دەکەوێتە دواوە، نەکەی سەرمایەو داراییەکەم هەڵلووشی" لەنامەیەکی تردا دەنووسێت: "باری تەندروستی من جۆرێکە کە تەنها ئێوە میراتخۆرەکان دەتوانن خۆشحاڵ بن."

لەنامەی ٨ی نۆڤامبەردا بۆ ئۆلگا بەم شێوەیە باس لەباری خراپی تەندرووستی خۆی دەکات: "ئەو مێردەت کە جیایە لەهەموو مرۆڤەکانو بەردەوام بەرێگای تەوالێتەوەیە" هەر لەوێدا دەڵێت: "ئاخ حەمام، نیوە سەڵتەنەتو داراییەکەم دەدەم بەکەسێک بمباتە حەمام."



بەرگی کتێبی (دڵدارە هەرە ئازیزەکەم)

**بەخوێندنەوەی نامەکان بۆ وێنە دەزانین چیخۆف بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرانەی بڕیار بووە دەوری "باخی بلاڵووک" بگێڕن بیری لە چ چەمکگەلێك كردۆتەوەو چ پێوەرێکی بووە**

چیخۆفی شادو خۆشحاڵ گاڵتە بەنیگەرانییەکانی خۆشی دەکاتو رێکەوتی ١٥ی فێبریواری ١٩٠٠ لەیالتا لە نامەیەکدا بۆ ماکسیم گۆرکی نووسەر ناوداری رووس، دەنوسێت: " من خەم بۆ پرسێکی جیهانی یان بێ هیوایی رەش بین ب هۆی هەژارییەوە ناخۆم، بەڵکو ئەوەی من ئازار دەدات نەبوونی کەسانێکی خوێندەوارە، نەبوونی مۆسیقایەکە کە خۆشم دەوێو بەهۆی نەبوونی خاتوونەکانە لەیالتا، من خەمی نەبوونی خاویارو کەلەرمی تورشی دەخۆم، "بەم شێوەیە بەشێوەیەکی زۆر جوانو شارەزایانە گۆرکی ئاگاداردەکاتەوە کەخەمی مرۆڤەکان، هەرچەن رەنگە پرسە جیهانییەکان بکەن بەبیانوو، بەڵام لەراستییدا کێشەکانی خۆیانە.

لەنامەیەکدا دەخوێنینەوە بەپێچەوانەی وێنای ئێمە، نووسەرەکان شەو و رۆژ سەریان لەناو خوێندن و نووسیندا نییە" حەزناکەم کار بکەم، زۆربەی کات خەریکی پێداچوونەوەی کتێبەکانم " ٢٧ی مارسی ١٨٩٤ بەگاڵتەوە بۆ لیدیا میزینووا، کچێکی جوان کەکاریگەری زۆری بووە لەسەر ژیانی چیخۆفو دەوترێت شانۆنامەی "مەلی دەریایی" بەپێی ژیانی ئەو داڕێژراوە ، دەنووسێت " بیرکردن لەوەی کە من نووسەرمو ئەرکم ئەوەیە بنووسم دەستبەردارم نابێت، نووسین، نووسین، نووسین، لاموایە بەختەوەری راستەقینە بێ بەرەڵایی بەدی نایەت، زۆرم پێخۆشە بەرەڵایەک بمو کچێکی خرپنم خۆشبوێت، زۆرم خەز لەوەیە بێکار دانیشم یان لەخۆوە رێ بکەم... کەچی من نووسەرێکمو تەنانەت لێرەش لەیالتا دەبێت بنووسم."

بێ پارەیی‌و هەژاری زۆر جار وەها چیخۆف نیگەراندەکات کەوەسف هەڵنەگرە، "بێ پارەم، بەردەوام میوانم دێت، زۆربەی کات دڵم تەنگە" (٣ی سێپتەمبەری ١٨٩٩) چەن رۆژ دواتر رێکەوتی ٢٩ی سێپتەمبەری ١٨٩٩ دەنووسێت: "پارەم نییە، هیچ پارەم نییە، تەنیا ئەوەم لەدەست دێت خۆم لەخاوەن قەرزەکان دەدزمەوە" دەبینین ١٨ی ئووتی ١٩٠٠ کێشەی بێپارەیی هێشتا وەک خۆی ماوە: " دڵم تەنگو توورەم، زۆر سەیر پارە سەرف دەبێت." لەشوێنێکی تردا ئاواتەخوازە" ئاخ ئەگەر پارەم بێتەدەست" لەهەمانکاتدا دەبینین چیخۆف سەرەڕای بێ پارەیی هەموو مانگێک یارمەتی پیپانۆف دەداتو ئۆکتۆبەری ١٨٩٩ یارمەتی دەدات بەوەی بچێت بۆ یالتا.

نامەکان یارمەتیمان دەدەن بەوەی لەوە بگەین نووسەرەکان تا چەن لەگەڵ کۆمەڵگاکەیان جیاوازییان هەیە، لەو شوێنەدا کەچیخۆف بەگاڵتەوە زۆرجار بۆ ژنەکەی دەنووسێت من مێردی تۆمو دەتوانم لێت بدەم، بەم شێوەیە گاڵتە بەو مافە دەکات کەکۆمەڵگای ئەوکاتی رووسیا، بە شێوەیەکی عورفی و یاسایی، بۆ پیاوانی رەوا زانیوە، لەهەمانکاتیشدا تەنزێکی رەخنەگرانە لەنووسینەکانی چیخۆفدا دەبینینو دەزانین چیخۆف نووسەرێکە هەر چەن لەباری مێژووییەوە لەسەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە، بەڵام ژیانی تایبەتو تاکەکەسی ئەو سەدەیەک لەپێش کۆمەڵگاکەیەوە بووە."

دەربارەی تێڕوانینی چیخۆف بۆ نووسین لەنامەی ١١ی ئاپریلی ١٨٨٩دا دەخوێنینەوە کە بۆ براکەی نووسیوە:" دەبێ ئازادانە بیر بکەیتەوە، بەشێوەیەک کەترست نەبێت بەوەی گەوجێتییەکان بنووسیتەوە، زۆر بەنووسینەکانتا مەچۆرەوە ، بەڵکو زۆر نەترسو بوێر بە، هەروەها ئەوە بزانە کە وەسفە عاشقانەکان، خیانەتی ژنو مێردەکان، فرمێسکی بێوەژنو هەتیوەکان یان هەرچەشنە فرمێسک رشتنو گریانو هاوارێکی تر لەمێژە هاتۆتە نووسینو شتێکی تازە نییە، رەنگە بابەتەکە نوێ نەبێت، بەڵام دەبێت سووژەی نوێ هەبێت، "دەربارەی نووسینی چیرۆکو شانۆنامە دەنووسێت " خزمەتکارەکان دەبێ بەزمانی خۆیان قسەبکەنو دەبێت شێوەی قسە کردنیان وەک قسەکردنی خزمەتکار بێت" لە سێپتەمبەری ١٨٩٩ دا لەنامەیەکدا بۆ گورگی دەنووسێت: "لەکاتی پێداچوونەوەدا تا ئەو ئەو شوێنەی دەکرێت ئەو وشانە لابە کەوەسفی ناو یان کردارێک دەکات" لەهەموو نامەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە چیرۆکنووس دەبێت بەجۆرێک بنووسێت کە زۆر زوو خوێنەر لێیان بگات، هەروەها دەربارەی شێوەی دەربڕین لەشانۆدا ٢ی ژانوویەی ١٩٠٠ لەنامەیەکدا بۆ ئیلگا دەنووسێت: "دەبێ ئازارەکان بەو شێوەیەی لەژیاندا هەیە دەرببڕدرێن، واتە نەک بەجووڵەی دەستو پێ، بەڵکو بەتۆنی دەنگو روانین، نەک بەئاماژە و هێما بەڵکو بەجوانی"

هەندێ جار نامەکان ئازارمان دەدەنو دەیخەنە روو نووسەرێکی وەک چیخۆف تا چەند بەشێوەیەکی نادرووست دادوەری کردووە دەربارەی بەرهەمەکانی خۆی، ٢٠ سێپتمبەری ١٩٠٣، واتە لەدوایین ساڵی ژیانیدا بۆ ژنەکەی دەنووسێت: " ئیتر نووسەرێکی ئێکسپایەرمو ئەو رستانەی دەینووسم بێکەڵکەو هیچ سوودێکی نییە" لەنامەیەکیدا بۆ دانچنکۆ، شانۆنامەنووس، چیرۆکنووس، دەروونناسو رەخنەگری شانۆ دەنووسێت: " هەمووی تاوانی تۆو سۆمباتۆفە هانم دەدەن بەوەی شانۆنامە بنووسم" لەشوێنێکی تردا بۆ دانچنکۆ دەنووسێت "ئەدەب ئێمەی لەجیهانی دەرەوە دابڕیوە، هەر بۆیە کاتێکی ئازادمان بۆ نەماوەتەوە، پارەمان نییە، کتێبمان کەمە، زۆر کەمو بەدڵساردییەوە دەخوێنینەوە، زۆر کەم گوێ دەدەینە قسەی ئەوانی تر، زۆر کەم هەوڵدەدەینو بێ جووڵەین."

بەڵام چیخۆف لەهەمانکاتدا کەخۆی نەدیوە توانیویەتی بەجوانی رەخنە لەنووسەرەکانی هاوچەرخی خۆی بگرێت، لە ٢٠ ژانوویەی ١٩٠٢ دا لەنامەیەک بۆ ئۆلگا دەنووسێت، "ئەوەی راستی بێت، گۆرکی خەریکی نووسینی شانۆنامەیەکی تازەیە دەربارەی ژیانی هەژارە بێ خانو لانەکان، هەرچەن ئامۆژگاریم کردووە ساڵێکی تر دەستراگرێتو پەلەنەکات، نووسەر دەبێت زۆر بنووسێت، بەڵام پەلەنەکات، وا نییە هاوسەرە باشەکەم؟" جارێکیتر سەبارەت بەگۆرکی لەنامەیەکدا بۆ یۆژین، هونەرمەندو شانۆنامەنووس دەنووسێت: " فۆماگاردیفو سێ هاوڕێی گۆرکی بۆ خوێندنەوە نابن، کتێبی باش نینو لەئاستی نووسینی قوتابییەکی دواناوەندییدایە" هەروەها لەو نامەدا بەشێوەیەکی پێغەمبەرانە پێشبینی دەدات: "لاموایە کاتێک دەگات کەبەرهەمەکانی گورکی فەراموش دەبن، بەڵام خۆی دوای هەزاران ساڵی تر هەر لەیادو بیرەوەرییەکاندا دەمێنێتەوە" لەهەمانکاتدا لەژوئەن ١٨٩٩ بێ هیچ شەرمکردنێک لەنامەیەکدا بۆ گورکی دەنووسێت، ئێوە بەسەرکەوتنو هاتو هاواراوە دەستتان پێکرد، هەربۆیە ئێستا هەموو شتێک لەبەرچاوت سووکو بێ بەهایەو لەنامەیەکی تردا داوای لێدەکات زۆر باشتر خوێنەرەکانی ببینن یان لە ٣ی ژانوویەی ١٨٩٩دا بۆ گورکی دەنووسێت: "زۆر هونەرمەندانە وەسفی سروشت دەکەی، تۆ شێوەکارێکی ناتۆرالیستی راستەقینەی، بەڵام زۆربەی وێکچوونەکانی مرۆڤ وەک: " دەریا هەناسە دەدات، سروشت چرپە دەکات یان قسەدەکات یان نیگەران دەبێتو هتد، وەها وێکچوونێک بووە بەهۆی یەکدەست بوونو یەک ریتم بوونی شتە وەسف کراوەکە، پێویستە ئەو کاتەی باس لەسروشت دەکەی سادە بنووسیت" گورکی لەوەڵامی چێخۆفدا دەنووسێت "هەموو وتەکانت جێگای رێزنو زۆر شانازی بەهاورێیەتی لەگەڵ دەکەم، یان لەشوێنێکی تردا بۆ چێخۆف دەنووسیت "روخسارت وەک دادوەرێکی ساردو سڕ دەبینم" هەرچەن ناوەڕۆکی نامەکەی گۆرکی باس لەوە دەکات ئەویش وەک زۆربەی نووسەرەکان گوێ بەئامۆژگارییەکان ناداتو تەنها بەرواڵەت وا نیشاندەدات کە گوێیان لێ دەگرێت.

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٤ لەدەرەوەی رووسیا کۆی نامەکانی چێخۆف چاپو بڵاوبۆوە، بەشێک لەنامەکانو ئەو بەشەی کەنامەی چیخۆفە بۆ هاوسەرو هاوژیانی "ئۆلگا" ساڵی لەلایەن رەووف بێگەردەوە وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی کوردی لەژێر ناوی "دڵدارە هەر ئازیزەکەم" بەژمارە سپاردنی ١٣٧٣ی ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن چاپو پەخشی سەردەمەوە بەتیراژی ١٢٥٠ دانە، لەکۆی ٤٦٩ لاپەڕەدا چاپو بڵاوبۆتەوە.

ئەم نامانە وەک وترا راستە نامەی چێخۆفە بۆ هاوسەرو هاوژیانەکەی ئەو کاتانەی لێک دوورن، بەڵام هەڵگری تایبەتمەندییە تاکەسییەکانی ئەو نووسەرەیە کە لەئەدەبی گێڕانەوەدا شوێنپێیەکی تایبەتی هەیە.

**چیخۆف دەیەوێ لەپێوەندی گرتن لەگەڵ کەسەکانی بنەماڵەداو وێژان فەرامۆش نەکاتو دەڵێت: "لەنامەکەتدا ساردو سڕی دەبینم، بەڵام بەهەموو ئەمانەوە خۆشمدەوێی‌و هەمووکات لەیادی تۆدام."**

**لەو شوێنەدا کەچیخۆف بەگاڵتەوە زۆرجار بۆ ژنەکەی دەنووسێت من مێردی تۆمو دەتوانم لێت بدەم، بەم شێوەیە گاڵتە بەو مافە دەکات کەکۆمەڵگای ئەوکاتی رووسیا، بەشێوەیەکی عورفی‌و یاسایی، بۆ پیاوانی رەوا زانیوە**

www.arsivakurd.org



# هەڵەبجە باوانی بەڵێنی بەرپرسان



راکردن لەوێرانەوە بەرەو بەڵێنی بەرپرسان



تازیندووین بێ پاسەوانین!

ئارام شەمێرانی

سالیادی کیمیابارانو کۆمەڵکوژی هەڵەبجە ئەمسالیش تێپەڕیو واخەریکە لەچارەکە سەدەیەک نزیکدەبێتەوە، بەلاتانەوە سەیر نەبێت شانزەی سێ نییەو منیش چەند خولەکێ ئەتانگێڕمەوە بۆ چەند سالێ لەمەوپێش.

دوای ئەو هەموو ساڵیادە چڕو پڕو بەجۆش‌و خرۆشەی نەوەدەکان، ئیدی هێدی هێدی کرچو کاڵ بووەوە، بەشداریکردنیش لەلایەن زۆرێک لەخاوەنی شەهیدانەوە بوو بەعەیبە، چونکە ئەوەندەی فێستڤاڵێکی وەرزشی سالانەی قوتابخانەکان گرنگی پێ نادرێت، سەرتاپای جوگرافیای شارەکەش دەڵێی قورمیش کراوە، ئەوەی تروسکەی ئومێد بێت لەدڵی لێوان لەحەسرەتی هیچ گەنجێکیدا نییە، ئەو چەند گازینۆو دەرو دەشتەش نەبووایە چی تێدایە دەبووە دێوانەی نێو ئەم وێرانەیە، ئاخر لەم ئاسمانە پڕ دوکەڵو خاکە بەبۆسۆ بووەدا دڵخۆشیو گەشبینی گەوجێتییە؟

شاری بەعس کردی بەخۆڵەمێش‌و پرپۆڵەو حیزبە کوردیەکانیش کردیانە مەیدانی جەنگو شوێنی سەنگەرگرتن لەیەکتر، لەهیچ هێزێک بەقەد دەنوکی پەرەسێلکەیەک خێری نەدی، نازانم هەڵەبجە نەوتی کەرکوکت هەیە؟ مەرزی باشماخو ئیبراهیم خەلیلت هەیە؟ هەرچی لێی دەڕوانم بەسەر نەخشەشەوە تەجاوزە! شارێ دوای بیستو دووساڵ بیستو دوو باخچەی تێدا نییە، بەجینۆساید ناساندنیش کەبەرهەمی هەوڵی هەندێ خەمخۆری هەڵەبجەیە میدیا حیزبیەکان خەریکن پێمان دەفرۆشنەوە، ناحەقیان نییە ئاخر ئێستا مۆدێلو مەوسیمی ئەمەیە قسەی لەسەر بکەن، بەڵام هەڵفڕینی تاریق رەمەزانەکان کەس ئامادەنییە خۆی بکات بەخاوەنی؟

قایمقام کەوەک خدری زیندو دیار نەما کەس نایەوێ شوێن پێیەکی هەڵگرێ، داوای ئەوەمان بۆ دەکەن هەڵەبجە ببێت بەپارێزگا، سەد خۆزگە بەسیانزە ماڵە خنجیلەکە، چی لەهەڵەبجەدا ئەکاتە ئەوەی دڵی پێ خۆش بکەیت بکرێ بەپارێزگا؟، پشتەوەی مۆنۆمێنتەکە جوانە کە لەدوای تیرۆرکردنی شەهید کوردەوە تا ئەمڕۆ تەنەکەو ئاسنەشکاوەکانیان لانەبردووە تەنانەت بیر لەوە ناکەنەوە دەوروپشتی خۆشیان پاک راگرن، چ جای بتوانن شار بکەنە ئەو شوشەیەی کە لەملاولا لەسەری دەدوێن، درەختەکانی نێوان مامۆستای نەناسراو و شارەوانی جوانن ئەڵێی بێشکەی شەقوشڕن، دووسایدەکەی سەر جادەی حەمەوغان جوانە کە بوو بەکەوڵکردنی پێستی شێری بریندارو هەر تەواو

**شاری ئەوەندە چاوی بەکامێرادا هەڵتەقیوە کەستاندو مایك دەبینێ عارەق دەکات، شارێك بووە بەژێر بەڵێنو ئیمزاو کاغەزو مۆرو درۆو دەلەسەو هاشوهوشەوە**

نەکرا، پارکەکەی پشت مەکتەبی شنروێ جوانە کە ئەم هاوینە گزرەیان تیاکرد، دوو سایدەکەی مامۆستایان جوانە کە بەپاڵیش ئیشی لێ ناکەن، گڵۆپەکانی سەر پەیکەرەکەی پیرمحەمەدی عومەری خاوەر جوانە کە هێشتا دانەیەکیان سوتاوە، هاوینە هەوارەکەی عەبابەیلێ جوانە کە تا ئێستا جادەیەکی قیری نییە، ئەرزەی پاشا جوانە کە وەک قەڵای هەولێر شوێنێکی مێژووی بوو کەچی کردیانە عەرەبانەوەو وەکو گڵاوبێ بۆ دەرەوەی شار فرێیانداو تازە بەتازە سیاجی بۆ دەکەن، تۆڵەکەکانی دەوری پەیکەرەکەی عومەرو کۆرپەکەی جوانە کە نەتانتوانیوە نیو پیاڵە چیمەنی پیا بپرژێننۆ دوو چڵ گوڵی مەعقولی تیا بڕوێنن.

شارێ ئەوەندە چاوی بەکامێرادا هەڵتەقیوە کە ستاندو مایک دەبینێ عارەق دەکات، شارێک بووە بە ژێر بەڵێنۆ ئیمزاو کاغەزو مۆرو درۆ دەلەسەو هاشوهوشەوە، شارێک دڵی دانیشتووانەکەی لەژێر پێیدا لێ دەدات، بەڵام عیزەتی نەفسیان دە ئاسمان لەسەرووی ئەستێرەکانەوەیە، شارێک کە دەستەکانی دەکاتەوە بۆ نزا پڕ دەبێت لەلیکو خوێنو چڵکاو، کەبەدەم هەر کەسێکەوە پێدەکەنێت لێوەکانی بۆ دەبڕێتو بۆی دەخاتە مەنهۆڵی ئاوەڕووە، شارێک شەوانە بەدەم ناڵەی برینارەکانیەوە وەنەوزەکانی سیخناخ دەبن لەزەلیلیو بێداری، شارێک هەموو نیوەی مانگی ئازارێک کارمەندەکانی شارەوانیو دائیرەی کارەباو جارجاریش زەراعەی بۆ دەکەنە سۆپەرمانێکی وەک مزراحو خۆشیان وەکو سوورەی بەر لەشکر بە بۆینباخێکی

**حەزناکەم سیاسی حیزبی بۆ ئینتیما هەڵەبجە بەخەباتی خۆیەوە گرێ بدات، ئیتر ئێمە چرکە بەچرکەو ترپە بەترپە لەدڵی خۆماندا یادی داماوی خۆمان دەکەینەوە**

سوورەوە دەکەونە پێشی میوانانو بەرپرسانو لەهیچ نەترسان، وەکو یەکویەک کە تائەو سەری دونیا هەر دەکاتە دوو هەر هەمان دەفی دڕاوەو بەهەمان پەنجە ناڵەی لێ هەڵدەسێنن، هەر هەمان کەمانی خوێناویەو بەشمشێرێکی ژەنگاوی عەزفی پێ دەکەن، هەر هەمان پۆلە کۆتری لەبلەبی سپییەو دەیبەن لەناو کێلی بەدرک داپۆشراوی شەهیدانا بەچەپڵەو فیکەی کۆتر بازانە هەڵیدەفڕێننو تەقلەکانی دەژمێرن.

هەر هەمان میزەڵانە رەنگاوڕەنگەکانی دەرەچەی چیسە کەدەبوو رەش بوونایەو پڕی دەکەن لەغازو هەڵیدەدەنو تادەگاتە داوێنی هەتاو پەنچەی دۆشاو مژەی بۆ رادەکێشن، هەرهەمان لافیتەیە کەدەیدەن بەسەر شانو ملو تەوێڵی ئەو دیوارانەدا کەوشکە کەڵەکنو وەختە هارە بکەن، هەر هەمان دروشمی بریقەداری فریودەری گاڵتەجاڕانەیە کە لەسەر فلێکسەکانیان دەیاننوسنەوە.

ئیدی ئەمە سەروبەری خزمەتو ئاوەدانیو پرۆژە هێنانە بۆ ئێمەی کەسوکاری شەهیدو خۆشمان سێ لەسەرچوارمان هەرشەهید، ئامانی حکومەتی کوردی لەوەدایە کە ساڵیادی کیمیابارانی ئەم دوکەڵخانە ژەهراوییە کەوتووەتە سەرەتای بەهارو نەورۆز، کەغەریبەو میوانانیش دێن بەبارانی خودا هەرچی تۆزو قوڕی پێشتر بووە، بووە بەفەرشی سەوز، بادرەختی کەلاوەکانیش بوەستێت، دەنا ئەگەرلە پایزدا بووایە لەمۆنیکا جام رەشەکانیشیانەوە بێزیان نەدەهات سەیری ئەم کاولەیە بکەن!!

ئێمە چی بکەین لەگۆرانیو مۆزیکو شانۆ؟؟ چی بکەین لەدووری لەسەدان کیلۆمەترەوە بەپێ هاتن ؟ ئەوانە دەنرخێنین، بەڵام خۆ باری ئێمە نەک چڵ، بەڵکو هەر هەشتا مەنە، ئاخر گرتنی وێنەی پەککەوتەیەکو

**ئاخر گرتنی وێنەی پەککەوتەیەك‌و کردنی بەچەرەس‌و نمایشکردنی لەکەناڵێکەوە کەتەنەکەیەك فرمێسکی لێڵ لەچاوییەوە فوارە دەکات جگە لەپڕکردنەوەی کاتی بەرنامە پوچەکانیان چی لەگوزەرانی ئێمەی چارەڕەش‌و بەش مەینەت‌و بێ داڵدە دەگۆڕێت؟**

کردنی بەچەرەسو نمایشکردنی لەکەناڵێکەوە کەتەنەکەیەک فرمێسکی لێڵ لەچاوییەوە فوارە دەکات جگە لەپڕکردنەوەی کاتی بەرنامە پوچەکانیان چی لەگوزەرانی ئێمەی چارەڕەشو بەش مەینەتو بێ داڵدە دەگۆڕێت؟ جگە لەوەی گوێنی یەک لیمۆدۆزی دەکەنە سەر برینەکانمان؟ برین گەلێک کە تا هەنوکە نەزیفی خوێنی لێ نەبڕاوە!

وەک گشت ساڵێک قوتابی دوو سێ قوتابخانە سەرقاڵ دەکەن بە رێپێوانو شانۆو فینگە فینگو دەیکەنە چالاکی بۆ خۆیان، جەماعەتی لیژنەی باڵاکە خۆیان بەئیمپراتۆرو کەسی پلە یەکی شارەکە تەماشادەکەن دەچنە کورسییەکانی پێشەوەی شوێنی مەراسیمەکە بۆئەوەی شەو خۆیان وەکو سیاسییەکان ببیننەوە، کەلاوەکانی ئێرەش بەکەمئەندامی دەخنکێت، هێشتا بیاوێڵە وەک کەنەفتەیەکی بەوەفا نایەوێ مەیتەکانی دەوری حەوزەکەی ملەقەوی بەجێبهێڵێت، هێشتا عەنەب بۆ جەلال عازەبانی باوکە رۆیەتیو ئەکرەمەکەی خۆی بیرچووەتەوە.

هێشتا ئەحمەدئاوا لەسەرچاوەکەیەوە بە خوڕ دەگری، هێشتا خارگێلانو خەرپانی چاوەڕوانن تا بریندارێ تر بەکۆڵ بگەیەننە خاکی ئێران، هێشتا عوسمان هەورامی وەکو خەلیفە عومەر شەوانە لەهەورامانەوە بەپێ خاوسی دێتەوە کانی عاشقانو ژووان بۆ سیاچەمانەو هۆرە رێکدەخاتو دەست بەسەر سەری هەتیویاندا دێنێو سییە پارچە پارچەکانیان وەکو پینەی شەرواڵی شڕی گەدایەک دەداتەوە لەیەک، هۆ دونیا بانگەوازمانە بانگەواز، چیکە ئێمەی هەڵەبجەیی کە بەدوو پشتو بێ سەجەرەش دەچینەوە سەر رەگەزی بایەقوش دەڵێن: بریا ئاوەدانی دەیتوانی تەنها ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانە پاکبکاتەوە کەلێیان نوسراوە (ئاوەدانکردنەوە) بەرمیلە قوپاوەکانیش دەڵێن: وەرنەوە بچینەوە بۆ کۆڵانەکانی بەنزینخانە، بۆ نۆبەی شەڕە شەقو شەڕە جنێوو پاڵپاڵێنی ئەو نەوتەی کە لەتەمموزدا بەجرتوفرتو لارو لەنجە دێ! بۆ ئەو شوێنەی کەدەبوو مۆزەخانە بوایە، چی بڵێین چی؟ کەهێشتا رێگەکەی بامۆک سیخناخە بەپەڕوو ئێسکوپروسکی ئەزیزانی ئێمە؟

هێشتا عەبابەیلێو جەلیلە بەزەڵم دەڵێن: ئامانت بین پردەکەت بەرە با زیلو جوندیو پۆسال نەیەنە شارەزوورەکەی نالی!! هێشتا شنروێ بەدیار باڵای باڵامبۆوە هەنسک هەڵدەکێشێت، هێشتا زەواڵی بەناو رەتڵە میندا لەشەمێرانەوە دەیەوێ بێت بەدەم ناڵەو نرکەی منداڵانی سینە پڕ لەخەردەلی هەڵەبجەوە لەسیرواندا سەبری میوانداری کەسمان نییە، لەیەزدان بەزیادبێت ئوتێلێک لەدەروازەی شاردا قووت بووەتەوە، با ئەوەی دێ بچێ لەوێ بگوزەرێنێو رابوێرێت، نەبا گەنجی ملیوان تۆزاویو ساوای دەرقاچە قوراویو پیری دەست لەرزۆکی جگەر سوتاوو مەزلومانی بێ داڵدەو جەستەی بێ تیمارو بەتاڵەی شەڕفرۆشو دەستگێڕی عەجول و... کەیفو گەشتەکەیان لێتێکبدەن؟

**بریا ئاوەدانی دەیتوانی تەنها ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانە پاکبکاتەوە کەلێیان نووسراوە (ئاوەدانکردنەوە)**

داوایە، تکایە، میوانان ببەنە هۆڵی ئەحمەدموختارو مۆنۆمێنتەکە، با لەگەڵ بێ خەمخۆری ئەم ئەتککراو خانەیەدا دزاودز بکەون، وا باشە با ئابڕوتان لەمە زیاتر نەتکێت، چونکە تا ئێستا نەتانتوانیوە هۆڵێک بکەنەوە کە تایبەت بێ بەو ساڵیادە، ئەوەندەی ئەوانەشتان لێ نەهات کە هۆڵی زەماوەندو هۆڵی پرسە دەکەنەوە، ئیتر گوێی ئێمە بۆ بەڵێنی چەوری وەک دوگی مێی جەنابتان زیادەترین پارچەیەو وەک تاشە بەرد رەقەو هیچی پیا ناچێت، ئیتر منی لەهەڵەبجەدا لەدایکبوو نامەوێت گوێ لەپارە لوشدەر بگرمو سەیری پۆزلێدەران بکەم لەبری ئەوانەی لێم ون بوون، لەبری خاڵم کە ناوی نامو بیرم نایەت تەنها جارێ دیبێتم.

منێک نەنکم هەتا مرد بەدیار کۆمەڵێ گۆڕەوە گۆڕەوشاری چاوە کزەکانی خۆی دەدا کەنەشماندەزانی داخۆ کێی تێدایە؟ شەوانە تا بەیانی بەدیار وێنەی کچو کوڕو زاواو کچەزاکانیەوە دەگریاو دەبورایەوە، بۆ کوڕە دەزگیراندارە تەنزیمەکەی دەگریا کە هەموو سەروەتو میراتێکی سندوقێکی بۆیاخ چێتیو چەند شیعرێک بوون، نەنکێ کە هەتا مرد لەژوورێکدا بوو بەکرێ، کەرۆژ دەبووەوە بە ئەشک دەستنوێژی دەگرتو قورئانە بەرگ سەوزەکەی هەڵدەگرتو دوعای لەوانە دەکرد رەنج بێوەریان کرد، کەچی هەندێ لەهاوڕێیانی کورەکەی هەر بۆ دەرمان جارێ سەردانیان نەکرد، تا ئەو کێوە قورقوشمەی ئازارەکانی ببینن! تا ئەو کانی زوخاوە ببینن کەلە کاتی مەرگیدا لەدەمیەوە دەچۆڕا.

ئیتر منی نەوەی ئەم شارە شەهیدە حەزناکەم رۆژنامەنووسی حیزبی ئەم شارە بکاتە مایەی وەرگرتنی موکافەئە، حەزناکەم شاعیری حیزبی هەڵەبجە بخاتە شیعرەکانییەوەو خۆشی پێی بەکەلەپچەو دەستی بەخەنەو قژی لەبەردەست حەلاقدا بێتو نەتوانێ بێتە شارەکەوە، حەزناکەم سیاسی حیزبی بۆ ئینتیما هەڵەبجە بەخەباتی خۆیەوە گرێ بدات، ئیتر ئێمە چرکە بەچرکەو ترپە بەترپە لەدڵی خۆماندا یادی داماوی خۆمان دەکەینەوە نەک تەنها تاقێک، چونکە گەشتوینەتە ئەو یەقینە خەستەی کە هەموو ساڵەکان بۆ ئێمە هەر هەشتاوهەشتو هەموو مانگەکان بۆ ئێمە هەر سێو هەموو رۆژەکان بۆ ئێمە هەر شانزەن.

# ئایینو دەسەڵات لەخەلیفەوە بۆ حیزبی سیاسیی ئایینی

نەجمەدین حەمەعەلی

پێویستە لەسەرەتادا ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەینو بپرسین ئایا بۆ لەهەرکاتێکدا کەباسی دەوڵەتی ئایینی یان حوکمی دەوڵەتی ئایینی دەکرێت راستەوخۆ بەنێگەتیڤو ستەمکارو دیکتاتۆریەت بەراورد دەکرێت، هەروەها کاتێکیش کەباسی دەوڵەتی نائایینی یان عەلمانی دەکرێت راستەوخۆ بەبێ دینیو بێ ئیمانی وەسفدەکرێت؟ ئایا ئەم حوکمدانو پۆلێنکردنو هەڵوێستوەرگرتنە لەلایەن نوێنەرانی هەریەک لەم دوو بەرەیەوە لەبارەی لۆژیکی راستو دروستەو لەشوێن خۆیایەتی؟ یاخود بەپێچەوانەوە حوکمدانێکی نالۆژیکیو نادروستە؟ مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لەو کێشمەکێشو هەڵنەکردنو رووبەڕوو بوونەوەو شەڕو خوێنڕشتنو کوشتو کوشتارانەی کە لەپێناو غەریزەی گرتنەدەستی دەسەڵاتو حوکمکردنو رەدکردنەوەو سڕینەوەی یەکتردا روویانداوە، لەغەریزەی گرتنەدەستی دەسەڵات لەتاکێکەوە بیگرە تا غەریزەی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیمپراتۆرو سوپایەکی زەبەلاحەوە، لەقابیلەوە بیگرە تا فیرعەونو ئەسکەندەرو کۆرشو ناپلیۆنو هیتلەرو ستالینو بۆشو سەدامو ...هتد، هەموو ئەو شەڕو رووبەڕووبوونەوەو خۆسەپاندنانە لەپێناو غەریزەی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا بووە، هەریەک لەو رووداوانەش پاڵنەرێک لەپشت روودانیانەوە هەبووەو هەر ئەم پاڵنەرەش رەوایەتی بەگرتنەدەستی دەسەڵاتو حوکمکردنی داوە لەلایەن هەریەک لەو هێزو لایەنانەوە.

لەناو ئەمانەشدا لەرابردوودواو لەئێستاشدا هەیانە بەرمەبنای هێزێکی پیرۆزی ئایینی ئەو رەوایەتیو دەسەڵاتەی بەخۆی داوەو هەشیانە بەرمەبنای ئایدۆلۆژیاو پاڵنەرێکی تری ناپیرۆز ئەم رەوایەتیەی بەخۆی داوە، هەمیشەو لەزۆرکاتدا ململانێو یەکتر قبوڵنەکردن لەنێوان ئەم دوو هێزو لایەنەدا سەریهەڵداوە، وەک دوو هێزی پیرۆزو ناپیرۆز، هەریەکە لەو هێزانەش بۆخۆیان هەڵگری کۆمەڵێک ئایدیاو پرەنسیپ بوون کەلەو پێناوەدا هەریەکەو لەلایەن خۆیەوە هەوڵو کۆششی بۆداوەو لەپێناویدا جەنگاوە، لەناو ئەمانەشدا هەیانبوە ستەمکارو خوێنرێژو هەیانبوە لەپێناوی عەدالەتدا قوربانی داوە، بەڵام لێرەدا پێویستە جیاکارییەک بکەین لەنێوان هێزی پیرۆزو ناپیرۆزدا لەرووی پرەنسیپو ئامانجو ئایدیاوە، لەبنەڕەتدا هێزی پیرۆز بەتایبەتی (ئایینە ئاسمانییەکان) بەلەبەرچاوگرتنی گوتارو شوێنو کاتو سەردەمی هاتنیانو ئەو خەڵکەی کەگفتوگۆیان کردوە دەتوانین بڵێین لەپرەنسیپدا لەگەڵ ستەمکاریو کۆیلایەتی دژنو هەڵگری ئایدیای چاکەو عەدالەتن بۆ بوونو ژیانی مرۆڤ، هەڵبەتە هێزی کەی نائاینیش هەبوونو هەن کەدەرەنجامی تێفکرینو بیرکردنەوەی مرۆڤ بوون لەناوەڕۆکو جەوهەردا لەگەڵ بوونو وجودی مرۆڤدا هاوڕێکنو لەپرەنسیپدا هەڵگری هەموو ئەو ئایدیا چاکانەن کەدەکرێ مرۆڤ بەمرۆڤبوونی خۆی ئاشنابکەنەوە لەفۆرمە باڵاو رەسەنەکەیدا لەوانەش فەلسەفەو بیرکردنەوەی فەلسەفی رەسەن.

> لەئێستادا مەسیحیەتو دەوڵەتی مۆدێرن لەرۆژئاوا شان بەشانی یەك ئامادەییان هەیە بەبێ ئەوەی کەسیان ئەویتر ڕەدبکاتەوەو بیکاتە دەرەوەی بازنەوە

گەر سەرنجێک لەساتەکانی هاتنی ئایینی ئیسلام بدەین دەبینین ئەم ئایینە لەسەردەمێکدا هاتوە کە بەگوتەی خودی قورئانی پیرۆزیش ئەو گەلە واتە (قورەیش) لەخراپترین دۆخی مرۆڤبوونی خۆیاندا بوونو هەموو بنەماو پرەنسیپو چەمکە باڵاو رەسەنەکانی بوونی خۆیانو تەنانەت ژیانی رۆژانەشیان لەدەستدابوو، ئەم گەلە مرۆڤیان بەدەستی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکردو تەنانەت ژیانی فیزیکیشیان پێ رەوا نەدەبینی، واتە ئەقڵو بیرکردنەوەی ئەقڵانی لای قورەیشییەکان بەهیچ شێوەیک بوونی نەبوو، نەک هەرئەمە، بەڵکو بەپێی گوتەی قورئانی پیرۆزیش هەستەکانیشیان لەدەستدابوو کوێرو کەڕولاڵ بوون لەبەردەم دەنگی حەقیقەتو ئەقڵو بوونی خۆیاندا، تەنانەت تروسکاییەک ئومێد نەمابوو تائەو گەلە کۆمەک بکاتو لەزۆنگاوی نەزانین دەربازیان بکات، بۆیە راستەوخۆ هێزی پیرۆز دیتەناوەوەو لەرێگای ئاینەوە هەوڵدەدات ئاراستەیان بکاتەوەو لەنامۆبوونو کۆیلایەتیو نائەقڵانییەتو نەزانین رزگاریان بکات، واتە پرەنسیپی سەرەکی لەئاینی ئیسلامدا بریتیە لەگەڕانەوەی مرۆڤ بۆ سرووشتو بوونی خۆی، لەرووی ئەقڵو لۆژیکەوە گەر قوڕەیش کەمترین تروسکاییەک لەهێزی ئەقڵانی تێدابوایەو بیتوانیایە بەپێی پرەنسیپەکانی ئەقڵو بەرمەبنای بیرکردنەوەی رەسەن بوونو ژیانی خۆی رێکبخستایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هێزی پیرۆز نەدەهاتە ناوەوە ئەوکات نەئاینێک بوونی دەبوو نەپێغەمبەرێکیش پێویستی دەکرد کەببێ، کەواتە دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی ئایینیو بیرکردنەوەی ئەقڵانی رەسەن لەسەر یەک هێڵ کاردەکەنو هاوڕێکن، لەهەرجێگەیەک هەرکامێکیان هەبێ لەفۆرمە رەسەنەکەیاندا، ئەوا پێویست بەبوونی ئەویتریان ناکات، بەڵام بەداخەوە هەرزوو ئەم پرەنسیپە سەرەکیە لەناو ئایینی ئیسلامدا فەرامۆش دەکرێتو هەرچی بیرکردنەوەی نائەقڵانیە شوێنی ئەو پرەنسیپە رەسەنە ئەقڵانیەی ئایین دەگرێتەوەو ئایین لەفۆرمە باڵا ئەقڵانیەکەیدا دادەبەزێنرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر فۆرمە بازاڕییەکەی ژیانی رۆژانەو دواجار لەگوتارێکی ئەقڵانییەوە بۆ گوتارێکی فیقهی دەگوازرێتەوە، دواتریش ئەو

> بیرکردنەوەی ئایینیو بیرکردنەوەی ئەقڵانی ڕەسەن لەسەر یەك هێڵ کاردەکەنو هاوڕێکن، لەهەرجێگەیەك هەر کامێکیان هەبێ لەفۆرمە ڕەسەنەکەیاندا، ئەوا پێویست بەبوونی ئەویتریان ناکات

فۆرمو گوتارە نائەقڵانیە راستەوخۆ پاش کۆچیدوایی پێغەمبەر (د.خ) دەبێتە سەنتەرو پاشان لەدەسەڵاتی خەلیفەکانی دوای پێغەمبەردا زیاترو زیاتر شێوەی خۆی وەردەگرێت هەتا دەگاتە عوسمانیەکان.

گەر سەرنجێکی خێرا لەم مێژووە بدەین دەبینین چەمکی دەوڵەتو حوکمکردنی ئایینی کە لەئایینی ئیسلامدا هاتوەو باسکراوە، کراوە بەپاساوێک بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی ناعەدالەتی خۆیان، واتە چەمکی دەوڵەتو حوکمکردنی ئایینی بەدرێژایی مێژووی ئەم ئایینە بووە بەبنەماو خودی پەیامو حەقیقەتو پرەنسیپو ئامانجی ئایین خراوەتە پەراوێزەوە، هەر ئەو شەڕو کوشتارەی بەدرێژایی مێژووی ئەم ئایینە روویانداوە بەتایبەتی شەڕو کوشتارە ناوخۆییەکان لەسەر ململانێی دەسەڵات لەنمونەی شەڕەکانی جەمەلو سەفین کە هاوەڵانی پێغەمبەریش بەشێک بوون لەم شەڕانە گەواهیدەری ئەم راستیەن کەچۆن ئایین دەکرێتە غەریزەی گرتنەدەستی دەسەڵاتو حوکمکردنی بێبنەما، لەهەر حاڵەتێکیشدا گەر ئەقڵ ویستبێتی کاری خۆی بکات لەناو ئایینەکاندا، ئەوا هەر زوو لەلایەن غەریزە پەرستانو عاشقانی دەسەڵاتی ناڕەسەنی ئایینیەوە جۆرەها ناووناتۆرەیان بۆ هەڵبەستون، تا لەکۆتاییدا تۆمەتبارکراون بەتاوانێک دژی خەلیفەو دەسەڵاتو حوکمەکەیو سزای مەرگیان بەسەردا جێبەجێ کراوە، واتە ئەمانە لەبری عەدالەتی خوایی ستەمکاریان کردوە بەبنەمای حوکمکردنی خۆیان، کێشەکە لەوەدایە ئەم بیرکردنەوەیە سەراپای دامەزراوەی ئایینی داگیرکردوەو ئەوەی کەهەیە لەدەرەوەی ئەم هەیمەنە ستەمکاریە تەنها چەند دەنگێکی کەمبوونو ئەوانیش لەپەراوێزدا شوێنی خۆیان گرتوە.

بەڵام گەر سەیری رۆژئاوا بکەین دەبینین پاش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی چەقبەستوی کڵێسا، ئەم دەسەڵاتە هەروا وازی لێناهێنرێتو ناخرێتەلاوە، بەڵکو خوێندنەوە بۆ ئەم دەسەڵاتە دەکرێتو تا لە دواجاردا ریفۆرمستێکی وەک (مارتن لۆسەر) لەدەرەوەی دەسەڵاتی کڵێسای کاسۆلیک، کڵێسای پرۆتستانتی دادەمەزرێنێت، دواتریش ئەمانە سەرکەوتو دەبن لەوەدا کە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئایینی مەسیحی ئەوانەی لەگەڵ چەقبەستوویو ستەمکاریدا نین بگوازنەوە بۆ ناو دەوڵەتو دەسەڵاتی مۆدێرنی پاش حوکمی کڵێسا، لەئێستادا مەسیحیەتو دەوڵەتی مۆدێرن لەرۆژئاوا شان بەشانی یەک ئامادەییان هەیە بەبێ ئەوەی کەسیان ئەویتر رەدبکاتەوەو بیکاتە دەرەوەی بازنەوە، چونکە ئەوەی کەئایینی مەسیحی دەیخوازێت وەک پرەنسیپ هەر ئەوەیە کە لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا خۆی مانیفێست دەکات، تەنانەت لەهەندێک وڵاتدا دەبینین حیزبی مەسیحی حوکمی دەوڵەتێکی مۆدێرن دەکاتو لەو روانگەیەشەوە کێشەیەک سەرهەڵنادات.

لەسەردەمی عوسمانیەکاندا ئایینی ئیسلام ئەوەندە سادە دەکرێتەوە تادەبێت بەتەنها رەمزێک بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتو حوکمکردنو ئەم حوکمکردنەش پشتاوپشتو وەک میرات بۆ خەلیفەو سوڵتانەکان دەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی ئەم خەلیفەو سوڵتانانە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام دەبنە خراپترین فۆرمێک بۆ حوکمکردنی ئایینو کۆکردنەوەی دینو دەوڵەت پێکەوە، پاش کۆتاییهاتنی حوکمی کەنسەرڤەتیڤی خەلیفەکان لەسەر دەستی ئەتاتورکو چەندساڵێک دواتر بەرمەبنای میراتی نائەقڵانییەتی حوکمی خەلیفەو سوڵتانەکان حەسەن بەننا پاش ئەویش چەند کەسانێکی تر دێنو لەهەوڵی گەڕاندنەوەی حوکمی خەلافەتو کۆکردنەوەی جارێکی تری دینو دەوڵەت دەبن پێکەوە، ئەمجارەیان لەسەر زەمینی عەرەب، بەڵام لەسەرهەمان ستایلو فۆرمی ناتەندروستی خەلیفەو سوڵتانەکان.

فۆرمی تێکەڵکردنی ئایین بەسیاسەت پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەو فۆرمەیە کە حەسەن بەننا کاری لەسەرکرد لەپێناو گواستنەوەی پڕاوپڕی دەسەڵاتی خەلیفایەتی، کێشەی حەسەن بەنناو ئەوانەی ئەم فۆرمەیان دامەزراند

> ئەم ڕەوتە سیاسیە ئایینیە بەدرێژایی مێژووی خۆی نەك هەر نەیتوانی ئیمپراتۆریەتێك بونیادبنێتەوە، بەڵكو تەنانەت نەیتوانی بەو ئەقڵەوە حوكمی تەنها وڵاتێكیش بگرێتەدەست

ئەوەبوو کەپێچەوانەی ریفۆرمیستە مەسیحیەکان (بەلەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان ئایینی ئیسلامو مەسیحیەتدا هەیە) نەیانتوانی خوێندنەوەیان هەبێ بۆ دەسەڵاتو حوکمی خەلیفەکان، بۆیە بەهیچ شێوەیەک بەلای ئەو کێشانەدا نەچوون کەبوونەهۆی لەناوچوونو کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خەلیفەکان، بەڵکو ئەم ئەزموونەیان هەروەک خۆی گواستەوە بۆ ناو کاری حیزبی سیاسی ئیسلامیو بەئامانجی گەڕانەوەی حوکمی خواو دینو خەلافەت کەوتنە بانگەشەو کارکردن بۆ ئەم مۆدێلە سیاسیە ئایینیە.

بەڵام ئەم رەوتە سیاسیە ئایینیە بەدرێژایی مێژووی خۆی نەک هەرنەیتوانی ئیمپراتۆریەتێک بونیادبنێتەوە، بەڵکو تەنانەت نەیتوانی بەو ئەقڵەوە حوکمی تەنها وڵاتێکیش بگرێتەدەست، ئەم فۆرمە بووە هۆی ئەوەی کەئایین لەبەرچاوی گشت بخاتو حوکمی ئایین وەک هەرحوکمێکی تری ستەمکاری لێی بڕوانرێت، دواتریش هەر لەسەر ئەم بنەمایە چەندین رێکخراو گروپی توندڕەوی "ئایینی" سەرهەڵبدەنو ئەوەندەی تر ئایینو پرەنسیپە ئایینیەکان تیرۆرو پیسو بێمانا بکەن.

هەر بەم ئەقڵەوە ئەم رەوتە دێتە کوردستانو دواتریش چەند حیزبێکی سیاسی ئیسلامی لەسەر ئەم بنەمایە درووستدەبن بەئامانجی گەڕانەوەی حوکمی پەراوێزخراوی ئایین بۆ سەنتەری دەسەڵات، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەدا نەوەدوهەشتی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان موسوڵمانن، هەر لەسەرەتاوە ئەم حیزبانە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی نەوەدو دوودا نەیانتوانی رێژەی لەسەدا حەوتی دەنگەکان بەدەستبهێنن تابگەنە پەرلەمان، بۆیە هەرلەو سەرەتایەوە لەدەرەوەی پەرلەماندا شوێنی خۆیان گرت، ئەم رووداوە هیچکات ئەم حیزبانەی رانەچڵەکاندو ئەو پرسیارەی لادروست نەکردن کە ئاخۆ بۆچی ئەو رێژە کەمەی دەنگی موسوڵمانانیان بەدەستهێنا؟ ئایا موسوڵمانان رازی نەبوون بەحوکمی خوا یان ئەوەتا ئەو فۆرمە سیاسیەی کەئەوان کاری لەسەر دەکەن هەڵەیە ئیمکانییەتی قبوڵکردنو جێبەجێکردنی مەحاڵەو خودی ئەم فۆرمە ناکۆکە لەگەڵ ئایینداندا؟ لەزۆر حاڵەتدا لەگوتاریاندا وادەردەکەوتو دەیانوت ئەوە نەبوونی ئیمانو موسوڵمانی راستەقینەیە بۆیە ئەوان ئەو رێژە کەمەی دەنگیان بەدەستهێناوەو دەیانوت هەرێمی کوردستان سەلماندی لەسەدا پێنجی موسوڵمانە، ئەم گوتارە تائێستا بەکەمێک دەسکارییەوە لای ئەم حیزبانە بوونی هەرماوەو کاری لەسەر دەکرێت، بەبێ ئەوەی کەمترین خوێندنەوەیان هەبێت بۆ مێژووی حیزبایەتیو کەمینەبیانو پەراوێزکەوتنیان، ئایا ئەمە ئایینە کەئیمکانیەتی ئەوەی لێ براوە حوکمبکات یان لەئێستای مۆدێرندا وەزیفەی ئایین گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، یان لەپرەنسیپدا ناکرێت ئایین بەوشێوەیە نوێنەرایەتی بکرێت؟ لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا ئایین هەڵگری ئەو رەگەزەیە کەدەکرێ نوێنەرایەتی بکرێتو حوکمی لەلایەن گروپێکەوە بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنرێت لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا؟ بەلەبەرچاوگرتنی خودی ئایین وەک پرەنسیپو هەموو بنەما روحیو مرۆییەکان ئەوانەی کە لەبنەرەتدا ئایینیان لەپێناودا هاتوە دەتوانین بڵێین ئایین تواناو پێگەی خۆی لەدەست نەداوەو دەکرێ لەهەر ساتەوەختێکدا لەناو ئێمەدا بەیانی ماناکانی خۆی بکاتو بکرێتە پرەنسیپێک بۆ مۆدێلێکی باڵاترو چاکتری ژیان، بەڵام وەک نوێنەرایەتی کردنێکی راستەوخۆو حوکمکردنێکی تەقلیدیانە، وەک ئەوەی کەخەلیفەیەک یان حیزبێک دەیەوێت پێی هەستێت، ئەوا بێگومان ناکرێتو خودی ئایینیش ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێتو لەگەڵ بنەماگشتیەکانیدا هاوڕێک نایەتەوە ئەمەش بەمانای خانەنشینکردنی ئایینو خودا نایەت؟ گەر خودایەک لەوێ بێتو ئێمە بتوانین خانەنشینی بکەین ئیتر ئەوخودایە دەبێ چ خودایەکی لاوازو جێگەی بەزەیی ئێمەی مرۆڤو دروستکراوی بێت، ناکرێت خودایەکی لەو شێوەیە لەکاتێکدا دروستکەر مانبێتو چۆندەکرێت بتوانین بەسەریدا زاڵ بین، نەخێر خودا لەوێ نییە تابمانەوێ خانەنشینی بکەین، بەڵکو خودا لەناومان دایەو لێرەوەیە کەدەکرێ هەریەکێکمان بەیانکەری چاکەکانی ئەوبین.

حیزبی سیاسی ئایینی وەک ئەوەی کەخۆی حاڵەتێکی ناسرووشتییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تالەسەر ئەو ئەقڵییەتە کاربکاتو بیەوێ کەگەیشتە دەسەڵات بەو فۆرمە تەقلیدیە ئایینیەوە حوکم بکات، پێموانییە کەئەم ئەگەرە سەربگرێت، چونکە دەسەڵات لەئاییندا پرەنسیپ نییە، بەڵکو پرەنسیپی سەرەکی بوونو ژیانە بەپێی بنەما سرووشتیە مرۆییەکان، لەهەر شوێنێکدا گەر ئەم بنەما مرۆیانە بوونیان هەبوو، ئەوا وەک ئەوە وایە کە ئایین بوونی هەبێت بەپێچەوانەشەوە.

گەر ئەم حیزبانە بگەنە دەسەڵات، ئەوا راستەوخۆ رووبەروو دەبنەوە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی مۆدێرندا کەئەوان بەو ئەقڵیەتەوە هیچ چارەسەرێکیان پێنییە بۆیان، بۆیە لەدواجاردا بەشکستی خۆیان کۆتایی دێتو ئەم شکستەش راستەوخۆ لەلایەن ئەوانی ترەوە بەکەمتواناییو شکستی ئایین وێنا دەکرێت، ئەمەش هۆکاری ئەو رەدکردنەوە هەمیشەیەی حوکمکردنی حیزبی ئایینیە کە لەلایەن بەرامبەرەکانیانەوە لەبەرەی عەلمانیدا بەردەوام دەخرێتەروو، شکستی حەماس لەفەلەستینو ئەزموونی سەرکەوتووی پارتی دادوگەشەپێدان لەتورکیا نموونەی دوو هێزن کەدەکرێ چاویان لێ بکرێتو لەشکستو سەرکەوتنەکانیان کەڵک وەربگیرێت، حیزبە تەقلیدیە ئیسلامیەکانی ئێرەش گەر فریای ریفۆرمی گوتارو ئەزموونی حیزبایەتیو دونیابینیان بۆ ئایین نەکەونو تێڕوانینیان بۆ چەمکی دەوڵەتو سیاسەتو حوکمکردنی ئایینی نەگۆڕنو خۆیان وەک حیزبی مۆردێرن رێکنەخەن، ئەوا هەر لەپەراوێزدا شوێنی خۆیان دەگرنو لەنێو خاڵەکانی بازنەیەکدا بەردەوام لەخولانەوەدا دەبن.



دەسەڵات شوێنی بەیانکردنی حەزە غەریزییەکان

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن: ئیدریس عومەر

جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

ژمارە (٣٤)
ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ٢٠١٠/٦/٢

هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم، تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٤٧٧١ - ٠٥٣٣١٨٧٨١١
www.destur.net
info@destur.net

# منداڵ

پاشکۆی ڕۆژنامەی دەستوورە، تایبەت بە ڕۆژی جیهانی منداڵان

- منداڵانی ئێشکەر ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە
- جیابوونەوەی خێزان منداڵان باجەکەی دەدەن
- تاوەکو منداڵی ئێشکەر زیادبێت، تاوانی منداڵ زیاددەکات
- منداڵانی گوندەکان نازانن ڕۆژی جیهانی منداڵان چییە







ریکلام




www.arsivakurdi.org